KURDISTAN




# نەورۆزی خاکی پۆشان

## مەتەرێزی شوناسخوازی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:


١- "نەورۆزی خاکیپۆشان" لە بزووتنەوەی نەورۆزی کوردستاندا........................................ سمایل شەرەفی ..... ٤

٢- خاکیپۆشی و "نەورۆزی خاکیپۆشان" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان................................... قادر وریا ..... ٧

٣- نەورۆز، بەڕۆژەڤکردنەوە لێکگرێدانی گێڕانەوەی وجوودیی کورد.................................. تەها ڕەحیمی ..... ١١

٤- بۆ خاکیپۆش؟ بۆ نەورۆز؟................................................................ ئەلبورز ڕوویین‌تەن ..... ١٥

٥- سێیانەی نەورۆز، جامانە و جلی خاکی............................................ دڵشاد هەورامی ..... ١٨

٦- نەورۆز وەک بزاڤێکی ڕزگاریخوازانە.................................................. شەماڵ تەرغیبی ..... ٢٣

٧- نەورۆزی کوردستان و پەیامەکانی.................................................... هەردی سەلیمی ..... ٢٥

٨- ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، وێنایەک لە ماریفەتی کۆمەڵگەی کوردستان............................ سمایل شەرەفی .... ٢٨

٩- هێما نەتەوەییەکانی کورد لە نەورۆزدا................................................ حەسەن قارەمانی ..... ٣١

١٠- لە ئاوارەیەکی دووره وڵاتەوە بۆ نەورۆزی خاکی‌پۆشان.......................................... هاشم ڕۆستەمی ..... ٣٤

١١- پەیامی نەورۆزیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەبۆنەی دەسپێکی ساڵی نوێی خەبات و تێکۆشان...................... ٣٧

١٢- پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(بە بۆنەی جێژنی نەورۆزی ١٤٠٤ی هەتاوی)................................................................................................ ٤١

١٣- نەورۆزی خاکیپۆشان، مەتەریزی شوناسخوازی!............................................. جەماڵ فەتحی ..... ٤٦

١٤- خاکی‌پۆشی خاک‌پارێز...................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ٤٩

١٥- نەورۆز و خەبات بۆ ناسنامە.......................................................... بێهزاد قادری ..... ٥٢

١٦- نەورۆزی خاکی‌پۆشان، پشتئەستوور بە بنەماکانی بزووتنەوە فکری و جەماوەرییەکان...... ناسر ساڵحی‌ئەسڵ ..... ٥٥

١٧- نەورۆزی ورمێ و چەند سەرنجێک........................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ٦٠

١٨- گۆڕەپانی نەورۆز.............................................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ٦٣

١٩- لە پەراوێزی بەیاننامەی ٨٠٠ بەناو ڕووناکبیرەکەدا........................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ٦٦

٢٠- وەڵامێک بۆ نیگەرانیی نووسەران، ئەکادیمیست و ئایدۆلۆژیستەکانی ئێران ٨٠٠ کەسی....... حەسەن قارەمانی ..... ٦٩

٢١- عیرفان ڕەهنموون: ئاگایی نەتەوایەتییە کە بەرنامە و ڕێکاری خەباتکارانە دادەڕێژێ و دەتوانێ نەتەوەی ستەملێکراو بە ڕزگاری و ئازادی شاد بکات.................................................. وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٧٥




سەرچاوە
Serchawe

٢٢- نەورۆزی کوردستان؛ ڕۆحی بەرخودان............................................................ هەردی سەلیمی ..... ٨١
٢٣- دەسەڵات و ئایدۆلۆژیای زمانی لە ڕاگەیەنراوی هەڕەشەیی ٨٠٠ نوخبەی ئێرانیدا............ د. ڕەحیم سورخی ..... ٨٣
٢٤- نەورۆزی یەکگرتن.............................................................................. دیاکۆ ع. بۆکانی ..... ٨٩
٢٥- لە نەورۆزی کوردستانەوە تا پێنووسی عومان........................................ سەربەست ئورمیە ..... ٩٣
٢٦ خاکیپۆشی دەبێتە یۆنیفۆرمی سەربازیی کورد لە ڕۆژهەڵات.................................. ڕێباز مەریوانی ..... ٩٧
٢٧- پەیامی پشتیوانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەورۆزی خاکیپۆشان...................... ٩٩
٢٨- پەیامی پشتیوانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نەورۆزی خاکیپۆشان.......................... ١٠١
٢٩- پیرۆزبایی جێژنی نەورۆزی خاکیپۆشان و جامانە و هەوری لە ملان..................... حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ١٠٣
٣٠- نەورۆزی خاکیپۆشان و دژبەرانی........................................................ کاروان موکریانی ..... ١٠٥
٣١- نەورۆزی خاکیپۆشان................................................................... پدرام سولێیمانی ..... ١٠٩
٣٢- بەیەکەوە بۆ نەورۆزێکی نیشتمانی.................................................. نەسرین یوسفزادە ..... ١١٣
٣٣- خاکیپۆشی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەی برەوی پەیدا کردو، نەشعەت و سەرچاوەکەی چی بوو؟........................
........................................................................................ ئەحمەد مەکلاوەیی ..... ١١٥
٣٤- خاکیپۆش. شێعر........................................................................ ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ١١٨
٣٥- هۆنراوەی ڕابوون ڕۆژهەڵات............................................................ گیاڕەنگ ..... ١٢٠
٢٦- لە نەورۆز ترسان..!؟؟!............................................ پرۆفیسۆر دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن ..... ١٢٢
٣٧- نەورۆزی خاکیپۆشان لە بەشێک لە میدیاکانەوە.................................. ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی .... ١٢٨





سەرچاوە
Serchawe

## "نەورۆزی خاکیپۆشان" لە بزووتنەوەی نەورۆزی کوردستاندا!



سمایل شەرەفی

نەورۆز کە لە نێو بەشێک لە گەلانی ناوچەکەدا بایەخ و مانای تایبەت بە خۆی هەیە و لەگەڵ نوێبوونەوەی سرووشت و سەری ساڵی نوێدا بە شێوازی جۆراوجۆر پێشوازی لێدەکرێ، بۆ کورد و لە کوردستانیش بۆنەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە. نەورۆز لە دێرزەمانەوە لە کوردستان لە ڕێورەسم و بە ڕەفتاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و کلتووری پێشوازی لێ کراوە و دیاردە و بۆنەیەکی تازە و هاوچەرخ نیە.

لە یەک دوو دەیەی دوایی‌دا نەرۆز لە کوردستان بۆ خەڵکی ئەم نیشتمانە کەونارە کە بەداخەوە تا ئێستاش سیاسەتی ئینکار، سەرکوت و دوژمنایەتیی ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی بەسەردا زاڵە، بۆتە دەرفەتێکی خەباتکارانە و چیدیکە تەنیا بۆنەیەکی کلتووری نیە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەرەتای دەیەی ٩٠ی هەتاوییەوە، نەورۆز بە شێوەیەکی جەماوەری، ڕێکخراو و ئامانجدار لە چوارچێوەی ڕێورەسمی تایبەتدا پێشوازی لێ دەکرێ و بەڕێوە دەچێ. گەشە و پەرەگرتنی چالاکیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کوردستان و چێبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە بنیاتنانی ڕەفتار و هەڵسووکەوتی جەماوەری و گشتی لە کۆمەڵگەی



سەرچاوە Serchawe

کوردستاندا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، لە ڕێکخستنی ڕێورەسمە جەماوەرییەکانی نەورۆزیشدا کاریگەری و شوێنەواری تایبەت بە خۆی هەبوو.

لە دوای بەڕێوەچوونی یەکەم ڕێوڕەسمی جەماوەری کە لە نەرۆزی ١٣٩١ی هەتاوی لە شاری ڕەبەت بەڕێوەچوو، ساڵبەساڵ ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز گشتگیرتر، ڕێک و پێکتر، پڕنێوەرۆکتر و ئامانجدارانەتر بەڕێوەچوون. بەشداریی خەڵک لە ڕێوڕەسمەکاندا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەی سەند، چالاکانی مەدەنی کە زۆرترین ئەرکی پێکهێنانی ڕێوڕەسمەکانیان لەسەر شان بوو، چوارچێوەیەکی ڕێکخراو و مونەزەمیان بە ڕێوڕەسمەکان بەخشی، بەشداریی کەسایەتییەکانی کوردستان، بایەخی ڕێوڕەسمەکانی بەرز کردەوە، بەشداریی ژنان و کچانی نیشتمان و ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکاندا کاریگەریی لەسەر جەماوەریبوونیان دانا، سەرنجی میدیاکان و بڵاوکردنەوەی ڕێوڕەسمەکان لە میدیا کوردییەکان، بەتایبەت میدیاکانی حیزب و کوردکاناڵ شوێنەواری تایبەتی لەسەر هاندانی خەڵک بۆ بەشداریی لە ڕێورەسمەکان دانا، هەڵبەت هەستیاربوونی کۆماری ئیسلامی و قەڵسەگێڕانی ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە بەڕێوەبەران و بەشدارانی ئەم ڕێوڕەسمانە، خەڵکی لە درێژەدان بە بەرینترکردنەوەی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان سوورتر کرد.

مانا بەخشین بەم ڕێوڕەسمانە و پەیامەکانی، یەکێک لە دڵنیگەرانییەکانی بەڕێوەبەران و بەگشتیی خەڵک بوو، کە چۆن بتوانن لەم کارنەڤاڵە جەماوەرییە بەردەوامە بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان ڕوو بە دەسەڵات و نەیاران و هەروەها خاوەندداریتی لە شوناسی خۆیان کەڵک وەربگرن. ئەو کاتە بوو کە ناو و هێماکان هاتنە ئاراوە.

"نەورۆزی پێکەوەبوون" کە بۆ یەکەمجار ئەم ناوە لە نەرۆزی ١٣٩٥ و لە ئاوایی نییەری قارەمانپەروەر و لە چوارچێوەی پۆستێریکی گەورەدا کەڵکی لێ وەرگیرا. پەیامەکە یەکێتی و یەکریزی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و بۆ هەردوو باڵی حیزبی دێموکرات(حدک و حدکا) بوو کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەم لەنێو خەڵک و هەم لەنێو ریزەکانی حیزبدا هەبوو.

لە نەرۆزی ساڵی دواتردا، واتە نەرۆزی ١٣٩٦ی هەتاوی و لە لایەن کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنییەوە ناوی "نەورۆزی جامانەکان" لە سەر نەورۆزی ئەو ساڵە نراو و داوا لە خەڵک کرا کە بە جامانەوە بەشداریی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان بکەن کە دواتر بە ئیبتکار و داهێنانی کۆمەڵێک لە کچان و ژنانی هوشیار، کەڵک وەرگرتن لە "هەوری"یشی پێ زیاد کرا. نەرۆزی ٩٦ یەکێک لە نەورۆزە تایبەتەکانی کوردستان بوو؛ لە زۆربەی شار و ئاواییەکانی کوردستان خەڵک بە هەوری و جامانەوە بەشدارییان تێدا کرد و لە پڕنێوەرۆکترین و ڕێکخراوترین ڕێوڕەسمەکان بوو.

تا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا هەموو ساڵێک ڕێوڕەسمەکان بەوپەڕی ڕێک وپێکییەوە بەڕێوە دەچوون؛ ڕێوڕەسمەکان بەرین و بەرینتر دەبوونەوە، هێماکانی جامانە، هەوری و گوڵی سوور پڕڕەنگتر لە جاران کەڵکیان لێ وەردەگیرا و یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ڕوونی بە ڕێوڕەسمەکانەوە دیار بوو. چیدیکە ڕێوڕەسمەکان تەنیا لە چەند ڕۆژی پێش نەرۆز و دوای نەرۆزدا قەتیس نەمانەوە، ساڵی وابووە بۆ ماوەی یەک مانگ و زیاتریش هەر لە نێوەڕاست مانگی

ڕەشەمەوە تا دوای سێزدەبەدەری یەک مانگی بەهار ڕێوڕەسمەکان هەرجارە و لە شوێنێک بەڕێوەچوون.

دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا لە خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی و بە هۆی شەهیدبوونی زیاتر لە ١٥٠ کەس لە کچان و کوڕانی نیشتمان بە دەست هێزە سەرکوتکەر و بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نەرۆزی ١٤٠٢ی کوردستان لە ماتەمینێکی مانادار و بە بەشداریی خەڵک لە سەر گڵکۆی شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا و سەردانی بنەماڵەی شەهیدان بەڕێ کرا. بەڵام لە نەرۆزی ١٤٠٣ی هەتاویدا خەڵکی کوردستان وێڕای بەشداریی بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا، پڕماناترین ڕێوڕەسمەکانیان بەڕێ کرد. لەگەڵ ئەوەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان کەوتە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، بەڵام خەڵکی کوردستان لە درێژەی ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا و شان بە شانی بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوەکە، لە دەیان شوێنی ئەم نیشتمانە ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە نەورۆزیان بەڕێوە برد و پەیامی "لەسەرپێ"بوونی خۆیان و کوردستانیان بە گوێی دوژمن دا دایەوە. هێماکان زیاتر لە جاران لە ڕێوڕەسمەکاندا بەرچاو دەکەوتن، بەشداریی ژنان و کچانی وڵات کە لە بزووتنەوەی ژینادا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا، پڕڕەنگتر لە ساڵانی پێشوو بوو، یەکگرتویی خەڵک و یەکڕیزییان ببووە وێردی سەر زمانان و دوژمن سەری لە "بزووتنەوەی نەرۆزی کوردستان" سووڕ مابوو.

ئەمساڵ کوردستان پەیامێکی تایبەتی پێیە؛ پەیامەکانی ڕوونتر و ڕاشکاوانەترن، هێماکان بە مانا و پەیامی تایبەتەوە دێنە گۆڕێ. ناوی نەورۆزی ئەمساڵ لە قوڵایی باوەڕ و ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە. پێش لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، لاوانی دەروەست و هوشیاری گەل بە لەبەرکردنی جل و بەرگی خاکی، ناوکی ناوی نەرۆزی ئەمساڵیان بڕی و ناوی "نەورۆزی خاکیپۆشان"یان لەسەر نا.

خەڵکی کوردستان، ژنان و پیاوان و کوڕان و کچانی دڵ پڕ لە هیوای نیشتمان لەمێژە کەواپانتۆڵی خاکی و جل و بەرگی ئالاوواڵا و جەمانە و هەوریبەکانیان ئامادە کردوە بۆ بەشداریی لە ڕێوڕەسمەکانی "نەرۆزی خاکیپۆشان"، بۆ ئەوەی لەم بزووتنەوە شوناسخوازانەیەدا یەکگرتووانە وێڕای بەرگری لە کلتوور و شوناسی نەتەوەیی خۆیان، پەیامی یەکگرتوویی گەل و لەسەرپێ مانەوەی کوردستان بە گوێی دوژمن دا بدەن.

بزووتنەوەی نەرۆز لە کوردستان لە نەورۆزی خاکیپۆشاندا چەند هەنگاوێکی مانادار دەچێتە پێش و لە بزووتنەوە گەورە نەتەوەییەکەدا بە جوانی دەدرەوشێتەوە.

٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## خاکیپۆشی و "نەورۆزی خاکیپۆشان" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان




قادر وریا

لەبەرکردنی جلوبەرگی پێشمەرگانە لەلایەن لاوانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە نەک هەر کوڕان، بەڵکوو کچانیشی (بە ڕێژەیەکی کەمتر) گرتووەتەوە، بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر پەرەی گرتووە. لە چەند بۆنەدا بە تایبەتی زەماوەندەکان، جێژنی تەواوبوونی خولەکانی فێرکردنی زمانی کوردی و ڕێوڕەسمی نەورۆزی، ئەم دیاردەیە بەرچاوتر بووە. لە درێژەی گەشەکردنی ئەم دیاردەیەدا، ئەم ساڵ شایەدی ناودێرکرانی نەورۆز بە "نەورۆزی خاکیپۆشان" و پێکهاتنی کۆبوونەوە و ئاهەنگە نەورۆزی یەکان لە ژێر ئەم ناوەداین. بۆ باشتر تێگەیشتن لەم دیاردە و لێکەوتەکانی و، تەعامولی دروستی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، چالاکانی سیاسی، کەلتووری و میدیایی لەگەڵ ئەم دیاردەیە،

**جێی خۆیەتی سەرنج بدەینە ئەم خالانە:**

١- خاکیپۆشی و ناودێرکردنی نەورۆزی ئەم ساڵ بە "نەورۆزی خاکیپۆشان" هەڵقوڵاوی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، چالاکانی کولتووری و بەشدار لە بزووتنەوەی ناسنامەخواز و ناسنامەپارێزی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایانهێناوە. ئەم

دیاردەیەو لێکەوتەکانی تایبەت بەناوچەیەکی دیاریکراو نین؛ بەخۆشییەوە لەهەموو پارێزگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبیندرێت، لەهێندێک ناوچە پێشینەیەکی زیاتری هەیە، لە هێندێک ناوچەش تازەیە.

٢- ئەم دیاردەیە بەرهەمی بڕیاری حیزب یان ڕێکخراوێکی سیاسیی دیاریکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نییە. ئەو کەسانەی بە جلوبەرگی خاکییەوە لەو بۆنە نەتەوەیی و کولتوورییانەدا بەشدار دەبن، کەسانی وایان تێدایە کە پێوەندییان بە حیزب و ڕێکخراوێکی تایبەتەوە نییە؛ تێشیاندایە لایەنگری لەیەکێک لەو حیزبە سیاسییانە دەکەن کە هی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. جا لەوانەیە لایەنگری یەکێک لە حیزبەکان، لەوی دیکە زیاتر، یان کەمتر بێت.

٣- هەڵبژاردنی جلوبەرگی خاکی، نەک هەر لە ڕووی ڕەنگەکەی، بەڵکوو لە ڕووی فۆرمەکەشی، ڕێزگرتن لە پێشمەرگەی کوردستان و خەباتەکەیەتی. لەمەشدا، مەبەستیان پێشمەرگەی لایەنێکی تایبەت نییە. پێشمەرگە وەک هێمای خەباتێکی دەیان ساڵەی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دژی ستەمکاریی ڕێژیمە دژ بە کوردەکان، چاوی لێکراوە و چاوی لێدەکرێت.

٤- پێشمەرگە یەک لە خۆشەویستترین هێماکانی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانە و هەڵبژاردنی جلوبەرگی ئەو هێمـا خۆشەویستە لە لایەن خاکیپۆشانەوە، دووپەیامی ڕوونی تێدایە.

**پەیامی یەکەم ڕوو بە ڕێژیمی ئێرانە.** پەیامەکە ئەوەیە کە پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆشەویستی ئێمەن و لە ئێمەن؛ ئێمە شانازی بەوانەوە دەکەین. هەر یەک لە ئێمە لە کاتی پێویستدا ئامادەین جێگای ئەوان بگرینەوە.

**پەیامی دووهەم بۆ هەموو ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی خاوەن پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.** ئێوە کە دەیان ساڵە خەبات دەکەن و قوربانی دەدەن، بە تەنیا نین؛ ئێمە وەک لاوانی وشیار و بە هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

پشتیوانتانین. ئامانجەکانی خەباتەکەی ئێوە، ئامانجی ئێمەشە و ئامادەین لێرە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک پێشمەرگەیەکی خاکیپۆش، ئاڵاهەڵگریان بین.

٥- ئەم قسەیە کە ناودێرکردنی نەورۆز بە "نەورۆزی خاکیپۆشان"، وەلانانی ڕەنگەکانی دیکە، پێشگرتن بە ڕەنگاورەنگی، یان داشاردنی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یە، لەجێی خۆیدا نییە. هەر لە جێدا ناکرێ هەموو کەس جلوبەرگی پێشمەرگانەی خاکی لەبەر بکا. داپیرەیەک، یان ئەو هەمووە کیژ و خانمەی لە شار و دێهاتی کوردستان دەژین، هەر



سەرچاوە Serchawe

مەعقووڵ و گونجاو نییە، داوایان لێ بکرێت ڕەنگەکانی دیکە وەلا بنێن و هەموویان خاکیپۆش بن. هەر جوانیش نییە هەموویان یەک ڕەنگیان لەبەردابێت. داوا و چاوەڕوانییەکە بە تێگەیشتنی من ئەوەیە کە بەرگێک و ڕەنگێک کە ڕوو بە ڕێژیمی ئێران واتادارە، واتای کۆڵنەدان و بەچۆک دانەهاتن، واتای مافخوازی، واتای هاوپێوەندی لەگەڵ پێشمەرگە و خەباتکارانی کوردستانی هەیە، دیارترین جلوبەرگ و چالاکترین ڕەنگ بێت. هەر بەشداری و پێشوازیی کچان و ژنان لەو خاکیپۆشییە و لە خاکیپۆشان، دەیسەلمێنێت کە باوەڕ بە "ژن، ژیان، ئازادی" بە کردەوە لەم شێوە خەباتەشدا ڕەنگی داوەتەوە. دەیسەلمێنێت کە لە ڕوانگەی ژنانی کوردستانەوە، هەر خاکیپۆشێک، هەڵگری دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یە.

٦- دژایەتیی ئەندامان و لایەنگرانی هێندێک ڕێکخراو، یان هێندێک چالاکی سیاسی و میدیایی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ ناودێرکردنی "نەورۆزی خاکیپۆشان" و دیاردەی خاکیپۆشین بەرهەمی بە هەڵە تێگەیشتن لەم دیاردەیە و لەم ناودێرکرانەیە. هەر بەم جۆرەش، هەوڵی هێندێک ئەندامان و لایەنگرانی حیزبێکی دیاریکراویش، بۆ ئەوەی مۆرکی حیزبی لەم حەرەکەتە بدەن، هەڵەیە. ئەم کارە هەم لە ڕووی ئەمنییەتییەوە دروست نییە، هەم زیان بە گشتگیر بوونی زیاتری حەرەکەتەکە دەگرێت و دەبێتە هۆی خۆبواردنی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە لە پشتیوانیکردنی نەورۆزی خاکیپۆشان.

٧- حاشا لەوە ناکرێت کە حیزبی دیموکرات نەک لەم ساڵانەدا بەڵکوو لە درێژایی مێژووی خۆیدا، پتر لە هەر ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بایەخی بەو پرسە کولتوورییانەی خەڵک داوە کە پێوەندییان بە ناسنامەی نەتەوەیی ئەوانەوە هەیە، وەک فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی، کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکان، جلوبەرگ و هەڵپەڕکێی کوردی، جێژن و بۆنە نەتەوەییەکان بە تایبەتی نەورۆز، هاندانی گیانی هاوپێوەندی و پشتی یەکتر گرتنی خەڵک لە کاتی ڕووداوی کارەساتە سروشتییەکان، ئاگرگرتنی دارستانەکان و...هتد. ئەمەش شتێکی سەیر نییە، پێکهاتەی حیزبی دیموکرات و بنکە کۆمەڵایەتییەکەی، جەماوەرییە و، چییەتیی ئامانجەکان و خەباتەکەشی نەتەوەیی و ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزییە. بۆیە سروشتییە کە ئەم حیزبە کاریگەریی زیاتری لەسەر ئەو شێوە خەبات و تێکۆشانانەی خەڵک لەنێوخۆدا هەبووە. زۆر نارەوا و هەڵە دەبێت، ڕێکخراوێکی سیاسی، یان ڕووناکبیر و چالاکێکی کەلتووری سەبارەت بەم ڕاستییە، بەرامبەر حەرەکەتێکی گشتی و جەماوەریی دژ بە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر، گارد بگرن و بە بیانووی جۆراوجۆر بکەونە دژایەتیکردنی.

٨- ئەم قسەیەش کە ناوی"خاکیپۆش" لە ئەدەبیاتی ڕێژیم بۆ پاسدار و بەسیجی و چەکدارەکانی دیکەی وەرگیراوە، ناتوانێت پاساوێکی بەهێز بۆ دژایەتیی ئەم دیاردەیە و ئاهەنگە نەورۆزییەکان لە ژێر ناوی "نەورۆزی خاکیپۆشان"دا بێت. جگە لەوەی ئەو وشەیە نزیکەی ٦٠ ساڵ لەمەوبەر (*) لە شێعری کوردی و هەر وەک ئاماژە بۆ پێشمەرگە بە کار هاتووە، هەر لەجێدا ناکرێت بەکارهێنانی هێندێک وشەی زمانەکەمان لە خۆمان قەدەغە بکەین چونکە گۆیا دوژمنانی ئێمە بەکاریان

هێنـاوە. وشـەی پێشـمەرگە (دیـارە بە ئاوەڵنـاوی موسـوڵمانەوە)، شـەهید، خەبـات، خەبـاتگێڕ، شـۆڕش، شۆڕشگێڕ و دەیـان وشەی دیکە لە ئەدەبیاتی کۆماری ئیسلامیدا بەرچاو دەکەون. ئایا دەکرێت بەکارهێنانیان لە خۆمان قەدەغە بکەین؟


(*) بڕوانە دیوانی "بۆ کوردستان"ی هەژار موکریانی، شێعری "چۆن جێژنە ئەگرین"( ١٩٦٨ نووسراوە)، لاپەڕەی ٣٠٣.

١٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## نەورۆز، بەڕۆژەڤکردنەوە لێکگرێدانی گێڕانەوەی وجوودیی کورد




**تەهای ڕەحیمی**

ڕەنگە لایەنە بەرهەستەکەی چەمکی نەتەوە دوارەهەند کۆتایی پرۆسەی هێمۆجێنەیشنی کۆمەڵە خەڵکێک بێ. ئەم دیاردە کۆمەڵایەتی- سیاسییە ڕەهەندە دەرهەستەکانی زۆر زیاتر و بەرچاوتر و گرنگتر و تەنانەت لە بەدیهێنان یان گوورانی دیاردەکەدا دیاریکەرترن.

یەکێک لەو توخمە دەرهەستانەی ڕۆڵێکی بنەمایی لە بیچمگرتنی نەتەوەدا دەگێڕێ گێڕانەوەیە (نەرەیشن). گێڕانەوە دەرخەری وشیاری، دەسەڵاتی کۆمەڵە خەڵکێک و هەروەها وێنای یەکخستنی نەوەکانی داهاتووی نەتەوەیەکی دیاریکراون. بەو واتایەی گێڕانەوە پێناسەی خۆ (کۆمەڵ) لە بەرانبەر سروشت و دەوروبەر و هەروەها بناخەی دیاریکردنی پۆزیشەنی "خۆ" دە بازنەی گەردوونداپە بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە. هەروەها ئەوە دەسەڵاتی تێگەیشتن لە خود و دەورووبەر و دیاریکردنی پێوەندییە بەرانبەرەکان یان بەگشتی هەستکردن بە خۆیە کە گێڕانەوە دەمەیەنێ. هەر ئەمەش وا دەکا داگیرکەران و کۆلۆنیالیستەکان یەکەم شت کە لە پرۆسەی داگیرکاریدا دەستیان بۆ بردبێ، هەڵبەستن، گێڕانەوەی درۆیین و کلۆڵە، هەتا بە داماڵینی ئەم وشیارییەی دە گێڕانەوەدا توێی گرتوە، دەسەڵات و سەروەری لە پێکهاتەیەک زەوت کەن و

وێنای داهاتووی نەوەکانی بەگوێرەی ویست و بەرژەوەندیی خۆیان بنووسنەوە.

لەڕاستیدا بە شێواندنی گێڕانەوەکانی نەتەوەیەک، داهاتووی ئەم نەتەوەیەش دەشێوێ. چونکی ئەگەر گێڕانەوە تێگەیشتن و جیهانبینی مرۆڤ بێ لە خۆی و دەورووبەری، ئەم تێگەیشتنە دەبێتە بناخەی پێناس و بە تێپەڕینی کات ئاوەز و هزری کۆمەڵگەی لەسەر کەڵکە دەبێ و دواجار کانشێسنیسی نەتەوەی لەسەر پڕ دەبێ، ئەگەر بناخەی ئەم کانشێسنێسە بناخەیەکی بەلاڕێدابراو بێ، چینەکانی ئێستا و داهاتووی تێگەیشتن و هزرینی نەتەوە ناتەبا دەبن بە ڕابردووی و لە ئاکامدا ناتەبایی ئایدێنتێتی یان خۆبەسووکزانین لە هەناوی کۆمەڵگەدا ڕوو دەدا و نەتەوە بەرەو پووکانەوە دەبا.

نەتەوەی کورد بەهۆی بندەستیی و داگیرکراوبوونی لە هەموو پارچەکاندا، گێرانەوەیەکی عەجەمی (بە فارس و تورکەوە)، عەرەبی، یەهوودی، ڕووسی و تەنانەت ئورووپیشی بۆ داتاشراوە. بەگشتی بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگە لەت لەتە دە نێو پێکهاتە و پێناسە نامۆ و دەسکردەکاندا بتوێننەوە، هەوڵ دراوە کەلێن بخرێتە نێوان ڕابردوو و ئێستای، هەتا داهاتووی بەدەست خۆی دیاری نەکرێ. دیارە ئەم بێدەسەڵاتی و بێبەشبوونە لە دەسەڵاتی سیاسی و ساڤێرێنتی خۆیی، زەبری کاریگەریی لە پێکهاتەی نەتەوەی کورد داوە و زۆر جار بەهاکانی خۆمان لێ کراوە بە دوژمن و دژە بەها (کاوە ئاسنگەر). بەڵام بەم حاڵەشەوە خەباتی نەپساوەی کورد، بەتایبەتیش هاوشان دەگەڵ بە جیهانیبوون ڕەوتی گەڕانەوە سەر گێرانەوەی خۆیی، خێراتر و مسۆگەرتر کرد و ئاریایی بوون و تورکی شاخی بوون هتد لە زەینی تاکی کورددا کەوتە سەراولێژ و بنیاتنانەوەی گێرانەوەی خۆیی و یان دووبارە گێڕانەوە بەسەرنجدان بە "ئێمە" دە بەرانبەر "ئەوان"دا دینامیزمی بە پرۆسەی بە نەتەوەبوونی بەخشی.

جەژنی نەورۆز یەکێک لەم فاکتەرە گرنگانەیە کە گێڕانەوەی بنەڕەتی پێناسی کوردی دە خۆی گرتوە، کە بە هۆکاری جۆراوجۆر لە قۆناخێکدا تا ڕادەیەک لە ڕەنگ و بۆ دەکەوێ، بەڵام دەگەڵ داگیرکرانی بەکردەیی کوردستان و نەمانی هیچ چەشنە سەروەرییەکی کوردی لە پانتایی کوردستان لە شێوەی شۆڕش یان باشتر بڵێم شۆڕش و خەبات ئابدەیتی دەکاتەوە و ئەویش بەرخۆدان و بەرەنگاریی بەرۆژڤ دەکاتەوە و نەورۆز لە سەر بناخەی گێڕانەوەی بناخەیی خۆی و بە گوڕ و تەوژمێکی تایبەتتر دەگەڕێتەوە ژیانی کوردەواری. دیارە خۆ نەورۆز هەر بەتەنیا هی کورد نییە و، نەتەوەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەیکەن بە جەژن و گێڕانەوەی تایبەت بە خۆیان لێ هەیە. بەڵام ئەوەی جەژنی نەورۆزی لای کورد تایبەتتر کردوە، یان کوردی بە نەورۆزەوە لای ئەوانی دیکە تایبەتتر کردوە، ئەم فەلسەفە قووڵەی نەورۆزی کۆن و نەورۆزی ئێستایە کە ئەویش ڕەهەندی ئازادیخوازی و بەرەنگاریی هێزی تاریکی و درەوشانەوەی ڕووناکایی بە گێتیدایە کە هەنووکە نەورۆزەکانی کوردستان لووتکەی بەرخۆدان و بە چۆکدانەهاتنن.



سەرچاوە
Serchawe

لە هەر چەند پارچەی کوردستان و بە تایبەتیش لە ڕۆژهەڵات نەورۆز لە گێڕانەوە و بناخەی پێناسی کوردبوون تێپەڕیوە و، بەتایبەت پاش شۆڕشی ژینا، بووە بە توخمێکی نەیشن برەندینگ بۆ کورد. نەیشن برەندینگ بە گشتی خۆی لە ستراتیژی وڵاتێک، پێکهاتەیەک یان نەتەوەیەکدا دەبینێتەوە بۆ گواستنەوەی وێنایەکی تایبەت لە "خود" بۆ "ئەوانی دیکە"، بۆ دەرەوەی سنوورەکان، بۆ مەبەستی تایبەت کە پێوەندیدارە بە بەرژەوەندی نەتەوە. دەکرێ ئەم وێنایە، وێنایەکی قبووڵکراوی پێشوو لە "خود" یان وێنایەکی نوێ بۆ داماڵینی وێنایەکی ناتەبا دەگەڵ وجودی نەتەوە بێ.

بۆ وێنە نەتەوەکانی پێشووی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤییەت زۆربەی هەرە زۆریان گێڕانەوە و نەرەیشنی زاڵی سۆڤییەتی و کۆمۆنیستییان بە پرۆسەی نەیشن برەندینگ هەڵگەڕاندەوە و وێنای پێشوویان بە گێڕانەوەی نوێ و ستیراتیژی تازە بۆ بنیاتنان و تەنانەت گۆڕینی بەریانی و بەرەی جیهانی سڕییەوە. لەم سۆنگەیەوە هەڤرکێی پێناسی (کامپێتێتڤ ئایدێنتیتی) هاتە گۆڕ، کە ئەمیش لەسەر ئەم توخم و ڕەگەزانە چڕ بووەتەوە، نەتەوە و پێکهاتەیەکی پێ دەناسرێ یان ڕەفتار و کردەکانی نەتەوەیەکی پێ ئانالیز دەکرێ. ئەم دیاردە و پرۆسەیە زیاتر لە قەوارەی دەوڵەت و پێکهاتەی سیاسیدا باو بووە، بەڵام بەو مانایە نییە نەتەوەیەکی داگیرکراو یان سەروەی لێزەوتکراو ناتوانێ لەم گۆڕەپانەدا ئەکت بنوێنێ. بۆ وێنە ئەگەر نەتەوەیەکی خاوەن سەروەری و سنوور دەتوانێ بە بازارکردنی بەرهەمەکانی وێنایەکی پتەو لە زەین کڕیارەکانی ئەودیوی سنووریدا چێ بکا (مەک دانالد، سۆنی، سامسۆنگ)، نەتەوەیەکی دەرەوەی ئەم نەزمە نادادپەروانە داسەپاوەش دەتوانێ بە گواستنەوە، هاوبەشکردن و بەبازارکردنی (لێرەدا مەبەست کڕین و فرۆشتن نییە) ئەو توخم و فاکتەرانەی ئایدێنتیتییەکەی لەسەری دامەزراوە برەندی نەتەوەیی بکا. بۆ وێنە نەورۆز لە ڕۆژهەڵات ساڵی پار هەزاران غەیرەکوردی ڕاکێشی کوردستان و ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان کرد، کە ئەمەیش بە هۆی ئەم ڕەهەندە ڕاکێشەرانەی ڕێوڕەسمەکان لە کوردستان و هەوینی بەرەنگاریی نەورۆز بوو، هەتا خودی نەورۆز وەک گێڕانەوە لەمێژینەکەی. واتە بەرخۆدان، خەڵکێکی تینووی ئازادی و دیمواکراسی ڕەکێشی کەوشەنێک کرد کە باب و باپیرانی ئەم خەڵکە بەهۆی فتوایەکی ئایینی یان ئایدیایەکی فاشیستی و ڕەگەزییەوە ڕۆژگارێک ئەم ئاخەیان وەک نەیار و دوژمن و کافر داوەتە بەر هێرش و هڕووژم.
لێرەدا دەردەکەوێ نەورۆز وەک پرۆسەیەکی برەندینگ، وێنای کوردبوون هەم لای ئەوانی دیکە هەمیش وەک فاکتەری یەکڕیزی و یەکیانگیری نێوخۆیی لە ڕۆژهەڵات دەور دەگێڕێ. هەروەها دەبێتە گێڕانەوەیەکی بەرهەمهێنراو لە تێگەیشتن یان گێڕانەوەی وجودی پێکهاتەیەکی تایبەت، کە ئەمڕۆی کوردە. ئەم گێڕانەوەیە هەم فەلسەفەی نەورۆز کە ڕابردنی سەردەمی شەختە و بەستەڵەک و گیان وەبەر سروشت نانەوە وهەمیش ئەفسانەی وجوودی کورد واتە ئەو مرۆڤە هەڵبژاراوانەی لە شاخەوە داگەڕان و دەسەڵاتی زاڵمی زەمانیان تێکڕووخاند، لێک گرێ دەدا و بە جۆرێک لە جۆرەکان دووپاتبوونەوەی مێژوو و هەمیسان ئەرک و ڕیساڵەتێکی نەبڕاوە وەبیر کورد دێنێتەوە، کە ڕووخاندن و بەرەنگاریی زاڵمانە (تاریکی). کەواتە چۆن خودی نەورۆز و هەمیش ئەفسانەی کاوەی کورد و ڕاپەڕینەکەی بووەتە بەشێک لە ئایدێنتیتی کورد و لە قووڵایی مێژوو و پێناسی کوردییەوە پەلی هاویشتوەتە ئەمڕۆ، ئەم چەشنە نەورۆزە کە بەتایبەتیش تێکەڵ بە



سەرچاوە
Serchawe


بەرخۆدانی کوردان لە هەموو پارچەکانی کوردستان بووە، دەبێ بە بنەما و توخمێکی نوێ یان بەرۆژەڤکراوەی پێناسی کورد و لە کەلەپوور و کانشێسنێسی تاک و کۆدا گێڕانەوەی کۆن و نوێی وجوودی کورد لە ئامێز دەگرێ. بە پەلهاویشتنی ئەم چەشنە نەورۆزە کوردییە هەم سنووری ڕاستەقینەکانی کوردستان دیارتر دەبن و هەمیش دەرودراوسێ بە یار و نەیارەوە گێڕانەوە هەڵبەستراوەکانی لەسەر کورد لێ کاڵ دەبێتەوە و هەمیش گێڕانەوەی نوێ بۆ نەوەی داهاتوو بەرهەم دێ کە دواجار یەکخستنی زەینی و وێنایی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە (کۆمەڵگە وێناییەکان).

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ خاکیپۆش؟ بۆ نەورۆز؟




ئەلبورز ڕوویین‌تەن

جارێکی دیکە وڵات بەرەو بەهارێکی دیکە دەڕوات، جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان پێش ئەوەی بەهار بێت، بەرەو پێشوازی نەورۆز چوون، و ئەو پێشوازییە ئەو کاتە دەستی پێکرد کە خەڵک بە لەبەرکردنی لیباس خاکی لە شایی و کۆبونەوەکانی خۆیاندا ویستیان ئەو هاودڵی و هاوهزری و تەنانەت هەماهەنگییەش لەگەڵ یەکێک لە گرینگترین شوناس و هێما و کاراکتەری سەرەکیی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان واتە "پێشمەرگە" نیشان بدەن.

هەر زووش بە دوای ئەو چالاکییە پڕ جۆش و خرۆشانەدا ناوی نەورۆزی خاکیپۆشانیش هاتە سەر زمان کە ئێستا ئیدی هەموو کەشی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی داگرتوە. لە وەها دۆخێکدا هەڵوێستە کردن لە سەر ئەو پرسیارەی بۆ خاکیپۆش؟ بۆ جامانە؟ بۆ نەورۆز؟ دێتە ئاراوە. ئەو هەڵوێستەکردنە تێڕامانێکە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە دۆخی کۆمەڵگەی وشیار و زیندووی ئێمە بۆ ئەوەی ئاراستە و چۆنیەتیی هەنگاوەکانی داهاتووشمان ڕوون بکاتەوە.

ئەوەی کۆمەڵگەی وشیاری کوردستان بۆ نیشاندانی هاوسۆزییەکی ڕاسیونالانە لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی و کاراکتەرێکی وەک



سەرچاوە
Serchawe

"پێشمەرگە" دەستپێشخەری دەکات و دەیکاتە ئەکتێکی شوناسخوازانە و تەنانەت بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لە دەستی هاتوە دەیکات و تەنانەت بە نرخی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ دەزگای سەرکوتگەری دەوڵەتی داگیرکەر دەیکات ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە کوردستان بڕیاری خۆی داوە و دەیهەوێ خزمەت بە هزر و ئامانج و تێڕوانینی "پێشمەرگە" بۆ نیشتمان بکات. ئەوە لە لایەک کاریگەریی خەباتی کوردی لەسەرە، لە لایەکی دیکە نیشان دەدات کە خۆی خاوەن خەباتە و دەیهەوێ بە بەهێزییەوە بگوازێتەوە بۆ داهاتوو.

ئەوە یەکێک لە نیشانەکانی ماتەوزەی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ ڕزگاری و تەنانەت دەسەلمێنێ کە ئامادەیی زۆری تێدایە کە ماتەوزە بگۆڕێ بۆ ئەکت و لە چاوەڕوانیدا خۆی قەتیس نەکات و ببێ بە بکەر. ئەوە پەیامیشە بۆ هێزە سیاسەکان بۆ پێشمەرگە و ڕێکخەری پێشمەرگە کە ئەوان تەنیا نین و، ڕێککەوتنی ئەمنیەتیی نێوان وڵاتان ناتوانێ هێزێکی وەک پێشمەرگەی وڵات بە ئاسانی وەلا بنێ، چونکە کۆمەڵگەیەکە بە هزرێکی پێشمەرگانە بیر دەکاتەوە و خولیای ئازادییە.

لە سەر وەڵامی پرسیاری بۆ نەورۆز، زۆر ئاسانە نەورۆز و هەموو بونەکانی دیکە و تەنانەت هەر دەرفەت و کەلێنێک کە ڕێک دەکەوێ دوو کورد پێک دەگەن و شان لە شانی یەکتر بدەن، دەبێتە کردەوەیەکی سیاسی، چونکە کورد سیاسی لە دایک دەبێ، سیاسی دەژی و سیاسییش دەمرێ، چونکە شەڕی مان نەمانی خۆی دەکات و ئەو شەڕە تەنیا لە لوولەی تفەنگی پێشمەرگەدا نیە، ئەو شەڕە لە ڕۆنانی هزری پێشمەرگە لە مێشکەکاندا دەست پێ دەکات، لە خۆشەویستی و خولیای ئازادبووندا دەبیندرێ، لە پاراستنی هێما نەتەوەییەکاندا هەیە، لە هەوڵ بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی دەردەکەوێ، لە کار بۆ بەرجەستەکردنی کەلتوری کوردانە و پاراستنی تەنانەت ژینگەی کوردستاندا دەبیندرێت، لە ئاخاوتن فێر بوون و فێرکردنی زمانی دایکیدا بەرچاو دەکەوێت و هەمووی ئەو هەوڵانە شەڕی مانی کوردیان تێدایە کە ڕووبەڕووی سیستەمی سڕینەوەی نەتەوەی دەزگایەکی فاشیستی دەوڵەتی داگیرکەرە کە بۆ سەدان ساڵە هەوڵی بێ وچانی بۆ دەدات و تەنانەت هەبوونی خۆی وەک دەوڵەت لە نەبوونی ئێمەی کورد وەک نەتەوەو و نیشتمانێکی ئازاد وەک کوردستان دەبینێتەوە و کاری بۆ دەکات.

بێگومان لە دۆخێکی وەها هەموو دەرفەتێک کە دێتە پێش بە نەورۆزی نوێبوونەوەی سروشت لە داوێنی شاخەکانی کوردستان دەبێتە مەکۆیەک بۆ خاکیپۆشان کە نیشان بدەن ئەو خاکەن کە بزوتنەوەیەک سەوز دەکەن و پەرەی پێ دەدەن. لە هەمووی گرینگتر پێکەوە خاکیپۆش پێکەوە لە نەورۆز، هەوڵی پێکەوەبوونێکە کە دەیهەوێ خەبات پێکەوە بیکات بە خەباتی هەمووان، بۆ ئەوەی سەرکەوتن مسۆگەر بکات بۆ ئەوەی لە داوێنی شاخ بێینە خوارەوە، بۆ نێو کۆڵان و شەقامەکانی شار و لە سەنتەرەکانی شار واتە لە چەقی حوکمڕانیدا کە ناوەندی شارە پێکەوە ئاڵای کوردستان بەرز بکەینەوە تا نیشان بدەین ئێمە ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ کە کۆ دەبینەوە لە داوێنی شاخ و بە ئازادی جامانەی لە مل دەردێنین و لە چۆپیدا

ڕایدەوشێنین کە دوژمن ناتوانێ پێشی پێ بگرێ، لەوانەشە لە مەیدانی سەرەکی و نێوەڕاستی شاریشدا ئەو ساتە ئازادییەی خۆمان بیکەین بە ڕۆژ و ساڵ بۆ هەمیشە بەردەوامی پێ بدەین.

نەورۆزی خاکیپۆشان پێمان دەڵێ بەو ئاگرەی لە شاخ هەڵدەکرێ، دەکرێ تین و گەرمی شۆڕش بداتە شارێک و ئازادی شین بکات، ئەوە پەیامی سەرەکییە کە هەمووومان دەبێ وەری بگرین و تێبگەین و کاری بۆ بکەین و پێکەوەش گەورە و گەورەتری بکەین چونکە پێکەوە سەردەکەوین.

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

## سێیانەی نەورۆز، جامانە و جلی خاکی



**دڵشاد هەورامی**

زانایانی مێژووی مرۆڤایەتی پێیان وایە مرۆڤی وشیار پێش ئەوەی پێکهاتەیەک بە ناوی زمان بۆ پەیوەندی دابهێنێت، لە ڕێگای هیماکانەوە (نماد) مەبەست و ویستی خۆی دەربڕیوە. ئەمە بەو واتایە دێت لە شوێنێک کە زمان گۆ ناگرێ، هێما و نمادەکان دێنە گۆ و دەبنە هەڵگری پەیام و نێوەرۆک. بەتایبەتیش ئەو کاتەی دیکتاتۆرەکان دەرفەتێک بۆ دەربڕین و نارەزایەتی ناهێڵنەوە.

یەکەم قوربانیی لە قاڵبدانی کۆمەڵگە بە شێوەی دڵخوازی دیکتاتۆر لە گشت ڕۆژگارەکاندا ئازادی ڕادەربڕین بووە. حکومەتە دژە خەڵکییەکان باجی قورس لە سەر ئازادی قسەکردنی مرۆڤەکان دادەنێن و دۆخێک دەسەپێنن کە دەتوانین بە لاڵکردنی کۆمەڵگە ناوی ببەین. بۆیە لە سەردەمی بێدەنگکردنی کۆمەڵگە و لە نەبوونی ئازادی و لەو شوێنەدا کە زمانەکان لاڵ دەکرێن، کۆمەڵگە دەست بە داهێنان و هێماسازی و بە سیاسیکردنی هیماکان دەکا.

هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، جۆری پەچە گرتنەوە و ڕەنگی ڕەشی جلوبەرگی فیداییەکانی حەسەن سەباح لە بەشێک لە

فەلاتی ئێراندا ببوون بە نمادی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەلاتی سەلجوقییەکان. لە شەستەکانی زاینیدا کڵاوە بە ئەستێرە نەخشێندراوەکەی سەری چەگوارا لە سەرانسەری دنیادا سیمبول و نمادی مارکسیزم و جوڵانەوەی چریکی چەپ بوو. ڕەنگی سوور و تەنانەت سمێڵی ئیستالینی بە درێژایی چەند دە ساڵ لە وڵاتانی دژ بە جەمسەری چەپ، نمادی بەرەنگاربوونەوەی دەسەلات و سیستمی سەرمایەداری بوون. خاچ و تاج و شمشێر و تەنانەت دار و گوڵ و باڵندەش لە سەردەمە جیاوازەکاندا وەک هیما و نمادی سیاسی بەکار هاتوون و هەڵگری پەیام و نێوەرۆکێک بوون کە بەکارهێنەرانیان هەوڵیان داوە بەرامبەرەکانیان هەر لە خۆییەوە تا دوژمن بە زمانی بێ زمانی تێبگەیەنن.

## هیما نەتەوەیی و وێمانەکانی کورد

هێما نەتەوەیی و سیاسییەکان بۆ نەتەوەیەکی مافخواز و خەباتکاری وەک کورد ڕۆڵی گرینگیان لە یەکگرتوویی نەتەوەیی و بەرەوپێش بردنی خەباتەکەیدا هەیە. سێیانەی نەورۆز، جامانە و جلی خاکی کە ئەمڕۆ بوون بە هێمای خەباتی ڕێزگاریخوازانەی ئەم گەلە، هەر کام بە ڕێچکەیەک لە مێژوویەک تێکۆشانی ئەم نەتەوەیەدا هاتوون و ئەمڕۆ بوون بە نمادی بەرگری و یەکگرتوویی و شۆڕش.

## نەورۆز

نەورۆز جێژنی ڕزگاریی گەل لە دەست تاریکی و سەرما و بەفری زستانە. لە کوردستانی کوێستاندا، سێ مانگەی زستان دەرفەتی چوون بۆ دەشت و دەر و خەڵک ناچارن لە ماڵ و ئاواییەکانیاندا دیلی دەستی سرووشت بن. نەورۆز کرانەوەی بەندی ئەو یەخسیرییە. بەو واتایە ئەم جێژنە هەر لە خۆیدا جێژنی ئازادی و ڕزگاری لە ژێردەستەییە. لە دێر زەمانەوە گەلێک چیرۆک و ئەفسانە و ئۆستوورە وەک هێمای بەگژداچوونەوە دژ بەو ستەمەی سرووشت ساز کراون تا کۆڕی دیلی لە سەختەتی زستانی پێ گەرم بکەن و هیوا بە ئازادی و کۆتایی زستان لە دڵاندا زیندوو ڕابگرن. هەر بۆیەش ئەو جێژنە بۆ نەتەوەی بندەستی کورد زیاترین پۆتانسیەلی بۆ بە سیاسیکردن و بەگژداچوونەوەی داگیرکەر هەیە. ڕەنگە یەکەمجار لە باشووری کوردستان بوو کە ئەو جێژنە ڕەنگ و بۆی نەتەوەیی - سیاسی بە خۆیەوە گرت. محەممەد ڕەسوڵ (هاوار) دەڵێت: پیرەمێرد بەهێزترین هۆ بووە بۆ گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز و بوژاندنەوەی. پیرەمێرد بیرمەند و بژاردەی دیاری سەردەمی دوای ڕوخانی ئیمپراتوریی عوسمانی، باش لەوە تێگەیشتبوو کە کورد بۆ نەفەوتان و نەتوانەوە لەنێو نەتەوەکانی دراوسێیدا دەبێت هێما و شوناسی تایبەت بە خۆی هەبێت.

حکوومەتی تورکیا کە بە هەموو جۆر هەوڵی تواندنەوەی کوردی دەدا، ڕێگای لە نەورۆز و هەموو هێما نەتەوەییەکانی ئەم



سەرچاوە Serchawe

گەلەش دەگرت. ئەوە بوو کە بە تایبەت لە دەیەی ٨٠ی زایینیدا نەورۆز لە باکوور بوو بە هێمایەکی زۆر بەرزی نەتەوەیی. ئەمە بەتایبەت لە زیندانەکانەوە سەری هەڵدا و بەندکراوە کوردەکان و لە سەرووی هەمووانەوە مەزلووم دۆغان لە ڕۆژی نەورۆزی ١٩٨٢ بۆ ڕاگرتنی ئەو نەریتە، ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو هۆیە کە نەورۆز جێژنی هاوبەشی هەموو گەلانی نیشتەجێی لە سەر فەلاتی ئێرانە و لە ئێرانیشدا جێژنێکی دانپێدانراو و فەرمییە، هەتا دەیەی ٨٠ی هەتاوی بەشێوەی ئاسایی بەڕێوە دەچوو. بەڵام لە نێوەڕاستەکانی دەیەی دووهەمی هەشتا بە دواوە یەکەم جێژنی بەرینی نەتەوەیی لە ڕەبەت، بە بەشداریی هەزاران کەس سیمایەکی نەتەوەیی و سیاسیتری بەو جێژنە دا. لەو ساڵە بەدواوە گوند بە گوند و شار بە شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگوڕتر و سیاسییانەتر بەرەوپیری نەورۆز دەچن. تا ئاستێک کە نەورۆزی ١٤٠٣ شاهیدی یەک لە بەرینترین، نەتەوەییترین و سیاسییانەترین نەورۆزی ڕۆژهەڵات و کوردستان بووین.

شێوە و سەبکی بەڕێوەبردن، بەشداریی بەرفراوانی خەڵک، کەڵکوەرگرتن لە هێما و نمادەکانی شۆڕش، ئەو هۆکارانەن کە نەورۆزی کوردی وەک جووڵانەوەیەکی دژی کۆلۆنیالیستی لە نەورۆزی نەریتی گەلانی ناوچەکە جیا کردووەتەوە.

## جامانە و جلی خاکی

لە سەردەمی ئێمەدا شەڕی ئەساتیری ڕووناکی و تاریکی لە پێکدادانی دیکتاتۆرەکان و ئازادیخوازندا ژیاوەتەوە. لەو دەوڵەتانەدا کە بە زەبری چەک و زیندان و سێدارە بەڕێوە دەچن، خەڵک هەمووکات ڕێگایەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاسای دیکتاتۆر و شکاندنی بێدەنگیی داسەپاوی سیستمی خۆسەپێن دروست دەکات. بە واتایەک خەڵک ڕووبارێکە کە ڕێی خەباتی خۆی دەدۆزێتەوە، ڕووبارێک کە مان و بوونی گرێدراوی نەوەستانە.

لەنێو کورددا جامانە و جلی خاکی لانیکەم سێ چارەکە سەدەیە بە بەژن و باڵای ژن و پیاوی پێشمەرگەی کورد بڕاون. ئەو دووانە وەک بەشێک لە شوناسی ئەو هێزە شۆڕشگێڕە، بوونەتە ئەکتی سیاسیی کۆمەڵگەی مافخواز و شۆڕشگێڕی کوردستان بۆ پشتیوانی لە ڕۆڵە پێشمەرگەکانی خۆیان و بوونەتە هێمای بەرگری و ڕاپەڕین و نا گوتن بە دەسەڵاتی داگیرکەر.

بە درێژایی ئەو ساڵانە کە خەباتی چەکداری و پێشمەرگانە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادا بووە، پێشمەرگە وەک پاڵەوانێکی نەتەوەیی بینراوە و لای میللەتی خۆی ئازیز و پیرۆز بووە و هەیە. ئاوردانەوە لەو سەردەمە نە زۆر دوورانە و بیرخستنەوەی ئەو داستان و شێعر و سروودانە کە پاڵەوانەکانیان پێشمەرگە بوو، ئاستی خۆشەویستی و گەورەیی

پێشمەرگەمان لە دڵی نەتەوەکەیدا بەسانایی بۆ دەستنیشان دەکات.

ئاساییە کە پێشمەرگە بەو پێگە و ئیعتیبارە زۆرەوە ببێتە پاڵەوانێکی شکۆمەند. پاڵەوانێک کە هۆگرانی شانازی بە وەک ئەو بوونەوە بکەن و ئەم وەک ئەو بوونە و وەک ئەو پۆشینە بکەن بە پەیامێکی بەهێز ڕوو بە دەسەڵاتی داگیرکەر و فاشیستی بێگانە. دەسەڵاتێک کە هەموو هەوڵی خۆی بۆ لەنێوبردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان داوە و سەر نەکەوتوە.

شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی خاڵی وەرچەرخان و سەرەتای قۆناخێکی نوێ لە مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. قۆناخێک کە ویست و داخوازییە نەتەوەیی و ئینسانییەکان بەربەستی ترس و تۆقاندن دەبڕن و دەبنە بەشێک لە وتار و باس و خواستی ئاشکرا و پێداگرانەی کۆمەڵگە. تایبەتمەندیی هاوبەشی گشت شۆڕش و جووڵانەوە خەڵکییەکان پاشەکشە نەکردن و نەگەڕانەوەیانە بۆ دۆخی پێش شۆڕش. نەورۆزی ١٤٠٣ کە بە سیاسیترین و نەتەوەییترین نەورۆزی ڕۆژهەڵات دادەنرێت، بە دڵنیاییەوە کاریگەریی زۆری شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی پێوە دیار بوو.

بەشداری و چالاکبوونی ژنان لە ڕێکخستن و بەڕێوەبەری نەورۆز، کردنەوەی ئاگری نەورۆز بە دەستی دایکان و خۆشکان و کەسوکاری شەهیدانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان و گوتنەوە و خوێندنەوەی سروود و شێعری بەرگری ئەگەر پێش شۆڕشی ژینا وەک نموونە دەبینران، ئەوە لە نەورۆزی ١٤٠٣ هەموو کوردستانیان گرتەوە.

بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان دەسکەوتیکی نەتەوەییە کە کوردی ڕۆژهەڵات نرخی قورسی لە پێناویدا داوە. نەورۆز ئێستاکە هەناسەیەک ئازاد ژیان و سەکۆیەکی بەرزە کە لێیەوە هاواری یەکگرتوویی و یەکدەنگی و لەوەیش زیاتر، بانگی بەرزی ئازادیخوازی بە ڕووی ڕەش و ڕووشی داگیرکەر و جاشەکانیدا دەدات.

سێیانەی نەورۆز و جلی خاکی و جامانە بەپێچەوانەی ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا بە هێما بێگانەکانی وەک ئەستێرەکەی گیڤارا و ڕەنگە سوورەکەی سۆڤییەت و ڕیشە درێژەکەی بانگخوازە ئیسلامییەکان و... دەکرا، بانگەواز و مانیفیستێکی تەواو کوردی و نەتەوەییە. هەر ئەوەندە کە ئەم هێما و نمادانە داهێنان و دڵخوازی کۆمەڵگەی کورد و تەواو وێمانەن (خۆمانەن) بەسە بۆ ئەوە کە نابێ هیچ هێز و تاکێکی کورد مۆڵەت بە خۆی بدا ئاماژەی پرسیاریان لەسەر دابنێ. گرتن و هەڕەشە و پیلانی داگیرکەر دژ بە خەڵک، بە تاوان و مەترسیی پێناسەکردنی کەلکوەرگرتن لەم نمادە کوردیانە لە بۆنەکاندا بەسە بۆ تێگەیشتن لە درووستی و نەتەوەییبوون و حەقیقەتی پشت ئەم بزووتنەوە پێشڕەو و تەواو کوردانە.

پەرەسەندنی کاریگەرییەکانی گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی و سەروەریخوازیی کورد بە سیانەی نەورۆز و جامانە و جلی

خـــاکییەوە نەوەســـتاوە و ناوەســـتێت. ئەم جـــوڵانەوە نەورۆز بە نەورۆز زیـــاتر پەرە دەســـێنێت و بـــۆ یەکەم جـــار وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و شوناسخوازانە تا پارێزگای ئیلام پەلی هاوێشتوە. نەورۆز ئێستا جوڵانەوەیەک فرە ڕەهەند و بە واتـای ئەمڕۆیی هیبریدییە. گرینگیدان بە داخوازییە نەتەوەیـی و سیاسییەکان، پارێزگـاریکردن لە فەرهەنگ و کولتـوور و بەها مێژووییەکان و پاراستنی ژینگە و هاوکات چەندین پرس و هاوکێشەی دیکە لە خۆ دەگرێت.

ئەرکی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و بەرەی سیاسی و شۆڕشگێری کـورد پشـتیوانیکردن و بە هانـاوەچوونی ئەم بـزاڤە کـوردانە و وێمـانەیەیە. بـوون بە دەنـگ و ڕەنـگ و بـاڵوێزی خەڵکـی نێوخـۆ، گواســتنەوەی ویسـت و داخوازیەکانیـان بـۆ ناوەنـدە جیهانییەکان و دۆزینەوەی پشتیوان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەتـوانن بەشێک بـن لەو ئەرکـانە کە دەبێت حیـزبە سیاسـی و کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد لە گشت بوارەکاندا بە گیانی دڵ بە ئەستۆیان بگرن.

٢٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# نەورۆز وەک بزاڤێکی ڕزگاریخوازانە



**شەماڵ تەرغیبی**

نەورۆزی ئەمساڵ و پێشوازی بێوێنەی خەڵک لەم بۆنە نەتەوەیی و سیاسی و مێژووییە، کە ئەمساڵ لەلایەن چالاکانی نێوخۆوە بە نەورۆزی خاکیپۆشان ناودێر کراوە، وای کردووە کە مرۆڤ بێتە سەر ئەو باوەڕەی نەورۆز چیدیکە بۆ ئێمەی کورد تەنیا بۆنەیەک لە چوارچێوەی گۆڕانی کەشوهەوا و سروشت یان بۆنەیەک بۆ شایی کردن و شادی دەربڕین نییە! بەڵکوو نەورۆز بووەتە بزاڤێکی ڕەهای سیاسیی ڕزگاریخوازانە کە تێیدا کورد خۆی لە بەرەیەکدا دەبینێتەوە کە داگیرکەری خاکەکەی سیلەی لێ گرتووە.

ئەگەرچی ڕێژیمی تاران پێش لە نەورۆز و لە کۆتاییەکانی ساڵدا، دەستی بە بانگهێشت و گرتن و چاوسوورکردنەوە و قامک ڕاوەشاندن لە خەڵک و بەتایبەت لە لاوانی کوردستان کردووە و هەوڵ دەدا خەڵک بترسێنێ تا بەشداریی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان نەبن و پشت لە خەونەکانیان بکەن و لەوەش زیاتر بە "موازیسازی" و پێکهێنانی بۆنەی نەورۆزی لە چوارچێوەی ئەو هێڵانەی کە کۆماری ئیسلامی باوەڕی پێیەتی، ئەوا دەبینین کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەتەنیا گوێ بە مۆرەکردنی چاونەزێرانی حکومەتی نادا و بەلایەوە گرینگ نییە، بەڵکوو بەوپەڕی تواناوە هەوڵی گەرمڕاگرتنی کەشی نەورۆزی ئەمساڵ دەدەن و بە بڵێسەدارترکردنی ئاگری نەورۆزی ئەمساڵ، وڵامی "لەگەڵبوون" بە خاکیپۆشان دەدەنەوە



سەرچاوە
Serchawe

و دیسانەوە دوژمنی دۆشداماو، دەتاسێنن!

سەرەڕای سەرکوتی ئازادیخوازانی کورد و برسی هێشتنەوەی خەڵک و درووستکردنی کەشی خەفەقان لە کوردستان، نەورۆزی ڕۆژهەڵات بەو هۆیەوە کە لە ناخی مافخوازانەی گەلەوە سەرچاوە دەگرێ و بە لەبەرچاوگرتی ئەزموونی ساڵانی ڕابردووش، پێشبینی دەکرێ لەوپەڕی شکۆ و پێشوازی و گەرموگوڕیدا بەڕێوە بچێ. جلی خاکی، جامانە و هەوری لە ئیلام و کرماشان و گەرووس و برادۆستدا سپای خوێن و سێدارە تووشی شۆک دەکات و ئەمەش، گەل هەنگاوێکی دیکە بەرەو ئازادی دەبات.

ژنانی کورد بە مەدەنیترین شێواز زیاتر لە پیاوان، ڕۆڵی سەرەکیان لە ڕازاندنەوەی خۆیان و منداڵان و لە ئاکامدا خەملاندنی نەورۆز و بەهاردا هەیە؛ بەو واتایە کە چۆن لە شۆڕشی ژینادا ئەوە ژنان و کچانی ڕۆژهەڵات بوون کە ئەکتی شۆڕشگێڕانەی خۆیان پیشان دا هەرواش دەتوانن و دەبێ لەم نەورۆزەدا لە مەیداندا بن و جیا لە بەشدارییان هاندەرانە هەنگاو بنێن.

بەپێی ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو، ئەوەیکە لە نەورۆزی ئەمساڵدا دەبینرێ و چاوی دوژمنی پێ کوێر و کزتر لە جاران دەکات و چاوی دۆست، ڕوون و گەشاوەتر، ئەو کەتوارەیە کە خەڵکی کوردستان، بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە ئاینییەکانیان، بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە فکری و ئایدیاییەکانیان، لە چەپی چەپەوە تا ڕاستی ڕاست، نەورۆز دەکەنە هێما و خاڵی یەکگرتوویی نەتەوەیی؛ کە ئەم پرسە خۆی لە خۆیدا نیشاندەر و دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە گەلی ئێمە لە ئێستەدا سەرقاڵی تێپەڕین لە قاوخێکی سازکراوی دەستی مێژوو و بیری کۆن و داگیرکارییانەیە کە بەردەوام هەوڵی داوە ئەو چەواشەکارییە لە زەینماندا بخزێنێت کە کورد نەیتوانیوە و ناتوانێ جیاوازییەکانی نێو ماڵی خۆی قبووڵ بکات کەواتە دەبێ هەردەم برا گەورەیەک (کە ڕوونە لێرەدا مەبەست خۆیەتی!) بە لاسەرییەوە بێت و چاکە و خراپەی پێ بڵێت و ڕێنوێنی بکات بەڵام وەک باس کرا کورد لەم بەرەنگارییە نەورۆزییەدا پەیامێکی زۆر گرینگ و مێژوویی بە داگیرکەر دەدا کە ئەویش ئەم کەتوارەیە: ئێمەی کورد دەتوانین یەک بین و بە یەکگرتوویی و بە وەلانانی جیاوازییە ئایدیاییەکانمان دەتوانین بەرەوڕووی چاونەزێرانی خاکەکەمان ببینەوە بۆیە نەورۆز لە قەوارەی بۆنەیەکی ئاسایی ناهێڵینەوە و دەیکەینە خاڵێکی وەرچەرخان لە نێو بزاڤی ڕزگاریخوازانەمان. نەورۆز بۆ ئێمە تەنیا بۆنەیەک نییە بەڵکوو بۆخۆی بزاڤێکە لە ڕاستای خەبات بۆ نەهێشتنی ستەم و گەیشتن بە ئازادی.

٢٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# نەورۆزی کوردستان و پەیامەکانی



هەردی سەلیمی

نەورۆز لە کۆنزەمانەوە و لە بەرامبەر هێرشی هەموو سپا بێگانەکان بۆ سەر کوردستان، خۆی پاراستوە و لەگەڵ ئەوەش نەتەوەیەکی لەگەڵ خۆی پاراستوە. ئێمە بەباشی ئاگاداری ڕۆڵی نەورۆز لە ڕابردوویەکی دووردا نیین، بەڵام لە سەردەمی هاوچەرخ و لە سەردەمی مۆدێرندا دەتوانین ئاماژە بە ڕۆڵی کەسانی ڕووناکبیری وەک "پیرەمێرد" و "فایەق بێکەس" بکەین، کە لە یەکەمین کەسەکان بوون کەوا لەنێو نەتەوەی کورددا ڕۆڵێکی سیاسی و شوناسخوازانەیان بە نەورۆز بەخشیوە.

بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و سەرکوتی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دوورخستنەوەیان، کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان سەری هەڵدا و لە بواری جۆراوجۆری وەک ژینگەپارێزی، بزووتنەوەی خوێندکاری، چالاکیی پیشەیی و... وێژمانی خۆی و کوردستانی بەرهەم هێناوە. لە دوو دەیەی ڕابردوودا ڕێوڕەسمی نەورۆز لە کوردستاندا و بە دەسپێشخەری و داهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی بووژانەوەیەکی بەخۆوە بینی و لە شکلێکی فەرهەنگییەوە بۆ بەربەرەکانی و بەرخۆدانێکی سیاسی گۆڕا و گوورا. لەمەبەدوا نەورۆز دەرفەتێک بوو بۆ خۆنواندنێکی نوێ و ڕیزکردنەوەی خواستەکانی کوردستان و ڕاگەیاندنی ئەو خواستە سیاسییانە لە ڕێگەی بڵیندگۆی نەورۆزەوە.

لەم نێوەدا و لەم چەند ساڵەدا هەم دەسەڵات و هەم بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات وێڕای ئەوەی سەرسام بوون بەو ئاستە لە یەکرێزی و ڕێکخراوبوونی بەڕێوەچوونی نەورۆز لە کوردستان، ترسیشیان ڕێ نیشتوە و هەوڵیان داوە نەورۆز "خالس" بکەنەوە و ئەو تایبەتمەندییانەی کە کوردستان پێی داوە، لێی بسڕنەوە. ئەم هەوڵانەشیان لە ڕێگەی تیئۆریک و لە ڕێگەی هەڕەشە و گرتنیشەوە داوە، لە چەند حاڵەتێکیشدا ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم هەوڵیان داوە ئیبتکاری کارەکە بەدەستەوە بگرن و بۆ خۆیان بەڕێوەبەری ئەم ڕێوڕەسمە بن! بۆ ئەوەی کونترۆڵی بکەن و خسڵەت و تایبەتمەندیی سیاسی و خۆڕاگرانە و شوناسخوازانەی نەورۆز بسڕنەوە و بیکەنە بۆنەیەکی کولتووریی ڕووت؛ کە تا ئێستاش لەم هەوڵانەیاندا سەرکەوتوو نەبوون.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ئەمساڵیش هەموو ئەم هەوڵانەیان دا و تاقییشیان کردەوە، بۆ نموونە لە شنۆ و بۆکان هەوڵیان دا بە زۆری چەک و هێز پێش بە گرتنی نەورۆز بگرن، لە ئیلام و کرماشانیش هەروەها و تەنانەت فەرماندەکانی سپا هەڕەشەیان لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە ئیلام کرد، بەڵام بەپێچەوانەی ویستی ئەوان ئەم تەوژمی وشیاریی نەتەوەیییە لە ماکۆوە هەتا ئیلام و دێلوڕانی گرتووەتەوە و تا دێ بەهێزتریش دەبێت. هەر لە یەکدوو ڕۆژی ڕابردوودا لە مەڵکشای ئیلام و بە دروشمی "ئیمە کوردیم" و "بژیی کورد و بژیی کوردستان" ئاوری نەورۆزی ئەمساڵیشیان هەڵکرد و مۆرکی شوناسخوازانەی خۆیان لێ دا.

سەرنج بدەینە ئەو ڕێوڕەسمانەی تا ئێستا لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەڕێوە چوون، هەموو هێمای بەرخۆدان و موقاوەمەت و نەتەوەیی و شوناسخوازییان تێدا زەق بووە و لە جلوبەرگ و دروشم و بەکۆمەڵ بەڕێوەبردنیانەوە هەموو دەرخەر و نیشانەی ئەوەیە نەورۆز لە کوردستاندا ڕێوڕەسمێکی سیاسی - مەدەنی - کولتوورییە و توانیویەتی هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە و هەڵگری هەموویان بێ، بەبێ ئەوەی یەکتر ڕەد بکەنەوە. زۆر جار هەوڵ دراوە نەورۆزی کوردستان وەک سەرنجڕاکێشییەکی توریستی و گەشتیاری نیشان بدرێ، بەڵام ساڵ لەگەڵ ساڵ خەڵکی کوردستان یەکدەستتر و خۆبەڕێوەبەرتر و ڕادیکاڵانەتر نەورۆزی خۆیان بەڕێوە بردوە، هەتا ئەو جێیەی ڕۆژی ڕابردوو لە شاری سەقز دروشمی "کوردستان کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان" و "ژینی ژێردەستیم ناوێ، دەوڵەتی کوردیم ئەوێ" درا کە بەردەنگەکەی بێگومان دەسەڵات و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەسەڵاتەیە کە هەوڵی بێوچانی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی ئەمری سیاسی لە نەورۆزی کوردستان بسڕنەوە، بەڵام لەگەڵ وڵامی ئاوا ڕاشکاودا بەرەوڕوو بوونەوە.

وەک دوایین وتە ئەوەی کە ئەمساڵ لە لایەن کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستانەوە ناوی "خاکیپۆشان" لەم نەورۆزە نراوە، نە لەژێر گوشار و بانگەشەی لایەنێکی سیاسیدا بووە و نە بە واتای سڕینەوەی فرەڕەنگی و یەکدەستکردن بووە، بەڵکوو بەو

واتایە بووە کە ناوێکی ڕەمز بێ لە بەرامبەر هێژمۆنیی ئەو دەسەڵاتەدا کە دەیهەوێ نەورۆزی ئێمە بەکولتووری بکات و تایبەتمەندیی سیاسی و بەرخۆدانەکەی لێ داماڵێ.

**٢٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤**

# ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، وێنایەک لە ماریفەتی کۆمەڵگەی کوردستان



**سمایل شەرەفی**

سەرەڕای بەربەست، هەڕەشە و هەڵسووکەوتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ و خەڵکی بەشدار لەم ڕێوڕەسمانە، ئیرادەی گەل بەسەر دەسەڵاتی خۆسەپێندا سەرکەوت و بەشێک لە کارنەڤاڵە نەورۆزییەکان لە ئاستێکی بەرینی جەماوەریدا بەڕێوەچوون.

چالاکانی مەدەنیی کوردستان ئەمساڵیش وەک چەند ساڵی ڕابردوو ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیان گرتەوە ئەستۆ و بەناولێنانی نەورۆزی ١٤٠٤ بە "نەورۆزی خاکیپۆشان"، بزووتنەوەی نەورۆزی کوردستانیان لە ئاستێکی بەرینتری جەماوەریدا نوێ کردەوە. خەڵکی کوردستان کە مانگێک پێش لە گەیشتن بە ڕۆژی نەورۆزی ٢٧٢٥ی کوردی، خۆیان بۆ بەشداریی ماناداریان لەم ڕێوڕەسمانە ئامادە کردبوو، لە هەڵسوکەت و ڕەفتارێکی تەواو هوشیارانەی پڕ لە مانا و پەیامدا، قۆناغێکی دیکەی پڕ بەرهەمیان لە بزووتنەوەی نەورۆزی کوردستاندا تۆمار کرد.

تا نووسینی ئەم بابەتە لە چەند شوێنێکی کوردستان، وەک؛ پۆلدەشتی ماکۆ، چەشمییەری مەریوان، گوێگتەپەی مەهاباد،

ساحێو و جاقڵی سەقز، مەڵکشا و دەرەدرێـژی ئیلام و گێلان غەرب ڕێورەسمەکانی نەورۆز بەڕێوەچوون و چەنـد ڕێورەسمێکی دیکەی نەورۆزی لە تەرەغەی بۆکان، شنۆ و پیرانشار لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕێگرییان لێ کراوە و لە چەنـد شوێن و ناوچەی دیکەش لە ڕۆژانی داهاتوودا ڕێورەسمەکان درێژەیان دەبێت.

ئەوەی تا ئێستا کراوە لە چاو ساڵانی ڕابردوو، هەم لە ڕووی جوغرافیاییەوە بەرفراوانترە و هەم لە ڕووی جەماوەرییەوە گشتگیرتر بووە. لە سەرووترین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا خوارترین شوێن ڕێورەسمەکانی نەورۆز پەلیان هاویشتووە. بەشداریی خەڵک لە هەزارن کەسەوە گەیشتۆتە دەیانهەزاران کەس. هێما هاوبەشەکانی ئەم ڕێورەسمانە ڕەنگ و نێوەڕۆکێکی پڕ لە مانا و واتایان بەم ڕێورەسمانە بەخشیوە. جامانە و هەوری و لەبەرکردنی جل و بەرگی ڕەسەنی کوردی و بەتایبەت ئەمساڵ پۆشینی جل و بەرگی خاکی، پێناسەیەکی تەواو شوناسخوازانەیان بە بزووتنەوەی نەورۆزی کوردستان بەخشیوە. یەکێتی و یەکدڵیی خەڵکی کوردستان لە ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵدا زۆرترین سەرنجی لەسەرە.

بە وردبوونەوە لە ڕەفتار و هەڵسووکەوتی خەڵکی کورستان لە ڕێورەسمە نەورۆزییەکان و پێکهاتەی مرۆیی ئەم ڕێورەسمانە کە لاوان و ژنان زۆرترینیانن و، هەروەها بە تێفکرین لە نێوەڕۆکی ئەو پەیام و وتار و سروودانەی لەم ڕێورەسمانەدا بڵاو دەبنەوە و، بە سەرنج خستنەسەر شێوازی پێکهاتن و بەڕێوەچوونی ئەم ڕێورەسمانە و ئەو هێما و نیشانانەی پێیانەوە دیارە، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە کوردستان و خەڵکەکەی لە چ ڕێڕەوێکی مێژوویی پڕ لە هوشیاری و ماریفەت دان.

کۆمەڵگەی کوردستان لەئاستێکی بەرزی خۆڕێکخستن دایە کە ئامیان و هەوێنی ئەم ڕەفتارە گشتی و جەماوەرییە، گەڕان بە دوای شوناسی نەتەوەیی و خودی ئینسانی کورد وەک خۆیەکی سەربەخۆ لە ئەوانی دیکەیە. خەڵکی کوردستان لەم ڕێورەسمانە و لە هەر دەرفەتێکی دیکەدا کە بۆی بلوێ و بگونجێ، بە زەقکردنەوەی تایبەتمەندییە زمانی، هێمایی، کلتووری، هونەری و زاتییەکانی خۆی، لەسەر ئەساس و بنەڕەتی شوناسخوازانە، تەعبیر لە خۆی وەک نەتەوەی کورد دەکات. ئەم تەعبیرە گشتی و جەماوەرییە بە هەڵوێست و ڕەفتاری کۆی کۆمەڵگەوە هەست پێدەکرێ کە بۆ ئەم مەبەستە، کۆمەڵگەی کوردستان وەک ئاماژەی پێ کرا، چەند ساڵێکە لەئاستێکی باشی خۆبەڕێوەبەری و خۆڕێکخستن دایە .ئەمە بۆ کۆمەڵگەیەکی بێبەش لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانی کە ڕۆژانە سیاسەتی سەرکوتی نەرم و سەختی لەسەر تاقی دەکرێتەوە، دەسکەوتێکی مەزنە، دەسکەوتێک کە بەرهەمی دەیان ساڵ خەبات و فیداکاری و کاری ڕێکخراوەیی حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانیەتی.

ژیاندۆستی و حەزکردن بە ژیان و خۆشییەکانی، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەنییە بەرزەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە. ئەم تایبەتمەندییە زاتییەی نەتەوەی کورد کە ڕیشە و بناوانی لە کلتوور، کەونار و سروشتی مرۆیی خۆی وەک کورد و

ژینگەکەی وەک جوغرافیای کوردستان دایە، بۆ دوژمنەکانی کە سەدان ساڵە کار لەسەر گوشەگیری، کوشتن و سڕینەوەی دەکەن، چەکێکی قورسی بەگژداچوونەوەیە.

هەموو ئەم مانایانە لە فەلسەفەی گۆڤەند و هەڵپەڕکێی کوردیدا هەیە کە کچان و کوڕانی بە پۆشێنی جوانترین و ڕازاوەترین جل و بەرگەکان، بە بەرزکردنەوەی هێما و نیشانەکان، یەکگرتووانە دەست لە نێودەستی یەکتر ماناکانی؛ ژیان بۆ مانەوەیان و خەبات بۆ ژیانێکی سەربەست بنیات دەنێن.

کۆماری ئیسلامی ئێران و هێزە سەرکوتکەرەکانی کە چاویان بەرایی دیتنی کۆمەڵگەی کوردستانیان بەم تایبەتمەندییانەوە نیە، بە کردەوە دەیان ساڵە سیاسەتی سەرکوت پەیڕەو دەکەن. ئەوان کە شوێنەواری دیار و بەرچاوی کلتووری کاری ڕێکخراوەیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خەڵکی کوردستانەوە دەبینن، هار دەبن و پەلاماری کۆمەڵگە دەدەن. ئەوان کە چاوی دیتنی متمانەی دوو لایەنەی نێوان خەڵک و چالاکانی مەدەنییان بەیەکتر نیە، بە گرتنی چالاکانی مەدەنی و گوشار بۆ سەر خەڵک، ڕق و تووڕەییەکانیان دادەمرکێنن. ئەوان کە لە جل و بەرگی پێشمەرگانە (خاکیپۆشی) تۆقیون، هەڕەشە لە خەیاتەکانی کوردستان دەکەن و پێش بە دەرکەوتنی لاوەکان بە جل و بەرگی خاکییەوە دەگرن و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیان لێ هەڵدەوەشێننەوە.

خەڵکی کوردستان بە بەدەستەوەگرتنی چەکە ڕەمزی و هێماییەکانی خۆی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی شوناسخوازانەی نەتەوەییدا شەڕی مان دەکات. بۆ ئەم مەبەستە گۆڕەپانێکی بەرینی خەباتگێڕانەی جەماوەریی بۆ خۆی پێناسە کردوە کە هەر جارە و خۆی لە شکڵ و شێوازێکدا وێنا دەکات و ئەم ڕۆژانە گۆڕەپانەکە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانن. خەڵک و چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات، وەک تا ئێستا نیشانیان داوە، وێڕای بەگژداچوونەوەی پلان و پیلانەکانی دوژمن و، بە بێ‌گوێدان بەوانەی بە سازکردنی پرسیار لەسەر نەورۆز و هێما و سەمبولەکان، سواڵی سەرنج و پێگەی لەدەستچوویان دەکەن، لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی دیکەی نەورۆز و گەیاندنی پەیامە گەورەکە بە دۆست و دوژمن، بەردەوام دەبن.

٢٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# هێما نەتەوەییەکانی کورد لە نەورۆزدا




**حەسەن قارەمانی**

هێما نەتەوەییەکانی کورد - ئالا، سروودی نەتەوەیی و جلوبەرگی نەریتیی ئێمە – مانایەکی قووڵیان بۆ خەڵکی کوردستان هەیە، بۆیە ئەو لایەنانەی خەبات دەکەن بۆ پاراستن و بەرگریکردن لەم هێمایانە، پشتیوانیی خەڵکیان هەیە، بەو پێیەی نوێنەرایەتیی هەستی بەکۆمەڵی سەربەخۆیی دەکەن.

نەورۆزی کوردەواری هەر جەژنێک نیە؛ هێمای خۆڕاگری و یەکڕیزی و ئیرادەی گەلە. جەژنی نەورۆز ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە مێژووی کورددا هەیە و گەشەی کردوە و بووەتە بەشێکی سەرەکیی ناسنامەی ئەم نەتەوەیە. نەورۆز بۆ زۆرێک لە کوردانی جیهان بیرهێنەرەوەی تێکۆشانیان بۆ ئازادی و چارەی خۆنووسینە. کورد لە ڕێگای ئاهەنگی نەورۆزەوە مێژوو و کولتوور و باوەڕی هاوبەشی خۆی لە داهاتوودا دەردەخات و ئەم جەژنە دەکاتە هێمایەکی بەهێزی یەکڕیزی و ئیرادەی جەماوەری؛ ئەم هێمایانە نەک تەنیا نوێنەرایەتیی میراتە مێژوویی و کولتوورییەکانی کورد دەکەن، بەڵکوو نیشاندەری خەباتێکی بەردەوام بۆ دانپێدانان و ئازادین.



سەرچاوە
Serchawe

ئـاڵا بە ڕەنگی گەشـاوە و خـۆری درەوشـاوەی لە ناوەنـددا، هێمـای هیـوا و بـوێری و بەدواداچـوونی سـەربەخۆییە. سـروودی نەتەوەیـی کە لە بـۆنە و کۆبوونەوەکانـدا دەوتـرێتەوە، دەنگ دەدات بە خەبـات و کۆڵنەدانی نەوەکـان. جلوبەرگی نەریتیـی ئێمە کە دەوڵەمەندە بە ڕەنگ و نەخشی مێژوویی، هێزی کولتووری و خۆڕاگریمان بیر دێنێتەوە.

لە کوردسـتاندا ئەم هێمایـانە نەک هەر لە ڕوانـگەی کولتـوورییەوە گـرنگن، بەڵکـوو لە ڕوانـگەی سیاسییشـەوە گـرنگن. ئەو لایەن و حیزبـانەی کە بـۆ بەرگریکـردن و ڕێزگـرتن لەم ڕەمـزانە دەوەسـتنەوە، پشـتیوانیی گەلیـان لەپشـتە. لە لایەکـی تریشەوە ئەوانەی گرنگیی ئەو هێمایـانە پشـتگوێ دەخەن، بەزەحـمەت متمـانەی خەڵـک بەدەست دەهێـنن، چـونکە زیـان لە بەشێکی بنەڕەتیـی ناسـنامەی کـوردایەتی دەدەن. بە واتـایەکی دی ناسـیۆنالیزم لای نەتەوەی کـورد تەنیـا سـنووری سیاسـی نییە، بەڵکوو پاراستنی میراتێکە کە نەوەکان خەبـاتیان بـۆ کـردووە، بـۆیە هێـما نەتەوەیییەکانمـان تەنیـا نیشـانەی مێـژوو نین، بەڵکوو بەڵگەی زیندوو بۆ یەکڕیز و بوونمان وەک نەتەوەیەکە.

### نەورۆز وەک فاکتەری یەکگرتوویی:

سیمبولە نەتەوەیییەکانی هەر نەتەوەیەک وەک ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، جلوبەرگی نەریتی و... ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە دروسـتکردنی هەسـتی کۆمەڵایەتیـدا دەگێـڕن، ئەم هێمایـانە ناسـنامەیەکی گشـتین. نەورۆزیـش یەکێـکە لە کۆڵەکەکـانی ئەم ناسـنامەیە و وەک خـاڵی گردبـوونەوەیەک، تـاک بە تـاکی ئەم نەتەوەیە لە نـاوچەی جیاجیـا و بە ڕوانـگەی جیـاوازی سیاسـییەوە لە دەوری یەکتـر کـۆ دەکـاتەوە. لەگەڵ ئەوەش لە کـاتی بەڕێوەچـوونی ئـاهەنگی نەورۆزدا گـۆرانیی نەریتـی دەوتـرێتەوە، شێعر دەخـوێنرێتەوە، چیرۆکی مێژوو و بەرخـۆدانی نەتەوەی کـورد هـاوبەش دەکرێت، بـۆیە نەورۆز دەرفەت و لەڕاستیدا ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی میراتی کولتووری بۆ نەوە نوێیەکان و پتەوکردنی پێوەندیی نێوان تاکەکان.

### بەهای سیمبۆلیکی سیاسی:

لە ماوەی سەدەی بیست تا سەدەی بیستویەک، بەڕێوەچوونی نەورۆز لە تورکیە، ئێران، سووریە و عێراق زۆرجار پێشی پێ گیراوە و تەنانەت سەرکوت کراوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش نەورۆز وەک هێمای خۆڕاگری و ئیرادەی جەمـاوەری بەرز ڕاگیـراوە. گردبـوونەوە لە دەوری ئەم نەریـتە دەرفەتێـک بە کـورد دەبەخشـێت کە ئیـرادە و هێـزی خـۆی لە بەرامـبەر سـەرکوتکەران و پێشێلکەرانی مافەکانیدا بسەپێنێ، ئەمە تەنیا لە کوردستاندا قەتیس نەماوەتەوە و لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهـانە کوردی تێدا بێ، ئاهەنگی نەورۆز دەگیرێ.



سەرچاوە Serchawe

## نەورۆز و ئیرادەی گەل:

ئیرادەی گەل لە ئاهەنگگێڕانی نەورۆزدا لە ڕێگەی بەشداریی بەکۆمەڵی خەڵک دەردەکەوێت. سەرەڕای چەندین ساڵ لە ستەم و هەوڵدان بۆ قەدەغەکردنی ئەو ئاهەنگە، کورد وەک نیشانەی ئیرادەی نەبڕاوەی خۆی بۆ بوون و دیاریکردنی داهاتووی خۆی بەردەوام بووە لە گرتنی ئاهەنگی نەورۆز.

دەکرێ نەورۆز لە چەند ڕوانگەیەکەوە شی بکرێتەوە: مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری. لە ڕووی مێژووییەوە درێژەپێدەری نەریتێکی زۆر کۆنە کە بەدرێژاییی سەدەکان مانای نوێی وەرگرتووە. لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە نەورۆز ڕۆژێکە کە کورد یەکریزی و خۆڕاگریی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵاتە ستەمکارەکان دەردەخات و ئەمەیە کە نیشاندەری ئیرادەی ئەم نەتەوەیە لە ئەمڕۆیدا کە بەرەوڕووی چەندان سیاسەتی سەرکوتکارانە دەبێتەوە. لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە نەورۆز وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردن و بڵاوکردنەوەی ناسنامەی کوردایەتی و کوردستانیبوون کاردەکات.

نەورۆز هەڵگری هێمایەکی بەهێزە کە کورد یەکدەخات بەبێگوێدانە هێڵە دابەشکەرەکانی ناوخۆ. ئاهەنگی نەورۆز نەوە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە و هەستی هاوبەشی سەربەخۆیی دروست دەکات. کورد بە ئاهەنگی نەورۆز جێگای خۆی لە جیهاندا و مافی بوونی خۆی وەک گەلێک پتەوتر دەکاتەوە.

## ئەنجام:

نەورۆز یەکێکە لە هێما هەرە بەرچاوەکانی یەکگرتوویی و ئیرادەی جەماوەریی کورد، بە هاوئاهەنگی و یەکگرتن، کۆبوونەوە لە دەوری ئەم نەریتە، مێژوو و کولتووری خۆی دەپارێزێت و لە هەمان کاتدا حەسرەتی ئازادی و بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی دەردەبڕێت. نەورۆز تەنها جەژن نییە بەڵکوو دەرکەوتنێکی بەهێزی شوناسێکی نەتەوەییە کە سەرەڕای هەموو ئاڵنگارییە مێژوویی و سیاسییەکان بەردەوامە؛ هەر ئەمەشە خاڵی سەرەکیی جیاکەرەوەی نەورۆزی کوردستان لەگەڵ ئەو نەتەوانەی تر وا ئەم بۆنەیە بەرز ڕادەگرن.
وەک وترا نەورۆز لەنێو کورددا تەنیا جەژن نییە، بەڵکوو هێمایەکی بەهێزی خەباتی بەردەوامی نەتەوەیەکە بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی خۆی؛ نەورۆز لە کوردستاندا ڕۆڵێکی ناوەندی و سەرەکی و گرنگ دەگێڕێت لە بەهێزکردنی ناسنامەی کوردی و گەیاندنی هەستی پێکەوەیی و هیوا بۆ داهاتوو.

٢٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# لە ئاوارەیەکی دوورە وڵاتەوە بۆ نەورۆزی خاکیپۆشان



**هاشم ڕۆستەمی**

وا نەورۆزە و گەردوون گەڕێکی دیکەی گۆڤەندی ژیانی بە ئاوازی دڵنەوازی خوڕەی چەم و شنەی دڵ بلاوێنی شەماڵ گەڕا و، مامە نەورۆزی سەربەرزی وەرزی پیرۆزی جوان، جوان جوان سەرچۆپیکێشی ئەم گۆڤەندەیە.

وا بۆ جارێکی دیکەش بانگی ئازادیخوازی لە گەرووی پڕ لە هاواری شمشاڵی شوانی قەدپاڵەکانی چلچەمە و قەندیل و ئارارات و سەرجەم شێو دۆڵی کوردستان بەرز بۆوە و پەژواکی ئاوازە بەسۆزەکەی بە بناراندا گەڕا کە دەیگووت: "بەهارە،

بەهارە!
هەیاران!
بروانن چلۆن لە دوای زستان بەهار دێ
چلۆن لە دوای زریان و تۆفان
شنەی شەماڵ دێ
ئاواش لە دوای ڕەشەبای زوڵم و بێدادی

هەڵدەکا شنەی شەماڵی شادی"...

هەیاران! ئەمساڵ لە نەرۆزی ڕێبەندان ڕا، لە بن ئاڵای ١١ ئەستێرەدیتووی چوارچرا ڕا، جامانە و هەوری لەمل و بە بەرگی خاکیەوە وەڕێ کەوتووم و توێشووی ڕێگەم لەنێو پارچەیەکی لاکێشەی سێ ڕەنگی سوور، سپی و سەوزەوە وەرپێچاوە. دەمێکە بە ڕێگەوەم، دەمهەوێ بەرەو هەوارگەی مامە نەورۆز هەنگاو بنێم، بەڵام ڕێگەم سەخت و حەستەمە. لە ڕێگەمدا، کاتێک بە ڕێگەی دووری مێژوومدا دەڕوانم، "مێشکی شەش کوڕی کاوەی باپیرمان لە بەردەم مارە نەوسنەکانی سەر شانی ئەژدەهاک دەبینم."

کاتێک سەیری مێژووی دوێنی و پێرێشمان دەکەم،

دیسان مێشکی پرژاو، خوێنی ڕژاو، سەری براو، لاشەی سووتاو، شار و گوندی رووخاو، بەڵێ، دیسان کۆی زووخاو بە دەست حاکمانی داگیرکەرەوە دەبینم. بەڵام نیگەران نیم، چوونکە هەر لەم کاتەدا گەلێکی خرۆشاو و خاکی پۆشانی دڵ پڕ لە گڕی نیشتمانپەروەری دەبینم.

ماندوو و هیلاک و دل پڕ لە تەم
دەمهەوێ تێپەرم لە بەحری فرمێسکو خەم

لە داوێنەکانی کاروخ و ماکۆک و کێوەڕەش، لە شارە جوانەکەی ڕانیە، تووشی شایی و لۆغانی ڕاپەرین دەبم. تەمی خەم و زەردەخەنەی سەر لێوان لە وێ دەست لە ملانی یەک دەبن. لە نێو ئاپۆرای جەماوەریی چەند ساڵ لەمەوبەردا دەست دەکەم بە گەڕان. هەر دەگەڕێم و دەگەڕێم تا خۆم لێ ون دەبێ و سەرئەنجام لە غوربەت و هەزاران کیلۆمیتر دوور لە زید و نیشتیمانمدا دەگەمە هەوارگەی مامە نەورۆزی ئەمساڵم. بەڵام چ بکەم دڵ ئۆقرە ناگرێ بەر لەوەی بە دیداری مامە نەورۆز شاد بم.

مەلی هەست و ئەندێشەم ئەوجاریش بەرەو ئاسمانی نیشتمان باڵ دەگرێ، دەشت و کێو و ئوقیانووسەکان یەک یەک دەبڕێ، دەفرێ و دەفرێ
مەلی دڵی پڕ لە تاسەم، تاسەی شاد بوونەوە بە نیشتمانی ڕزگار کراوم، لە گەڵ شنەی شەماڵی شادی دەست لە ملانە، تا دەگاتە شوێنی دیاری کراوم، لەوێ لە سەر ئاسمانی شار و گوند و چیا و پیدەشتەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لەنگەر دەگرێ. کەچی بیرەوەری دیمەنە دڵتەزێنەکانی کوشتن و سەربرین و ڕفاندن، دەیکەنە مۆم و دڵۆپ دڵۆپ دەیتوێننەوە.

دەیکەنەوە بە خاک، دەیکەنەوە ئاو، دەیکەنەوە سەوزایی و سەرلەنوێ دەیڕوێننەوە، دەبێتەوە دەنگ و ئاواز، دەبێتەوە نەعرەتەی شێرانە و، هەمدیسان سروودی ژن، ژیان، ئازادی دەڵێتەوە.

## هۆ مەلی تیژباڵی ڕوح و خەیاڵم!

لە دونیای بیر و خەیاڵی ڕابردوودا گیر مەکە، چاوە تیژبینەکانت تیژتر بکە و وردتر بڕوانە، بەڵام بەر لەوەی چاوەکانت بە دیمەنی پڕ لە نەعرەتەی شێرانەی خاکیپۆشانی نیشتمان ڕون بکەیەوە، وەک ئەرکی گەلدۆستی و وەفا بۆ پێشەوای شەهید, سەرەتا بەرەوە مەهاباد باڵ بگرە. نیگەران مەبە و ڕێگە ون ناکەی. چوونکە لە هەر گۆشەیەکی ئەم نیشتمانە ڕا نووری چراکانی چوار چرا دیارن. شەو بێ و ڕۆژ بێ فەرق ناکات، ئەوان ڕێنیشاندەرن. هەر کە گەیشتیە ئەوێ، بەرەو گۆرستان، نا نا بەرەوە مەنزڵگەی پێشەوای مەزن بفرە. لە خزمەت ڕوحی بەرز و هەرگیز نەمریدا کرنۆش بەرە و هەواڵی وەرێ کەوتنی مامە نەورۆزی خاکی پۆشانی پێ بگەینە.

هۆ ڕوحی تامەزرۆی باڵ گرتوو! دەزانم تا ئەبەد لە ڕاوەستانی دەستەو نەزەر، لە خزمەت پێشەوای مەزندا ماندوو نابی. بەڵام ڕوخسەت بخوازە و برۆ. باڵ بگرە و بفرە بەرەو پولدەشت و ماکۆ، لەوێ ڕا پێداوەرە، بەرەوە ورمێ، نەغەدە و شنۆ، بڕۆ بەرەوە پیرانشار، سەردەشت، بانە، مەریوان و کامیاران، بگەڕێوە بەرەوە ڕەبەت، مەهاباد و بۆکان، بوکی ڕازاوەی موکریان، لەوێشەوە بەرەو سەقزی پێشەنگ و سنەی سەربەرز و کرماشانی دێرین، بەرەوە سەرپێلی زەهاو، گێلان، شار بە شار تا قەسری شیرین، لە ئاسمانی ئیلامەوە بە حورمەتەوەکرنۆش بەرە بۆ سەر سەرجەم شار و گوند و چیا و دۆڵێ ئەو دەڤەرە، بۆ سەرجەم کیژ و کوڕانی نیشتمان، بۆ سەرجەم خەمخۆرانی کوردستان، بۆ گۆڤەندگێڕانی نەورۆزی تێکۆشان، بۆ سەرجەم هەوری لەملان و خاکیپۆشان.

## هۆ مەلی تیژباڵی خەیاڵم، هۆ ڕوحی بە دووی ڕزگاریدا عەوداڵم!

لەوێ ڕا پێداوەرە، لە هەر شارێک، لە هەر گوندێک، لە هەر پێدەشتێک، لە بناری هەر چیایەک، ئاگری نەورۆز و گۆڤەندی خاکیپۆشانت دیت، نەر نەرم لەنگەر بگرە و وەرخوارێ، بە حورمەتەوە ببە بە قوماشێکی خاکی و خۆت بە بەر بەژن و باڵای تاک بە تاکی ئەو جەماوەرە خرۆشاوەدا بکە. ببە بە هەوری و جامانە و، وەک ملوانکەی ژیان، مل و گەردنی ئەو شۆخ و شەنگ و شۆڕەلاوانە وەڕازێنە. ببە بە دەسترۆکەی دەستی سەرچۆپی کێشان، بۆنەورۆزی خاکیپۆشان.

٢٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# پەیامی نەورۆزیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەبۆنەی دەسپێکیساڵی ١٤٠٤ی هەتاوی




**بۆنە نەورۆزییەکان تەعبیر لە مانایی و زیندووبوونی کورد وەک نەتەوەیەک و خاوەندارەتیی لە پرسە ڕەواکەی دەکەن**
**(پەیامی نەورۆزیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەبۆنەی دەسپێکی ساڵی نوێی خەبات و تێکۆشان)**

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

سەرەتا بەبۆنەی هاتنەوەی نەورۆز، جێژنی نەتەوەیی و کۆنینەی کوردان پیرۆزبایی لە هەموو ئێوە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان دەکەین و هیواداریـن لە ساڵی نوێی ژیان و تێکۆشانیشدا، خەباتی سیاسی و نەتەوەییمان و یەکگری و یەکیەتیی خەباتکارانەمان هەنگاوی زیاتر بەرەو ئامانجەکانی بنێت. لە بەرەبەری نەورۆزدا سڵاو لە ئێوە خەڵکی کوردستان کە سەرەڕای زەبروزنگی زۆری کۆماری ئیسلامی و کۆی قەیرانە نێوخۆییەکان، بەڵام ئاڵای خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەی کورد لە ئێرانتان بەرز ڕاگرتوە. سڵاو لە زیندانیانی سیاسی کە بە کۆڵنەدان و خۆڕاگرییان بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامییان کردۆتە سەنگەری ئازادیخوازی و سڵاو لە بنەماڵەکانیان کە تێچووی قورسی ئەو خەبات و خۆڕاگرییە لەسەرشانیانە. سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و بنەماڵەی پێشمەرگە لەخۆبوردووەکانی نیشتمان. سڵاو لە هەموو هەڵسووڕاوان و خەباتکارانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کە بە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامیان سیمایەکی

زیندوو و هەردەم ڕوو لە گەشەیان بە بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ئێران بەخشیوە.

## هاونیشتمانیانی خۆشەویست!

ئەمە نەریتێکی جێکەوتوە کە خەڵکی کوردستان لەمێژساڵە فەلسەفەی نەورۆز وەکوو هێمای ژیانەوە و ڕاپەڕینیان کردوەتە چرای ڕێگای ژیان و خەبات و، بە تێکۆشان و نەسرەوتنیان، یەکگر و یەکرتوو لە سەنگەری شوناسخوازیی خۆیاندا پتەو ڕاوەستاون. لەو ڕۆژانەشدا و لە درێژەی ڕەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، بۆنەکانی تایبەت بە پێشوازی لە ساڵی نوێی هەتاوی و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بوونەتە گۆڕەپانێکی دیکەی کار و چالاکییە سیاسی و مەدەنییەکان. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو و بەدوای ڕێوڕەسمە بەرین و پڕ لە پەیام و ماناکانی نەورۆزی ١٤٠٣ی هەتاوی، خەڵکی کوردستان لە بۆنە و دەرفەتی جۆراوجۆردا و بە داهێنان و ئیبتکاری خۆیان وێڕای داکۆکی و پارێزگاری لە بەها و بایەخە نەتەوەییەکانی خۆیان، وەک هەمیشە بەرانبەر بە ڕەشترین ڕێژیمەکانی سەردەم، واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران و سیاسەتە دژیگەلیییەکانی لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بەردەوام بوون؛ بۆ ئەو بەردەوامی و خەبات و خۆڕاگرییەش تێچوویەکی زۆریان داوە.

خەڵکی کوردستان سەرەڕای سەختییەکانی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەیان کە بە هۆی سیاسەتە چەوت و پڕ لە هەڵە سیاسی و ئابوورییەکانی ڕێژیمەوە بە سەریاندا سەپاوە، لە بەدواداچوونی چارەنووسی سیاسی و پاراستنی کەرامەتی ئینسانیی خۆیان غافڵ نەبوون و لە هەر بارۆدۆخێکی ئاراییدا هەڵوێستی شیاوی خۆیان بووە. لەم پێوەندییەدا ڕۆڵ و دەوری کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی بوارە جیاجیاکانی؛ ئەدەبی، ژینگەپاریزی، مامۆستایان، کریکاران، پارێزەرانی زمان و کولتووری کوردی، مامۆستایانی ئایینیی دەرووەست بە خاک و خەڵک، ژنان و لاوان و... بەرچاو و شوێندانەر بووە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ٤٦ ساڵە بە گرتنەبەری هەموو جۆرە سیاسەتێکی سەرکوتکارانە و داپڵۆسێنەرانە، هەوڵی دژایەتی و سڕینەوەی هەر جۆرە بەها و نیشانەیەکی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی خەڵکی کوردستان دەدات، لە یەک ساڵی ڕابردووشدا و بە پیشەی هەمیشەیی خۆی و توندتر و دژتریش جووڵایەوە، ئەمەش لە چەند بەرانبەربوونی کوشتن و گرتن و زیندانیکردن و لەسێدارەدانەکان لە کوردستان لەچاو شوێنەکانی دیکەی ئێران بە ڕوونی و بە تەواوی دیار و ئاشکرایە. دەستبەسەرکردنی لاوان بە هۆکاری پۆشینی جلوبەرگی خاکی کە هەڵگری بایەخ و واتای مانادارای خۆیەتی و هەڕەشە و گوڕەشەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دەزگا ئەمنیەتییەکان لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان و ترسیان لەو هێما و جلوبەرگانەی خەڵکی کوردستان لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکاندا کەڵکی لێ وەردەگرن، تازەترین هەڵسوکەوتی دژیگەلییانەی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە خەڵکی کوردستانن. لە بەرامبەردا خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکی

کوردستان بە هۆی بەرزیی وشیاریی نەتەوەیی، ڕێکخراوبوونی کۆمەڵگە و ڕەنگدانەوەی پەیامی شوناسخوازخوازانەی بزووتنەوەی پڕ ل شانازیی سیاسیی کورد لە دڵ و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا، چوارچێوەیەکی بەرین و قووڵی جەماوەریی بەخۆیەوە گرتوە. پرسە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کە لە ئێستادا پێناسەیەکی گشتگیری مافویستی و شوناسخوازانەی وەرگرتوە، بە لێکئاڵان و یەکخستنی هێز و وزەی خەبات و خۆڕاگری، بزووتنەوەیەکی گەورەیان ڕێک خستووە کە لە هەر دەرفەتێکی گونجاودا بە فۆرم و پەیامی تایبەتەوە خۆی دەردەخات. بزووتنەوەیەک کە لە بەستێنی خرۆشانەکەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا سنوورەکانی کوردستان و ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناڤینی بڕی و لە ئاستی نێونەتەوەییدا بوو بە نموونەیەکی جیهانی و کاریگەریی شیاوی خۆی دانا.

## خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

ئێستا کە بەرەو نوێبوونەوەی ساڵ و بۆنە نەورۆزییەکانی ١٤٠٤ی هەتاوی دەچین، جارێکی دیکە ئێوەی کۆمەڵانی خەڵک لە چوارچێوەی ڕێوڕەسم و کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا کە بە "نەورۆزی خاکیپۆشان" ناودێرتان کردوە، بە کەڵکوەرگرتن لە درووشم و هێما و جلوبەرگی تایبەت، قۆناغێکی دیکە لە جموجۆڵی شوناسخوازانەی خۆتان دەبڕن و بە بێگوێدان بە ربەستەکانی دەسەڵات، لە بەرەوپێشچوون و ڕانەوەستاندان. لە وەها قۆناغێکدا کە خەڵک لە کوردستان بە شکڵ و ڕەفتاری جۆراوجۆر تەعبیر لە مانایی و زیندووبوونی خۆی وەک نەتەوەیەک و پرسە ڕەواکەی دەکات، دەسەڵاتی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەوپەڕی زەبوونی و داماویدایە. ئەم ڕێژیمە سیاسییە سەرکوتگەرە لە نێوخۆی ئێران خاوەنی نزمترین مەشروعیەتی سیاسییە و لە ڕووی ئیدئۆلۆژییەوە تووشی دارمانی فکری هاتوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا لەوپەڕی لاوازی و شکستدایە. ئەم ڕێژیمە لە ڕوانگەی گەلانی ئێرانەوە جیا لە ڕووخان و ڕۆیشتن ڕێگایەکی دیکەی لە بەردەمدا نییە و وڵاتی ئێرانیش بەبێ کۆتاییهاتن بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە ڕووی هیچ جۆرە بەرەوپێشچوونێک بەخۆوە نابینێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پشتبەستن بە هێز و ئیرادەی ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە پشتیوانیی لە خەباتی شوناسخوازانەی گەل کە هەر ئێستا لە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆردا لە بەردەوامبوون و بەرەوپێشچووندایە، پێی وایە بەهێزکردنی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی نێوخۆی وڵات و کارکردن بۆ یەکخستنی هێزی مەیدانیی خەڵک لە نێوخۆی وڵات دەتوانێ پاشەکشە بە سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیم بکات و لە کۆتاییدا ڕوخانی ئەم ڕێژیمەی لێ بکەوێتەوە. بۆیە لێرەوە ڕوومان دەکەینە گشت کەسایەتی و هێزە سیاسییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و جارێکی دیکەش پێداگری لەسەر زەروورەتی یەکخستنی نێوماڵی کوردی، یەکگرتوویی گەلانی ئێران و پێوستیی لێکنزیکبوونەوەی زیاتری ڕێکخراوە مەدەنییەکان و هێز و لایەنە سیاسییەکان دەکەینەوە و بۆ بەدیهێنانی ئەمەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروەک هەمیشە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێتەوە و خۆی بە ئەرکدار دەزانێ.



سەرچاوە Serchawe

**سەرکەوێ بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران**

**نەورۆز و هاتنی سەری ساڵی نوێی هەتاوی پیرۆز بێت.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**کۆمیتەی ناوەندی**

**٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٣ (١٩ - ٣ - ٢٠٢٥)**

**٢٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤**



## پەیامی نەوورۆزیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




**خوشک و برایانی بەڕێز!**
**هاونیشتمانییانی تێکۆشەر!**

**بەبۆنەی جێژنی نەورۆز، پیرۆزبایی گەرم لە هەموو نەتەوە ئازادیخوازەکانی ئێران، بە تایبەت نەتەوەی کورد، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و کۆمەڵگەی وشیار و ئازادیخوازی کوردستان دەکەم. لەبەرانبەر زیندانییانی سیاسی و بنەماڵە بەڕێزەکانیان سەری ڕێز دادەنوێنم.**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

خوێندنەوەی ڕووداوەکانی یەک ساڵی ڕابردوو لە چەند ڕووەوە جێی سەرنجن. شکستی پرۆژە سیاسی و سەربازییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکان، یەکێک لە ڕەهەندەکانیەتی. دەستپێکەکەی، بە شکستی شانۆی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری، بە هۆی دەنگی"نای"ی زۆرینەی خەڵکەوە بوو. دواتر، تێکشکان و لاوازیی هێزە نیابەتییەکانی بەدوادا هات. ئەم شکستە لە پانتایەکی سەربازی، هەواڵگری و مەیدانیدا ڕووی دا کە پێشتر کۆماری



سەرچاوە
Serchawe

ئیسلامیی ئێران وەکوو "قووڵاییی ستراتیژیک"ی خۆی ناوی لێ دەبرد. ئەم هاوکێشە نوێیە، کە لە بەستێنی گۆڕانکارییەکی بەرفراوانی ناوچەییدا هاتووەتە ئاراوە، لەگەڵ شکستە سەربازییەکانی حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان و بەتایبەت دوای کەوتنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، بۆشاییی سەربازی، هەواڵگری و بەگشتی قووڵاییی قەیرانە نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامییش زیاتر دەرکەوت.

لە ساڵی ١٤٠٣دا، ئەو قەیرانانە بە کۆمەڵێک قەیرانی کەڵەکەبوو و تێکچرژاوی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و وزە و بەڕێوەبەری، قووڵتر بوونەوە. قەیران و گەندەڵیی پێکهاتەییش، بەشێکی دانەبڕاو لە کولتووری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە ڕێگەی تێکهەڵکێشکردنی هێزی سەرکوت، دامەزراوە، یاسا و ئیدئۆلۆژییەوە، بەرهەم دێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە تەواوییەتی خۆیدا پێداگری لە سەر"وەزعی مەوجوود" دەکاتەوە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ دۆخی چەقبەستووی ڕێژیم و شکاندنی کەرامەتی مرۆڤەکان.

هەر لەم ساڵەدا، ڕێژەی ئیعدامەکان بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو ١٧٪ زیادی کردوە. تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٤دا، زیاترلە ٩٠٠ کەس ئێعدام کراون کە ٣١ کەسیان ژن بوون. زیاتر لە ١٤٠ چالاکی ژن دەستبەسەر کراون. بڕیاری لەسێدارەدانی دەیان کەس دەرکراوە. لە کوردستانیش دوو ژنە چالاکی سیاسی بە ناوەکانی وریشە مورادی و پەخشان عەزیزی حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپاوە.

لە کوردستانیشدا ئەمساڵ، ئیعدام و دەرکردنی بڕیاری لە سێدارەدان، سەرکوتی ژنان، کرێکاران، خوێندکاران، کردنە ئامانجی کۆڵبەران، گرتن و زینداندنیکردنی ژینگەپارێزان، ڕۆژنامەوانان، مامۆستایان، چالاکانی مەدەنی و چالاکانی بواری زمان و دەیان تاوان و پێشێلکاریی دیکە، دیمەنە هەمیشەییەکان بوون.

وێڕای دۆخی سەرکوت، ڕەوتێکی مانادار لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان، وەلانانی حیجابی زۆرەملێیە لە لایەن کچان و ژنانەوە. ژنانی بوێر و وشیار، سەرەڕای سزا و یاسا دژەمرۆییەکان، بەم کردەوەیان، پرسیاریان لەسەر ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتی دواکەوتووی ڕێژیم دروست کردوە و، سەلماندوویانە داکۆکی لە ئازادی و مافە زەوتکراوەکانیان دەکەن. بە گشتی بەرەی دژبەرانی ڕێژیم و لە سەرووی هەموانەوە بزووتنەوەی ژنان، قۆناغێکی نوێ لە ململانێ ئەزموون دەکەن.

لە خەباتی پتر لە سەد ساڵەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڕوونی دەبینرێ کە بیری کوردایەتی و ئازادیخوازی بووەتە بەهایەکی گرینگی فکری و سیاسی. ئیستا لە هەموو گوند و شارەکاندا خەڵک زیاتر لە جاران ڕادەی وشیاریی نەتەوەییان بەرز بووەتەوە. ئاکامی هەڵکشانی وشیاریی نەتەوەیی، لەسەر شەقامی کوردستان و لە قۆناغی



سەرچاوە
Serchawe

بزووتنەوەی ژینادا زیاتر خۆی دەرخست. فرەجەمسەربوونی خەباتی دژەستەمی نەتەوەیی لە کوردستان، ئاماژەکانی وەدیار کەوتوون.

### کوردستانیانی ئازادیخواز!

ئەگەرچی پەیوەندییەکانی نێوان ناوەند و پەراوێزخراوەکان، ڕەهەندێکی داگیرکارانەی هەیە و ئەم خۆبەناوەندکردنە، لە ڕەوتێکی مێژووییدا بەدامەزراوەیی کراوە، بەڵام بەردەوام وەکوو بابەتێکی سروشتی و ئاسایی نیشان دراوە. ناوەندێک کە لە پێناو پاراستنی ناسیۆنالیزمی سەرکوتکەری ئێرانیدا، ڕشتنی خوێنی مرۆڤەکان پیرۆز دەکات. ئەم ناسیۆنالیزمە، بە زەبروزەنگ، کولتوور و زمانی فارسیی بە سەر غەیرەفارسەکاندا سەپاندوە. ویستوویەتی بە ناوی کولتووری هاوبەشی ئێرانییەوە، کولتووری فارسی وەک کولتووری نەتەوەیی داسەپێنێت.

لێکەوتەی بنیاتنانی دەوڵەتی ئێرانی (بە واتای سەروەریی یەک پێکهاتە)، بە درێژایی مێژووی خۆی، بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندیی باڵادەستییە کە تیایدا، فرەنەتەوەیی و فرەناسنامەبوونی جوغرافیای ئێرانی هاوچەرخ، حاشای لێ کراوە. بەڵام ئەم هاوکێشەیە، لە دوای بزووتنەوەی"ژینا" و ڕاپەڕینی هەرێمە نەتەوەییەکان، لە بەرژەوەندیی پەراوێزخراوەکان، لاسەنگ بووە. هاوکێشەیەکی نوێ لە کوردستان و ئەم هەرێمانە هاتووەتە کایەوە. بزووتنەوەی ژینا، لەگەڵ ئەوەی مانیفێستێکە بۆ ئازادی، هاوکات بەستێنێکە بۆپێکگەیشتنی دەنگە سەرکوتکراوەکان. هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی نێو جوغرافیای ئێرانیش، هێز و وزەیەکی پەنگخواردووە بەرانبەر بە هەموو پاوانخوازییەک. ئەم گۆڕانکارییە بێوێنەیە و، هێزی یەکلاکەرەوەی داهاتووی سیاسیی نەتەوەکان و کۆمەڵگاکانی ناو ئێرانە. بە تایبەت کوردستان زیاتر لە جاران، ئاگاداری چەوساندنەوەی جێندەری و ڕەهەندەکانی ستەمی نەتەوەیی بووەتەوە و دەیهەوێ بە پێشەنگایەتیی ژنان، کۆمەڵگای کوردی، یەکسانییەکی زیاتری تێدا ببینرێ.

### خوشک و برایانی خۆشەویست!

بۆ مرۆڤی ئازادیخواز و نەتەوەی بەهەڵوێست، کە دۆخی بێ مافی و بێ دەسەڵاتیی خۆی ناسیوە، تێپەڕاندنی دۆخی بندەستی، یەکەم بژاردەیە. بە تێگەیشتنی قووڵ لەو واقعییەتە کە ڕۆژانە لەسەر خاکی خۆی، مێژوو، ناسنامە، زمان، هێما و بەها نەتەوەییەکانی لە ژێر سڕینەوە و هەڕەشەدایە، تەنیا ڕێگا، خەبات و خۆڕاگرییە. پابەندبوون بەم پرەنسیپانە، ئەرکێکی مێژوویی، سیاسی و نەتەوەییە. خەباتی سەخت و خوێناوی لە پێناو ئازادی و سازدانی بزووتنەوەیەکی فرەڕەهەند و بەربڵاوی نەتەوەیی لە مێژووی هاوچەرخدا، لای کوردستانیان، ئەم ئەرکەی گۆڕیوە بۆ

بەرپرسیاریێتی بەرانبەر بە خاک و ناسنامە.

خاڵێکی هاوبەشی ڕاپەڕینی" ژینا" و "بۆنەی نەورۆز"، نواندنەوەی تایبەتمەندیی فرەچەشنیی کۆمەڵگای کوردستانە. بزووتنەوەی ژینا، بەهاکانی ژیانێکی دوور لە چەوسانەوەی بۆ کوردستانیان نواندەوە. بیری کوردایەتی زیاتر لە هەموو کات ئاوێتەی مانای ڕزگاریخوازی و بەها گوتارییەکانی بووە. نەورۆزیش بووەتە بۆنەیەک کە سەرەڕای گرێدانی نەتەوەی کورد بە مێژوویەکی کۆنەوە، مانایەکی سیاسی، گوتارێکی داهێنەرانە و ڕزگاریخوازانەی لێ بەرهەم هاتوە. لەم مانا نوێیەدا، نەورۆز کەرناڤاڵێکی بەرخۆدانی نەتەوەییە. ئاماژەیەکی ڕوون کە مەبەست لێی، ڕابوون و ڕاسانە دژ بە داگیرکاری و بێ مافی.

لە بزووتنەوەی ژینادا، کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە هەموو چین و توێژەکانەوە بەشدار بوون. لە خوێندکاران و کرێکارانەوە بگرە تا مامۆستایانی ئایینی؛ لە ژنان و کچانی ئازادیخوازەوە بگرە تا ئەو کاسبکارانەی بە حەوتوو دووکان و بازاڕیان دادەخست، لە یاریزانەکانەوە بگرە تا مامۆستایانی قوتابخانە. بەم شێوەیە خەڵکی ڕۆژهەڵات نیشانی دا، ڕەمزی نەمریی کوردستان لە فرەچەشنی و هاوهەلوێستیدایە. نیشانی دا، هەموو کاتێک دژ بە هەر جۆرە بیرۆکەیەکی فاشیستییە کە بیهەوێ ماف و کەرامەتی سەرکوت بکات. لە نەورۆزی ئەمساڵیشدا وەکوو نەریتێکی دژەستەم و دژەداگیرکاری، نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگر بە کۆشکی تاریکییەوە دەنێت. هێمای خاکیپۆشان و پارێزەرانی خاک، ئاوێتەی جلوبەرگی ڕەنگاڵەی کوردستانیان دەبێ. یەکدەنگ، سروودی ئەی ڕەقیب دەڵێنەوە و، نەورۆز دەکەن بە هەوێنی نوێبوونەوە، بەهێزبوونەوە و یەکیەتیی نەتەوەیی لە هەموو کوردستان.

کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، بە هۆی بەسیاسی بوونی شوناسی کوردی و ئەزموونی دوور و نزیکی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و مەدەنی، توانای خۆڕێکخستنی هەیە. کۆمەڵگەیەکی" پێشەنگ" کە مەیداندارە؛ خۆی بە خاوەن پرسی نەتەوە وناسنامەی خۆی دەزانێ. هەر لەم پەیوەندییەدا، وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێمان وایە هەلومەرجی نوێی ناوچەیی و لاوازیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوە، بەستێن و دەرفەتێکی لەباره بۆ سازدانی هاوپەیمانیی ئازادیخوازان و هەرێمە نەتەوەییە بندەستەکان دژ بەم ڕێژیمە. سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جەخت لە سەر یەکڕیزی و هاوخەباتیی سەرجەم هێز و لایەنەکانی کوردستان دەکەینەوە. وەکوو حیزبی دێموکرات، بە خوێندنەوەی هەلومەرج و دەرفەت و هەڕەشەکانی سەر ڕێی بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستان، بەرپرسیاریێتیی مێژوویی خۆمان لەبەر چاوە. بە خوێندنەوەی ڕەهەند و قووڵاییی گۆڕانکارییەکان، وێڕای خۆڕێکخستنمان، پێداگرین لە سەر گوتاری کوردستانی، یەکڕیزیی نیشتمانی و پێکگەیشتنی نەتەوەیی.

## بەرزو پیرۆز بێت نەورۆزی کوردەواری

**مستەفا هیجری**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٣٠ی ڕەشەمەی ١٤٠٣ی هەتاوی**

**٣٠ی رەشەمەی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# نەورۆزی خاکیپۆشان، مەتەریزی شوناسخوازی!



**جەماڵ فەتحی**

بۆ ئەوەی بەباشی و بەشیاوی لەسەر نەورۆزی خاکیپۆشان وەکوو چەمکێکی نوێ کە توانی لە ماوەیەکی کەمدا لە ئەدەبیاتی کولتووری و تەنانەت سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێی خۆی بکاتەوە بدوێین، دەبێت سەرەتا بزانین نەورۆز و خاک چ واتایەک لە خۆ دەگرن و چ پێوەندییەکیان پێکەوە هەیە. نەورۆز یان نوێڕۆژ کە بە دەسپێکی هەموو ساڵێک هاتووەتە ئەژمار ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا بارێکی سروشتی لە خۆ گرتووە، بۆ ئێمەی کورد کە لەم ناوچەیە خاوەن مێژوویەکی چەندین هەزار ساڵەین تەنیا بە ڕازیبوون بە بارە سروشتییەکەی ناتوانین نەورۆزی کوردەواری وەک خۆی پێناسە بکەین، چونکە نەورۆز بۆ کورد بەپێچەوانەی ئەو نەتەوانەی دیکە کە خۆیان بە نەورۆزەوە هەڵواسیوە واتایەکی شوناسخوازانەی هەیە و لە گێڕانەوەیەکی ڕواڵەتیدا ناتوانین پێداگری لەو بەشە بکەین کە نەورۆز بۆنەیەکی نەتەوەیی و هوشیارییەکی سیاسی و مێژوویی پێیە.

ئەگەر نەورۆز تەنیا بە ئاڵوگۆڕێک لە کەوشوهەوا و ڕواڵەتی سروشتدا ببینین ئەوە دەکرێت ئەم بۆنە هی هەموو ئەو نەتەوانە بێت کە لە دەوروبەری کوردستانن و یان لە باری جۆغرافیاییەوە دەکرێت هاوشێوەی کوردستان بن، بەڵام ئەگەر

لە ڕوانگەی مێژوو و فەلسەفەوە بڕوانیتە بابەتەکە بەوە دەگەیت کە نەورۆز جیا لە پێناسە، ڕواڵەتی و گشتییەکەی، پێناسەیەکی مێژوویی - سیاسیشی لە پشتە کە ئیتر لەم بەشەدا تەنیا کورد دەتوانێت بڵێت من خاوەنی ڕاستەقینەی نەورۆزم. وەک دەزانین نەورۆز و ئاگر وەکوو دوانەیەکی لێکدانابڕاون و هەر کاتێک ناوی نەورۆز دێت ڕاستەوخۆ ئاگر لە زەینـدا وێنـا دەکرێت. ئێستە کە باسی ئاگریش هاتە ناوەوە دەبێت بزانین بۆ ئاگر و نەورۆز وێنـای یەکترن و چ پێوەندییەکیان بە ئێمەی کوردەوە هەیە. ئەگەرچی لە ئێستەدا بەشی هەرە زۆری کورد خاوەن ئایینی ئیسلام و لە نێوان ئایینزای شیعە و سونیدا دابەشکراون، بەڵام لە پەنای ئەم ئایین و ئایینزایاندا، هێندێ ئایینی دیکە لە کوردستاندا هەن کە لەوانە دەکرێت ئاماژە بە ئایینی یارسان، ئارەوی یان هەمان عەلەوی، ئیزەدی کە بە هەڵە هەتا ماوەیەکی پێش پێیان دەگوترا یەزیدی بکرێت. ئەگەر بە ڕوانینێکی فەلسەفییەوە لەم ئایینانە قووڵ بینەوە هەست بەوە دەکەیت کە پێوەندییەکی قووڵی مێژووییان لەگەڵ هێندێ بۆنەی کۆنی کوردییەوە هەیە و لەسەر ئەوەیکە بۆنەیەک وەکوو نەورۆز ئاخێزگەکەی کوردستان بووە و لە کوردستانەوە شۆڕ بووەتەوە بۆ ناوچەکانی دیکە بە قەناعەت دەگەین. لەم پێوەندییەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە بۆچی نەورۆز لە کوردستان سەری هەڵداوە؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت لە چەند ڕەهەندەوە بابەتەکە ڕاڤە بکرێت کە یەک لەوانە باری جۆغرافیایی و کەشوهەوایەکە کە کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە. لەبەر ئەوەیکە کوردستان ناوچەیەکی شاخاوی و ساردتر لە ناوچەکانی دەوروبەری خۆیە بۆیە بۆ بەرەوپێشبردنی ژیان ئاگر دەورێکی کاریگەری هەبووە و بۆ تێپەڕاندنی ژیانێکی ئاسوودەتر پێویست بووە. ڕاستە ئاگر لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی و بژێوی ژیانی هەموو گەلەکاندا و تەنانەت لە پێشکەوتنی پیشەییدا ڕۆڵی گێڕاوە، بەڵام ئەوەیکە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان وای خواستووە کە بۆ بەردەوامی ژیان ئاگر پێویست بێ و هەبوونی ئایین و ئایینزاگەلێک کە لە ڕواڵەتی وشەکانیانەوە دیارە پێوەندییان بە ئاگرەوە هەیە، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە کوردستان ئاخێزگەی ئاگر و نەورۆزە کە ئاگر هێماکەیەتی. و بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین ئاماژە بە ئایینی ئارەوییەکان بکەین کە بە مەبەستی سیاسی کراوەتە عەلەوی و پێوەندی دەدەن بە عەلی کوڕی ئەبووتالبەوە یان ئیزەدی یان هەمان ئایینی میترا و مێهرپەرەستییە کە لە باری دەروونییەوە پێوەندییەکی ئابستراکتی بە گەرماوە هەیە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕوانگە دەکرێت لە قسە و هەڤپەڤینی ڕۆژانەی ئێستەی کۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت فارسەکانیش کەڵک وەربگرین کە کاتێک باس لە مێهر دەکرێت میتافۆری گەرما لە پشتیەتی، بۆ نموونە: کاتێک ئاماژە بە مێهر و خۆشەویستی لە نێوان دوو کەس دەکرێت مەبەست گەرموگوڕیی نێوانیانە و کاتێک ئاماژە بە نامێهرەبانی دەکرێت مەبەست هەبوونی ساردووسڕی و دابڕانێکە کە لە نێوانیان ساز بووە. جیا لەمە فارسەکان کە بە مانگی یەکەمی پاییزیش دەڵێن: "مێهر"، ئاماژەیەکە بە گەرمای هەتاو کە لەم مانگە تینەکەی تیژترە لە مانگەکانی تر، و هەروەها ئەو گەرموگوڕییە کە بە هۆی کۆتاییهاتنی کاری وەرزێڕی و کۆکردنەوەی خەلەوخەرمان لەنێو بنەماڵەکاندا دروست دەبێت خۆی ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە مێهر واتای گەرمایە و گەرماش کە سەرچاوەکەی بۆ هەتاو دەگەڕێتەوە لە ئاگریشدا خۆ دەنوێنێت کە ئاگر و نەورۆز دوانەیەکی تەواوکەری یەکترن.

لە نەریتی فارسەکاندا جێژنێک بە ناوی مێهرگان هەیە کە لە مانگی مێهردا گیراوە، فەلسەفەی ئەم جێژنە ئەگەرچی بە جێژنی خەلەوخەرمانیش ناو دەبردرێت، بەڵام کە سەیری مێژوو دەکەیت بابەتەکە شتێکی دیکەیە کە بە باوەڕی "واڵتێر هینتس" مێژووناسی ئاڵمانی "جێژنی نەورۆز لە سەرەتای بەهار بووە کە عیلامییەکانی سەردەمی کۆن لە نەخش و وێنەکانیان وەرزی سەرمایان بە گا و وەرزی گەرمایان بە شێر پیشان داوە کە ئاماژەیەکە بە گۆڕێنی وەرزەکان بەتایبەت سەرەتای بەهار و جێژنی نەورۆز". فارسەکان ناوی ئەم جێژنە و کاتەکەشی دەگۆڕن بۆ جێژنی مێهرگان و مانگی مێهر کە یەکەم مانگی پاییزە. ئەم گۆڕانکارییە هۆکارێکی سیاسی لە پشتە، چونکە سەرکەوتنەکانی ماد لە بەهار بووە و شکستەکانیشی لە پاییز و پێچەوانەکەشی سەرکەوتنەکانی هەخامەنشییەکان لە پاییز بووە (قادری، کوردناسی).

ئەگەر لە مێژوو گەڕین و بێینەوە سەر ئەوەیکە لە ئێستەدا ڕێژیمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێران بۆچی هێندە بە بۆنەکانی نەورۆز هەستیارە؟ دەبێت ئەوە بزانین کە نەورۆز لە بۆنەیەکی کولتووری تێپەڕیوە و بووەتە بۆنەیەکی شوناسخوازانە کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بڕیاریان داوە کە وەکوو سنوورێک بیداتە چاوی ئەوی دیکە، و خۆی سەرلەنوێ پێناسە دەکاتەوە و لە دەستی ئەو پێناسانەی خۆی ڕزگار دەکات کە ئەوانی تر بۆیان تاشیوە. یەکێکی تر لە سەمبۆلەکانی نەورۆزی چەند ساڵی دوایی، جۆری جلوبەرگ و پۆشینی بەشداربووانە کە هێمای بەرخۆدان و خۆڕاگریی کوردە لە هەمبەر داگیرکەران کە بەتایبەت ئەمساڵ بە ناوی نەورۆزی خاکیپۆشان ناودێر کراوە و خاکیپۆشیش ئاماژەیەکە بە پێشمەرگە و تێکۆشەری کورد. کە دەگوترێت نەورۆز لە بواری کولتووری تێپەڕیوە و بووەتە هێمایەک یان مەتەرێزێکی شوناسخوازانە لەبەر ئەوەیە کە وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لێ هاتووە کە لە هەر کام لەو بۆنانە دەیان هەزار کەس بەشداری دەکەن و وەکوو پارێزەرێکی خاک و شوناس خۆ دەنوێنن و دوژمن و داگیرکەر بەرەو ئاستی تووڕەیی و دەستەوەستانی دەبن.

۱ی خاکەلێوە ۲۷۲۵

# خاکیپۆشی خاکپارێز



**ئاسۆ مینبەری**

چەند مانگ پێش هاتنی نەورۆز و نوێبوونەوەی سروشت لە کوردستان، خەڵکی کوردستان لە دژکردەوە بە دەسبەسەرکران و سەرکوتی چالاکانی مەدەنی لەلایەن ڕێژیمەوە بە هۆی لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی، لە هەڵوێستێکی بوێرانە و یەکدەنگدا ڕایانگەیاند کە بۆ ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ جلوبەرگی خاکی دەپۆشن، هەر لە سەر ئەم بنەمایەش ڕایانگەیاند کە نەورزۆی ئەمساڵ بە ناوی نەورزۆی خاکیپۆشانەوە ناودێر دەکەن. ئەم ناودێرکردنە ئەگەرچی بەشێکی دژکردەوە بە سیاسەت و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بوو، بەڵام لایەنێکی دیکەی ڕێزگرتن لە پێشمەرگە وەک ڕۆڵەی خاکیپۆشی ئەم نیشتمانە بوو.

دوابەدوای ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارە لەلایەن چالاکانی مەدەنی و خەڵکی نێوخۆی کوردستانەوە، وردە وردە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان دەستیان پێ کرد و خەڵکی کوردستان بە لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی پێشوازییان لە نەورۆزی ٢٠٢٥ی کوردی کرد.

بڕیاری لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی، بڕیارێک بوو کە لەلایەن گەلەوە درابوو، بۆیە ئەرکی لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانیش ئەوە بوو کە بۆ ڕێزگرتن لە بڕیاری خەڵکی کوردستان، بە پێشوازی ئەم بڕیارەوە بچن و پشتیوانی و هاودەنگی خۆیان لە خەڵک دەرببڕن. هەر بۆیەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە یەکەم ڕۆژەکانەوە پاڵپشتیی خۆی لەم بڕیارە گشتییەی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند.

ئەوەی کە لەم نەورۆزەدا لەلایەن هەندێک کەسەوە زەق کرایەوە، پێوەندیی نێوان ژنی کورد و جلوبەرگی خاکی بوو. دوابەدوای بەڕێوەچوونی ژمارەیەک لە ڕێوڕیسمە نەورۆزییەکان لە کوردستان و بڵاوبوونەوەی وێنەی ژنان و کچانی کوردستان بە جلوبەرگی خاکییەوە، هەندێک کەس لێکدانەوەی خۆیان لە سیمای نەورۆز و جلوبەرگی ژنان لەم ڕێوڕەسمانەدا ڕاگەیاند و پێیان وابوو کە لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی لەلایەن ژنانەوە، بە مانای داماڵرانی ژنان لە ژنبوونی خۆیانە و نابێ ئەم بڕیارە بەسەر تـوێژی ژناندا بسەپێت و بە جۆرێ لە جۆرەکان لە ڕێگەی وروژاندنی پرسی ژن بوون و هەست و سۆزی ژنانە، هەوڵیان دا ژنان لە پۆشینی ئەم جلوبەرگە پاشگەز بکەنەوە.

لە کوردستاندا کاتێ باس لە پێشمەرگە دەکرێ، قەت پرسی ڕەگەز زەق ناکرێتەوە، چونکە ماهییەتی خەبات لە کوردستان دژ بە هەڵاواردن و جیاکاریی ڕەگەزی بووە، کەوابوو پێشمەرگە پێشمەرگەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزەکەی. لە مێژووی ئێمەدا پێشمەرگە چ ژن بووبێت و چ پیاو، جلوبەرگێکی فۆرمی تایبەتی هەبووە کە ئەویش ڕێک پێوەندیی بە سروشتی خەبەتەکەمانەو بووە، نەک بە مانای داماڵینی ژن لە ژنبوونی خۆی! لە ڕاستیدا ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە بە مانای ڕەگەزبەخشین بە جلوبەرگە، جلوبەرگێک کە هێمای خەبات و شۆڕش بووە و ئەمە ڕێک بە مانای دابڕینی بەشێکی گرینگ، کاریگەر و دیاری کۆمەڵگە واتە ژن لە خەباتە.

هەر لە نەورۆزی ئەمساڵدا باس لە سەپاندنی جلوبەرگی خاکی بەسەر خەڵک و بەتایبەت ژناندا کرا، کە بێگومان ئەم بۆچوونە، هیچ لە ڕاستی نزیک نییە و بە پێچەوانەوە ئەوە بڕیارێک بووە کە لەلایەن خودی خەڵکەوە دراوە و خۆشیان جێبەجێی دەکەن. لە ساڵی ٩٦ی هەتاویدا کە نەورۆزی جامانەکان ڕاگەیەندرا، بڕیار وابوو هێمای سەرەکی لە نەورۆزی ئەو ساڵەدا جامانە بێت، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنان و کچان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی وەک جلوبەرگی پێشمەرگە، هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە خەبات و گیانفیدایی پێشمەرگە ئەو پەیامەیان گەیاند کە ئەوان لە هەموو کاتێکدا پشتیوانی ڕۆڵەکانی خۆیانن. کەوابوو لەبەرکردنی ئەم جلوبەرگە نەک سەپاندن و نە بە زەبری هێز بەڵکوو بە خواستی خودی خەڵک و بەتایبەت ژنان بووە و ئەمەش یەکێک لە ڕێگاکانی خەبات لە کوردستانە.

کۆمەڵگەی کوردستان چەقی خەباتی ئێمەیە و خەڵکی کوردستان ئەکتەری سەرەکیی ئەم مەیدانەن، ئەوە خەڵکی کوردستانن



سەرچاوە Serchawe

کە بە خوێندنەوەی ڕووداوەکان و بە سەرنجدانی هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیان لەو کۆمەڵگەیەدا، بڕیار لەسەر پرسە هەستیارەکان دەدەن. خەڵکی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر و بۆنەی جیاوازدا بە تێگەیشتن و شعووری سیاسییان کوردستانیان کردووەتە مەیدانێک بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەر. لێرەدایە کە دەبێ بە بایەخەوە چاو لە هەوڵ و تێکۆشانی ژنان لەم مەیدانە بکرێت، چونکە ژنان بەتایبەت لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە ئەزموونوەرگرتن لە شۆڕشی ژینا و قوربانیدان و گیانفیدایی خۆیان، هەر چەشنە بۆنە و کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بە مەیدانی خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمن دەزانن و قایم و بە ئیرادە، هاوکات بڕوامەند بە ئامانجەکانیان لەم مەیدانەدا تێدەکۆشن. نەورۆزی خاکی‌پۆشانی ئەمساڵ، مەیدانی بەکردەوەییکردنی خواستەکانی ژنانی کوردستانە بۆیە شێلگیرتر لە جاران و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێناسەی باوی پیاوسالاری و ئیدئۆلۆژیک لە خۆیان، خاکی‌پۆشی نیشتمانن و وەک ڕۆڵەیەکی خاکپارێز گۆڕەپانی نەورزۆیان کردووەتە سەنگەری خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و ڕەگەزییەکانیان چونکە دەزانن کە بە خاکی‌پۆشبوونیان هێڵێکی بەتاڵ بەسەر هەڵاواردندا دەکێشن و وەک تاکێکی ئەروەخۆگری نیشتمان هەوڵ بۆ ڕزگاری خاک و نیشتمانەکەیان دەدەن.

٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# نەورۆز و خەبات بۆ ناسنامە



بێهزاد قادری

نەورۆز وەک گرنگترین جێژنی نەتەوەیی و فەرهەنگی لەنێو کوردستانییاندا، هەمیشە ڕۆڵێکی کاریگەری لە بەرخۆدانی کولتووری، پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و لەکولۆنیدەرهێنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە. ئەم جێژنە نەک هەر وەک ڕێوڕەسمێکی نەریتی، بەڵکوو وەک هێمایەک لە بەرخۆدان لەهەمبەر سیاسەتەکانی ئاسمیلەکردنی کولتووری و نکۆڵیکردن لە ناسنامە چاوی لێ کراوە و بەکردەوەش بەڕێوە چووە.

## نەورۆز وەک هێمای ناسنامەی کولتووری و نەتەوەیی کوردستانییان

نەورۆز یەکێکە لە کۆنترین جێژنە کوردییەکان کە لە کۆنەوە لە کوردستاندا بەرز ڕادەگیرێت. ئەم جێژنە بۆ کوردستانییان سەرتر لە جێژنێکی کۆن و نەریتی، واتە هێمایەکە لە بەرخۆدان لەهەمبەر سیاسەتەکانی سڕینەوە و نکۆڵیکردنی فەرهەنگی. بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ دەوڵەتە ناوەندییەکانی ئێران هەوڵی سنووردارکردن یان کۆنترۆڵکردنی جێژنی نەورۆزی کوردستانیان داوە، بەڵام خەڵکی کوردستان بە بەڕێوەبردنی ئەم بۆنەیە، لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی

و سەربەخۆیی کولتووریی خۆیان جەختیان کردووەتەوە.

## نەورۆز و خەباتی کوردستانییان دژی داگیرکەر و داگیرکاری

لە زۆر حاڵەتدا (وەک نەورۆزەکانی چەند ساڵی ڕابردوو) نەورۆز بووەتە ڕێوڕەسمێکی سیاسی و وەک دەرفەتێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی گەلی کورد بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکوتی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی بەکار هێنراوە. هەروەها لە مێژووی خەباتی کورددا، نەورۆز هەمیشە دەرفەتێک بووە بۆ نیشاندانی یەکیەتیی نەتەوەیی و زیندووکردنەوەی بەها نەتەوەییەکان. هەر لە ڕێوڕەسمەکانی پێشوازی لە نەورۆزی ئەمساڵ، دروشمگەلی نەتەوەیی و نیشتمانیی زۆر گوترانەوە؛ بۆ نموونە لە چیای "جاقل"ی سەقز، خاکیپۆشان ئەم دروشمەیان گوتەوە: "ژینی ژێردەستیم ناوێ، دەوڵەتی کوردیم دەوێ." ئەمە بۆ خۆی لووتکەی وشتیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانییانە.

## نەورۆز، زمانی کوردی و بەرخۆدان لەهەمبەر کۆلۆنیالیزمی فەرهەنگی

زمانی کوردی یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی ناسنامەی کوردستانییان کە لە سەردەمی حکوومەتە جۆراوجۆرەکاندا لەژێر گوشار و سەرکوتدا بووە و تەنانەت قەدەغەش کراوە. لە کاتی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا شێعر، پەخشان، چیرۆک، سروود و گۆرانیی ڕەسەن و نیشتمانیی کوردی پێشکەش دەکرێن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ زیندووکردنەوە، پاراستن و گەشەی زمانی کوردی. زۆرێک لە نووسەران و شاعیرانی کوردستان، نەورۆز وەک هێمایەک بۆ بوژاندنەوەی ناسنامەی کولتووری و دژایەتیی سیاسەتی کۆلۆنیالیزم دەزانن.

## نەورۆز وەک هێمای یەکانگیری و یەکگرتوویی نەتەوەیی

جێژنی نەورۆز هەمیشە بە شێوەیەکی گشتی و بەکۆمەڵ بەڕێوە دەچێت و دەرفەتێک بۆ هاودەنگی و یەکدەنگی و یەکگرتوویی لەنێوان خەڵکی کوردستان دەڕەخسێنێت. ئەم هاوپشتییە ڕۆحی بەرخۆدان لە دژی سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکان بەهێز دەکات و خەڵک هان دەدات نەریت و بەها و ناسنامەی خۆیان بپارێزن و خەباتی بۆ بکەن.

## نەورۆز و شەڕی هێماکان

ئەوەی لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ دەیبینین و تەنانەت ساڵی ڕابردووش بینیمان، شەڕی هێماکانی کوردستانە دژی هێماکانی داگیرکەران. شەڕی هێماکان بۆ نەتەوەی کورد کە دەوڵەتی نییە، گرنگییەکی زۆری هەیە. دەتوانم بڵێم هێماکان

بۆ نەتەوەیەک کە دەوڵەتی نییە، تەنانەت گرنگتر لەو نەتەوانەیە کە دەوڵەتیان هەیە. هێماکان دەتوانن هەستی هۆگری و یەکانگیری لەنێوان کوردەکان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و تەنانەت دەرەوەی کوردستان، بەهێز بکەن. ئەمە بە واتای پێکهێنانی ناسنامەی بەکۆمەڵ و هەستی هاوبەشە. هێماکان دەتوانن وەک ئامرازێک بۆ نیشاندانی هێز و بەرخۆدانمان بن. دەتوانن پیشاندەری ویستی نەتەوەیی و ناسنامەخوازیمان بن و هیوا و ورەمان بۆ خەبات لەپێناو وەدیهێنانی ئامانج و مافەکانمان بەهێز بکەن. بۆیە، شەڕی هێماکان بۆ نەتەوەی کورد (بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، نەتەنیا خەباتێکی فەرهەنگییە، بەڵکوو خەباتێکی سیاسییە و خەباتێکە بۆ "بوون"مان.

هەروەک بە کورتی باس کرا، نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرتر لە جێژنێکی نەریتییە و بووەتە هێمای لەکولۆنیدەرهێنانی فەرهەنگی و ناسنامەیی. ئەم جێژنە یارمەتیی داوین تا لەهەمبەر سیاسەتەکانی سەپاندنی ناسنامە و زمانی داگیرکەر خۆڕاگری بکەین و پەیوەندییەکانی خۆمان بە ڕابردوو و کولتووری خۆمانەوە بپارێزین. لە زۆر حاڵەتدا، وەک ئێستا کە دەیبینین، نەورۆز بەستێنێک بووە بۆ ناڕەزایەتیی سیاسی و دەربڕینی داخوازییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان.

٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# نەورۆزی خاکیپۆشان، پشتئەستوور بە بنەماکانی بزووتنەوە فکری و جەماوەرییەکان



**ناسر ساڵحیئەسڵ**

لیباسی خاکی و جامانە و هەوری لە بۆنەکانی نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ڕێگایەکە بۆ مەترحکردنی ویست و داخوازییە سیاسی و نەتەوایەتییەکان و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ستەمکاری و هەڵاواردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، تا بەم شێوەیە نەتەوەی کورد بتوانێ بەرگری لە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خۆی بکات. هەرچەند نماد و سەمبولەکانی خەبات و نارەزایەتیدەربرینی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمی خومەینییەوە، چ لە بەرگریی پێشمەرگانە شاخ و لە خەباتی شار و شەقام بە بەردەوامی نمادی خەباتی ڕەوا بووە. هەروەها لیباسی خاکی، و جامانە و هەوری نمادی دەیان ساڵ خەباتی سیاسی و چەکداریی خوێناوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و ئیستا بوونەتە نمادی بەرخۆدان بۆ لاوان و نەوجەوانان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە سۆنگەی ئەوەشەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەک باوەڕی بە واقعییەتی فرەنەتەوە، ئیتنیکی و ئایینزابوونی ئێران و لە لایەکی دیکەوە باوەڕی بە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد نەبووە، هەمیشە هەوڵی داوە هەر دەنگێکی نارەزایەتیی گەلی کورد، بە شێوەی توندوتیژانە سەرکوت بکات. بەڵام خەڵکی کورد لە بەرانبەر ئەو سەرکوت و توندوتیژییانەی ڕێژیمدا لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکاندا لە نماد و سەمبولەکانی خەباتی ڕەوای شاخ و شار بۆ نارەزایەتی دەربڕین کەڵکی وەرگرتوە.

لێرەدا ئاماژە بە هێندیک تایبەتمەندیی بنەماکانی بزووتنەوەی فیکری و جەماوەریی وەکوو هۆکارگەلێکی سەرەکی و کارا لە بزووتنەوە جەماوەرییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئاماژەی بەم چەند فاکتە دەکەین:

## دەوری میدیا و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان

لە کۆمەڵگە ئازاد و دێمۆکراتیکەکاندا، تۆڕە کۆمەلایەتییەکان، ڕاگەیاندن و میدیای ئازاد ڕەنگدانەوەی ویست و داواکاری کۆمەلانی خەڵکن. بەلام لە سیستەمی داخراوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، ڕاگەیاندن بە تەواوی لە خزمەت دەسەلاتدایە و دەسەلاتیش هەوڵ دەدا بۆ یەکرەنگکردن و یەکدەنگکردنی کۆمەڵگەی گەلانی ئێران و هەرچەشنە ڕاگەیاندنی ئازاد، کەشی کراوە و پلۆرالیزمی کولتووری و فیکری و سیاسیی بە شێوەیەکی ڕەها ڕەت دەکاتەوە. بەو پێیەش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەمیشە لە هەوڵی سەپاندنی فەرهەنگی دەسەلات لە کۆمەڵگەی ئێراندا بووە و بە هیچ شێوەیەک دانی بە فرەدەنگی، فرەڕەنگی، فرە کولتووری و فرەنەتەوەیی بوونی ولاتی ئێران دانەناوە، بەڵکوو بەردەوامی هەوڵی داوە کولتووری نەتەوەی بالادەست بە سەر نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا زاڵ بکا و بتوانن بەم چەشنە لە فەرهەنگی نەتەوەی بالادەستدا بیانتوێنێتەوە. دیارە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێتەوە کە ئەم مەسەلەیە تەنیا کاتێک دەتوانێ کاریگەریی هەبێ کە خەڵک تەنیا میدیاکانی نێوخۆی ولات بە سەریاندا زاڵ بێ و لە کەش وهەوایەکی داخراودا بژین و دەستیان بە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان و ڕاگەیاندن و میدیای ئازاد ڕانەگات.

بەلام لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و دیجیتاڵی و ئینترنیتدا ئۆتۆریتەی چاوەدێری و کۆنترۆڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێکشکاوە و شۆرشی زانیاری و ئینترنیت لە ڕاگەیاندندا کارێکی وای کردوە کە خەڵکی هەموو جیهان بتوانن بە شێوەیەکی زۆر ساکار پێکەوە پێوەندییان هەبێت و ئەم شەپۆلە بەهێزەی شۆڕشی زانیاری و دیجیتاڵی، گەلی کوردیشی گرتەوە. گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە تا ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی تەنیا میدیاکانی حیزبی هەبوو، لە دوو دەیەی ڕابردوودا هەم میدیای حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات فرەچەشن و پەرەپێدەر بووە و هەم ڕاگەیاندنی دیکەش بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری خراونەتە بەردەست. بۆیە لە سەردەمی ئیستادا فەزای م تۆڕە کۆمەلایەتییەکان و ئینترنیت توانیویانە خودئاگای نەتەوەیی خەڵک بەرز بکاتەوە و یەکدەنگی و یەکڕیزییەکی وەها دروست بکا کە ئاکامەکەی نەورۆزی سەمای جامانە، بزووتنەوەی ژینا "ژن ژیان ئازادی"، نەورۆزی مەشخەلانی ئازادی و نەورۆزی خاکیپۆشانی لێ بکەوتەوە.

## بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی و خودئاگایی نەتەوەیی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرەتاوە یەکێک لەو ئامرازانەی دژی نەیارانی خۆی لە سەراسەری ئێران و لە کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

بە تایبەت کەڵکی لێوەرگرتوە، شۆڕشی فەرهەنگی بوو. ڕێژیمی ئیسلامی زۆر بە باشی دەیزانی کە زانستگا و خوێندکار لە هەر کۆمەڵگەیەک، گرینگترین و سەرەکیترین کەرەسەی گۆڕان و پێشکەوتنن، لە هەمان کاتیشدا هێزێکە کە دەتوانێ ببێتە کۆسپ و لەمپەر لە بەرانبەر ویست و ئارەزووی ڕێژیمدا. بۆیە لە سەرەتاوە بە شۆڕشی فەرهەنگی هەوڵی دا زانستگاکان بخاتە پاوانی خۆیەوە، بە شێوەیەک کە ئەو کەسانەی پێی وابوو خودین، ئەوە بۆیان هەبوو بچنە زانکۆ و، غەیرە خودییەکانیش لە خوێندنی بەرز بێبەش دەکران. ئەم پرسەش بووە هۆی هاتنە ئارای دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکان (فرار مغزها)و لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر مامۆستا، خوێندکار و ڕووناکبیر وڵاتیان ڕوویان کردە هەندەران. بێگومان ئەم پرۆسەیە واتە "حەزف"کردنی غەیرە خودییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەرفراوانتر جێبەجێ کرا، بە چەشنێک کە بۆ ماوەی نزیک بە ١٠ ساڵان ژمارەیەکی یەکجار کەم لە لاوانی کورد، پاش تێپەرکردنی چەندین فیلتێر، بۆیان هەبوو پێ بنێنە زانستگا و درێژە بە خوێندن بدەن.

لە قۆناغێکی دیکەدا کە زەخت و گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەیان دەسەند، ڕێژیمی ناچار بە پاشەکشە لە هەندێ بڕیارەکانی خۆی کرد. هەر لە ئاکامی ئەو زەخت و گوشارانەشدا ڕێژیمی ئیسلامی ئێران ناچار بوو ئەو بەربەستانەی لە بەرانبەر لاوانی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەت بۆ چوون بۆ زانستگا دانابوو، هەڵگرێت. ئەمەش کەشوهەوایەکی خوڵقاند، بۆ ئەوەی لاوانی کورد بتوانن، توانا و لێهاتوویی خۆیان نیشان بدەن. پاش چەند ساڵ لە هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لێشاو لاوان بۆ زانستگاکان قەبووڵ دەبوون و ئەم پرسەش وای کرد کە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و بەرینی فەرهەنگی و نەتەوایەتی و خودئاگایی نەتەوایی لە کوردستان ڕوو بدا.

لاوانی کورد پاش ئەوەی کە دەچوون بۆ زانستگا، توانیان هەم باشتر و زیاتر دەوروبەری خۆیان بناسن و هەم ئاستی خودئاگایی نەتەوەییان بەرز بۆوە تا بە شێوەیەکی بەرچاوتر هەست بە زوڵم و زۆری دەرحەق بە نەتەوەکەیان بکەن. هەر ئەمەش وای کرد کە ئەم توێژە لە هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پتانسییەلێکی کارا و چالاک پێک بێنێ و ببێتە دینامیزمێکی خەیاتگێڕانە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بە واتایەکی ڕوونتر توێژی خوێندکار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەیەی حەفتادا لە بواری نەتەوەیی، سیاسی، فیکری و ڕۆشنبیرییەوە قەڵەمبازێکی گەورەی لە شار و شەقامی کوردستاندا لێ کەوتەوە.

## دامەزرانی ئەنجومەنی ئەدەبی و ڕوشنبیرییەکان

لە دەیەی حەفتادا و پاش ئەوەی کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەرووی هەمووشیانەوە

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی بارودۆخێکی هەستیاری ژێئۆپۆلۆتیکی کە لە ناوچەکەدا ڕووی دابوو، و ئاودیوی باشووری کوردستان ببوون، بۆشاییەکی ڕیژەیی لە پێوەندییی ڕاستەخۆ لەنێوان حیزبەکان و کۆمەڵگەی کوردیدا پێک هاتبوو. بەڵام پاش ئەوەی کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان لە لایەن کۆمەڵێک لە خەڵکانی ڕووناکبیر و ئەدەبدۆستەوە، ئەنجومەنە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکان پێک هاتن، توانییان ئەو هاوسەنگییەی جاران ڕابگرن و ئیزن نەدەن کە پێوەندیی بەگوڕی شەقام - شار و شاخ بپچرێت. هەر ئەو مەسەلەیەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەنجومەنەکان بتوانن کۆمەڵێکی زۆر لە لاوان و ڕووناکبیرانی کورد بە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و ئاستی ئاگایی نەتەوەییان بەرنە سەرەوە.

**کەواتە لە سێ لایەنەوە کاری ئەنجۆمەنە ئەدەبی و ڕوشنبیرییەکان جێگەی سەرنج و تێرامانە:**

- ڕاکێشانی کۆمەڵێک لە لاوان بۆ لای خۆیان و بارهێنانیان بە بیرۆکەیەکی نەتەوەییەوە.
- پەرەپێدان و گەشەپێدانی فەرهەنگ و ئەدەب و کولتووری نەتەوەیی.
- لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ.

## گەورەبوونەوەی شارەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە دەیەی شەستەکاندا بە هۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە، ڕێژەی دانیشتووانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باری چەندایەتییەوە زۆر نەبوو، بەڵام پاش تەواوبوونی شەڕ بەشێک لە خەڵکی گوندەکان، بە هۆی کەمداهاتی و هۆکاری جۆراوجۆری دیکە، ڕوویان لە شارەکان کرد. بەم شێوەیەش شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەورە بوونەوە و بەو پێیەش ڕێژەی دانیشتووانی شارەکانیش پەرەی سەند. زۆربوونی ڕێژەی دانیشتووانی شارەکان ئاستی داواکاری خەڵکیشی لەگەڵ خۆی بەرز کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گەورەبوونەوەی شارەکان بووە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ وەک جاران کونترۆڵی تەواوی بە سەریاندا هەبێ، چونکە میلیتاریزەکردنی شارێکی بچووک ئاسانترە تا شارێکی گەورە بە حەشیمەتێکی زۆرەوە. کەواتە گەورەبوونەوەی شارەکان لەگەڵ ئەو سێ هۆکارە، بواری بۆ نارەزایەتیدەربڕینی جەماوەری لە شێوەی بۆنە نەورۆزییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی و بزوتنەوەی " ژن ژیان ئازادی" ڕەخساند.

کەوابوو شۆڕشی زانیاری و خودئاگایی نەتەوەیی، ئاستی خودئاگایی و ئاستی زانستی، دامەزرانی ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان و گەورە بوونەوەی شارەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەڵەمبازێکی مەزنی لە خەباتی سیاسی - نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنا کە لە لایەک ڕق و بێزاری چەندین ساڵەی گەلی کوردی بەرانبەر بە ستەمکاری و هەڵاواردنی ڕێژیمی

کۆماری ئیسلامی زۆر کردوە و لە لایەکی دیکەوە ترس و دڵەراوکێی خەڵکی کوردی بەرانبەر بە ڕێژیم شکاندوە و بۆتە هەوێنی یەکدەنگی، یەکهەڵوێستی و یەکڕیزیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەو پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە ئاخێزە مانگرتنەکانی شار و بۆنە نەتەوەییەکان و شۆڕشە جەماوەرییەکەی "ژن ژیان ئازادی" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، کە لە ئاکامدا خەڵکی کورد سەلماندیان کە بۆ ویست و داخوازییە ڕەواکانیان یەک ئامانج و یەک هەڵوێستیان هەیە.

٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

# نەورۆزی ورمێ و چەند سەرنجێک



**شەماڵ تەرغیبی**

لە کۆتاییەکانی مانگی ڕێبەندانی پارەوە تا ئەمڕۆ بەردەوام و هەرجارە و لە شارێک و ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵک ڕێوڕەسمی تایبەتی نەورۆزییان بەڕێوە بردووە و بەڕێوەی دەبەن؛ نەورۆزێک کە بە بەرچاوی دنیاوە دەریخست گەلێکی لەسەرهەست لە جوغرافیایەکی دیاریکراودا، بۆنەیەکی کولتوورییان کردووەتە بزووتنەوەیەکی سیاسیی مافویستانە کە لە ناخی خۆیدا هەڵگری مانیفێستێکی شوناسپارێزانەیە.

بە پێی ئەم پێناسەیە دوور لە چاوەڕوانی نەبوو و وەک بینرا هەم کۆماری ئیسلامی وەک سەرەکیترین دژمنی گەلی کورد و هەمیش هەندێک لایەنی توندئاژۆی نەیار کە بە دنەی ناوەندە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هاتبوونە مەیدان، دژ بە نەورۆزی کوردان هەڵوێستیان گرت.

پێش لە هەموو شتێک کۆماری ئیسلامی بە ڕێگریکردن لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە هەندێ ناوچە و شوێنی تایبەت بواری خۆش کرد تا ئاڵۆزییەکان پەرە بستێنن؛ دواتر بە گرتن و دەسبەسەرکردنی چالاکانی ڕێکخەر و چەندین لاوی



سەرچاوە
Serchawe

هونەرمەند کە لە ڕێوڕەسمەکاندا گۆرانییان وتبوو درێژەی بە پیلانەکانی بۆ تێکدانی نەورۆزەکان لە کوردستان دا؛ بەمەش کۆتایی بە پیلانەکانی نەهات و وێڕای چاوسوورکردنەوە لە کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی و دەسبەسەرکردنی زۆر کەسی دیکەی وەک شێخ زاهید شەهابی لە شاری سەقز، هەوڵی شێواندنی بەشێک لە ڕێوڕەسمەکانی دا و بە تێخزاندنی کەسانی سەر بە خۆی هەوڵی ئاژاوەگێڕیی دا. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ کە زانی ئەمانە ناتوانن وەڵامدەری ویستە سادیستییەکانی ڕێبەری ڕێژیم بن ڕووی لە شاری مێژوویی ورمێ کرد کە ساڵیانی ساڵە دوو گەلی کورد و تورک پێکەوە لێی دەژین. پاش بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز لەم شارە لە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەشەمە، ڕێژیم بە ئەنقەست ڕێکەوتی ٢ی خاکەلێوە کە دەیکردە ٢١ی ڕەمەزان و ساڵیادی شەهیدکرانی حەزرەتی عەلی بە دوو ئامانج ڕێپێوانێکی گاڵتەئامێزی پێک هێنا و دژ بە کورد و نەورۆزی کوردان دەستیان کرد بە گێرەشێوێنی!

ئامانجی یەکەم و سەرەکی بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ خۆشکردنی شەڕ و کێشە لە نێوان دوو نەتەوەی ئاماژەبۆکراو کە وەک باس کرا ساڵیانی ساڵە پێکەوە لەم شارە دەژین؛ ئامانجی دووهەمیش کەڵکاوەژوووەرگرتن بوو لە هەستی مەزهەبی خەڵکی ناوچەکە بەتایبەت تورکەکانی ئەم دەڤەرە تاکوو بەمشێوەیە بڵێن لە کاتی شینگێڕانی ئیمەی شیعە بۆ بریندداربوون و شەهیدبوونی حەزرەتی عەلی! کە بەڵێ ئەوە کوردی "سوونی" شایی دەگێڕن! تا بەمشێوەیە هەوڵ بدەن سواری شەپۆلی ئیحساساتی خەڵک ببن و بەگژ کوردیدا بکەن و لە کۆتاییدا شەڕێکی تر و قەیرانێکی تر چێ بکەن کە ڕوونە ئەوە دواجار کۆماری ئیسلامییە وەک برا گەورە دێت و ئاو بەم ئاگرەدا دەکات بەڵام زۆر زووتر لەوەیکە خۆیان بیری لێ بکەنەوە ڕیسەکەیان لێ بووە خووری.

دیارە ئەمە بۆ هەمووان ڕوونە کە پێش لە دەستپێکی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی خاکیپۆشان دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ساخ بوونەوە کە بە دانانی پیلان بۆ پێشگرتن یا لانیکەم بۆ کونترۆڵ کردن و بە حکومەتی کردنی ئەو ڕێورەسمانە هەر لە ئیلامەوە تا ماکۆ تێبکۆشن. لەم ڕاستایەشدا چەندین کۆبونەوەیان لەنێوان هەر چوار پارێزگارەکەی پارێزگاکانی کوردستان، بەرپرسانی ئیداری ئیتلاعات، فەرماندەکانی سپای پاسداران و فەرماندەکانی هێزە ئینتزامییەکان لەو پارێزگایانە بە سەرپەرشتی پاسدار ئەسکەندەری موئمنی وەزیری نێوخۆی ڕێژیم بەڕێوە برد و لەسەر کۆمەڵێک خاڵ ڕێککەوتن، هەم بۆ ڕێگری لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکان، یان ئەگەر نەکرا بۆوەی نەهێڵن بە ئاقاری حەماسی و دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمدا بڕوا و ئەوەندەی بکرێ بتوانن دەستیان بەسەردا بگرن و نەهێڵن لەگرێژنە دەربچێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئیرادەی خەڵکی مافویست و حەماسەخوڵقێن بەسەر پلان و پیلانەکانی ڕێژیمدا سەرکەوت.

یەک لەو شارانەی کوردستان و یەک لەو نەورۆزە بەشکۆیانە، نەورۆزی ورمێ بوو کە بە بەشداریی دەیان هەزار کەس گیرا و

لەودا جارێکی دیکە هەوڵە نەزۆکەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەن خەڵکی ئەو دەڤەرەوە پوچەڵ کرایەوە. ئەوە بوو کە ڕێژیم بینی دۆخەکە بە ئاقارێکی دیکەدا شکاوەتەوە و ئیرادەی گەل و نەتەوە سەرکەوتوە، بڕیاری دا وڵامی ئەم شکستەی خۆی لە ورمێ بە هێنانی تاقمێک گۆپاڵبەدەستی توندئاژۆ بۆ سەر شەقامەکان بداتەوە کە بەختەوەرانە هەم کورد لە ڕۆژهەڵات و هەمیش بەشێکی بەرچا لە تورکەکان کە بە تەواوی لە نیەت و خواستی ڕێژیم گەیشتوون ژیرانە جووڵانەوە و نەیانهێشتووە دژمن زەفەریان پێ ببات بەڵام بە هەمو ئەوانەشەوە دەبێ تەئکید لەسەر ئەم ڕاستییە بکەینەوە کە لە بارودۆخێکی وەهادا هەم کورد و هەم تورک لە پارێزگای ورمێ پێویستیان بە وریایی زیاترە و نابێت لە رووی ئێحساساتەوە لەو داوە بکەون.

ئەم ئەرکە بەتایبەتیتر بۆ کورد قورسترە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەگراوەندە مێژووییە لە خەبات کە هەیەتی و خاوەن تێگەیشتن و پێگەیشتوویی سیاسی و هزرییە و دەبێ ئەم جووڵەی ڕێژیم ببێتە دەرسێکی دیکە تا دەست لە خۆخۆری و شتی لاوەکی هەڵبگرین و سەرقاڵی کاری ئەساسی و خەباتێکی وشیارانە و بە بەرنامە لە کوردستانی خۆرهەڵات بین.

٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# گۆڕەپانی نەورۆز



**ئاسۆ مینبەری**

ژیان بۆ مرۆڤ گۆڕەپانێکی گەورە لە ململانێ جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە پێگەی شیاوی خۆیەتی. ئەم پێگەیە لە ڕوانگەی مرۆڤەکانەوە ئەتوانێ جیاوازیی هەبێت و هەرکەس بەپێی کەسایەتی و ئامانجی دیاریکراوی خۆی لە ژیانیدا، پێناسەی ئەم پێگەیە بکات و پلان بۆ گەیشتن بەم پێگەیە دابڕێژێ.

لەم پێناوەدا هەوراز و نشێو زۆرن و بێگومان تاکەکانیش دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکان و دۆخی دەوروبەرەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوەی کە گرینگە، زاڵ بوونە بە سەر کەندوکۆسپەکان و دۆزینەوەی ڕێڕەوە دروستەکەی ژیان بۆ گەیشتن بە پێگە و ئامانجە دیاریکراوەکە.

ژنان وەک توێژێکی کۆمەڵگە بەتایبەت لە کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک کۆسپی گەورە بەرەوڕوو بوونەتەوە کە بە درێژایی مێژوو لە قۆناغە جیاوازەکاندا، پێشیان بە سەربەستی و سەربەخۆیی ژنان گرتوە. هەڵاواردنی ڕەگەزی، سیستەمی باوکسالار و پیاوسالار، دەسەڵاتی خۆسەپێنی دژەژن، نەخوێندەواری، نەبوونی دەرفەتی یەکسان و دەیان دیاردەی دیکەی

کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی لەو فاکتەرانەن کە ژنانیان لە ڕێڕەوی سەرەکیی ژیانیان دوور خستوونەتەوە و نەیانهێشتوە وەک مرۆڤ پێناسە ڕاستەقینەکەی خۆیان هەبێ.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانە، خەباتی ژنان قەت ڕانەوەستاوە و ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان هەمیشە هەوڵیان داوە. ئەگەرچی ئەم هەوڵانە لە قۆناغی جیاوازدا و بەپێی کاریگەریی دۆخی سەردەمەکان ئاکامی دڵخوازیان نەبووە و خەباتەکە بەرەو کزبوون ڕۆیشتوە بەڵام، خەباتەکە بەردەوام بووە و ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە.

تێکۆشانی ژنان لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بووە کە قەت کۆڵیان نەداوە و خەباتەکەیان تا گەیشتن بە ئامانج بەردەوامە. بۆ ئەم مەبەستەش بە هەزاران کردەوەی ژنان هەبووە کە هەر کامەیان بە جۆرێک ژنیان لە ئامانجەکەی نزیک کردووەتەوە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، پەرەسەندنی کاری ڕێکخراوەیی و چالاکییەکانی ژنان لە ئاستی کۆمەڵگەدا، وای کردوە کە ژنان بە باوەڕبەخۆبوونێکی زیاترەوە هەنگاو بۆ داهاتوو هەڵێنن و زیاتر دەرک بە گرینگیی ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان لەسەر داهاتوو بکەن.

گەشەی کاری ڕێکخراوەیی لە شێوەی جیاوازدا خۆی نواندوە و ژنان هەر جارەو لە چوارچێوەیەکدا چالاکییەکانی خۆیان ڕێک دەخەن تاکوو بتوانن لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵی ئەرێنیی خۆیان بگێڕن.

نموونەی ئەم جۆرە ڕێکخستانە، بە دەیان ڕێوڕەسم و بۆنەی جیاوازی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە کە ژنان تێیاندا، خۆیان دەبیننەوە و هەوڵ دەدەن بە پێچەوانەی ڕابردوو، لە پێشەوەی گۆڕەپانی چالاکییەکەدا بن و کاریگەربوونی خۆیان بسەلمێنن.

ئەوەی کە لەم وتارەدا باسی لێ دەکرێ، گۆڕەپانی نەورۆزە، گۆڕەپانێک کە ژنان تێیدا خۆیان بینیوەتەوە و بە بوون لەم مەیدانەدا بە کردەوە بەشداربوونی خۆیان لە ئاڵوگۆڕەکاندا نیشان داوە و خەریکن هەوڵ بۆ دەستخستنی پێگەی شیاوی خۆیان دەدەن.

هەبوونی ژنان لەم گۆڕەپانەدا، پێش هەموو شتێک نیشاندەری بەرزبوونی وشیاریی نەتەوەیی و ئاستی بەرزی تێگەیشتنی ژنان لە بوون و گرینگیی خۆیان وەکوو مرۆڤێکی سەربەستە.

کاتێک کە ژنان لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ سەدان بەربەستی دروستکراوی دەستی دوژمن بەرەوڕوو دەبنەوە و هەموو دەرفەتەکانی ژیانیان لێ وەردەگیرێ و ناتوانن وەکوو مرۆڤێکی ئازاد و وشیار درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، کەوابوو هەموو ڕووداوێک لە کۆمەڵگەدا دەکەن بە دەرفەت و دەیقۆزنەوە تاکوو بتوانن بەرەنگاری بیری چەقبەستووی دژەژن ببنەوە. لێرەدایە کە ژنان خۆیان دەبن بە خولقێنەری دەرفەت و بەربەستەکان تێک دەشکێنن.

لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەت لە دوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا، ژنان مەیدانداری سەرەکی بوون و بە بوونیان نیشانیان دا کە ئەگەرچی دوژمن هەوڵی داوە لە کۆمەڵگە دووریان بخاتەوە و نکۆڵی لە بوونیان بکات، ئەوان بە ئیرادەوە پێشەنگایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە لە ئەستۆ دەگرن و خەبات بۆ مافەکانیان دەکەن.

کۆماری ئیسلامی نەورۆز لە کوردستان بە مەترسیدار دەزانێ، بۆنەیەکی نەتەوەیی بە هەڕەشە دەبینێ و هەوڵی سەرکوتی دەدات، لە بەرانبەردا تاکەکانی کۆمەڵ و بەتایبەت ژنان کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا، لەلایەن ئەم ڕێژیمەوە سەدان کۆسپیان هاتووەتە سەر ڕێ، هەوڵیان داوە هەر ئەو نەورۆزە لە بۆنەیەکی نەتەوەیی و کولتوورییەوە بگوازنەوە بۆ گۆڕەپانێ شەڕێکی ناسنامەخوازی تاکوو بە ئامانجەکانیان بکەن.

**ئەم گۆڕەپانە، لێوڕێژە لە مرۆڤی بە ئیرادە لە تەنیا چەکی دەستیان چۆپی و تەنیا فیشەکیان شایی و هەڵپەڕکێیە.**

**گۆڕەپانی نەورۆز، وانەی پێکەوەبوون، تەبایی، یەکگرتوویی و یەکبوونە و ژنان لەم گۆڕەپانەدا، پێشەنگی خەبات و بەرخودانن کە ژن لەم گۆڕەپانەدا، هەوڵ بۆ دەستخستنی پێگەی خۆی وەک مرۆڤێکی وشیار و سەربەست دەدات.**

**١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**



سەرچاوە Serchawe

# له پەراوێزی بەیاننامەی ٨٠٠ بەناو ڕووناکبیرەکەدا




**شەماڵ تەرغیبی**

له ڕۆژانی ڕابردوودا بەیاننامەی ٨٠٠ بەناو نووسەر و هونەرمەند و ڕووناکبیر بڵاو کرایەوە کە تێیدا دژ بە نەورۆزی خاکیپۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێست گیرابوو. دیارە ڕستە بە ڕستەی ئەم بەیاننامەیە جێی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە و لێرەدا هەوڵ دەدەین بپرژێینە سەر چەند بەشێکی گرینگی ئەم نامەیە.

پێش لە هەر شتێک دەبێ بگوترێ کە دێڕبەدێڕی ئەم بەیاننامەیە جیا لەوەیکە دژ بە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئازادی و دێموکراسی و فرەچەشنییە، لەوە زیاتر ڕەوایەتێکی تەواو فاشیستییانەیە کە لە ڕاستای یەکدەستکردنی جوغرافیای ئێران هەنگاو دەنێت و جێگەی مەترسییە.

پڕئاشکرایە کە ئەو وڵاتەی بە ئێران دەناسرێ لەڕووی پێکهاتەییەوە وڵاتێکی فرەنەتەوەی پڕ لە جۆراوجۆرییە کە لە کۆنەوە چەندین نەتەوە و ئیتنیکی جیاواز تێیدا پێکەوە ژیاون. کورد، تورک، عەرەب، بەلوچ، تورکمان و باقی ئیتنیکەکانی نێو ئەم جوغرافیا بە هەبوونی هەرچەشنە ئایین و کولتوور و وردەکولتوورێک کە بە درێژایی ساڵیان پێک هاتووە پێکەوە بوونەتە بەشێک لەو فرەڕەنگییەی کە قەوارەی بە ئێران بەخشیوە. کەواتە ئەم جۆراوجۆری و جیاوازییانە



سەرچاوە
Serchawe

بەپێچەوانەی گوتاری ناوەندگەراکان و واژۆکەرانی ئەم بەیاننامە نەتەنیا خاڵی لاوازی نییە بەڵکوو دەبێ وەک مەزنترین سەرمایەی مێژوویی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بۆ ئێستە و داهاتووی ئێران سەیر بکرێ! ئەگەر کەسێک خەمی ئەو نیشتمانەی هەبێ.؛ بەڵام نێوەرۆکی ئەم بەیاننامە نەتەنیا هیچ چەشنە خەمخۆرییەکی تێدا بەدی نەکراوە بەڵکوو بەهۆی دنیابینی سەقەتی ناوەندگەرایانەی بە میراتگەیشتوو لە ڕێژیمی پاشایەتی و دەسکەوتی سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی وەک هەڕەشەیەک بۆسەر داهاتوو لە قەڵەم دراوە کە خوازیاری سەرکوت و لەنێوبردنیەتی.

لە بەشێک لەم نامەیەدا وێڕای هەوڵدان بۆ سووکایەتی کردن بە گەلی خاوەن مێژوو و فەرهەنگی کورد، ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی کوردستان بە دزەی فەرهەنگی خەڵکانی تر و لەوەش بچووکتر لاسایی‌کردنەوەی ناشارەزایانە لە وڵاتانی دراوسێ پێناسە کراوە کە ئەمە خۆی نیشان دەدات ئەو کەسانەی واژۆی نامەکەیان کردوە یان هیچ شتێک لەسەر مێژوو نازانن یان بەئەنقەست و بۆ خۆڵ لەچاوکردن دەیانهەوێ ئاگرێکی بێهۆ لەم وڵاتەدا خۆش بکەن؛ دەنا کێ هەیە کە نەزانێ مێژووی نەورۆز لە نێو گەلی ئێمەدا دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کۆنتر لەوەیکە بیری لێ دەکەنەوە و ڕەنگە باشترین بەڵگەش هەمان نووسراوەکانی ئەحمەدی خانی شاعێری ناوداری کورد لە سەدەی ١٧ی زایینی بێ!

لە بەشێکی دیکەی ئەم نامە پڕشوورەییەدا کە بەداخەوە چەند کەسێک لە واژۆکەرانی کوردن! ئاماژە بە ڕووداوەکانی نەورۆزی ورمێ کراوە و بە دابەزاندنی قوورسایی جێژنێکی وەها مەزنی نەتەوەیی بۆ ڕێوڕەسمێکی قەومی! تۆمەتی چاندنی تۆوی ڕقوقین و "تجزیه‌طلبی"یان وەپاڵ داون. هەر ئەو دەستەواژە ئاشنای کە ساڵانێکە ناوەندگەراکانی سەر بە کۆماری پەتوسێدارە دژ بە هەر چەشنە مافویستییەک کردوویانەتە گۆپاڵی دەست. گۆپاڵێک کە هەر دوابەدوای بەڕێوەچوونی نەورۆزی ورمێ لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە تاقمێک پانتورکی لێ هان درا تا بڕژێنە سەر شەقام و بیکوتن بەسەر گەلی کورددا!

کەواتە ڕوونە ئەم شێوازی ڕوانین و دەربڕینە لەڕاستیدا نەک نابێتە هۆی هێوربوونەوەی دۆخەکە بەڵکوو بۆخۆی دەبێتە هۆکارێک لەمەڕ زیاتر تەشەنەکردنی ناکۆکییەکان و زیادبوونی گرژی و ئاڵۆزییەکان بەتایبەت لە نێوان دوو نەتەوەی تورک و کورد کە ساڵیانی ساڵە پێکەوە لەو جوغرافیایەدا دەژین؛ کەواتە ئەوەیکە واژۆکەرانی ئەم نامە باسی لێوە دەکەن لەڕاستیدا بۆخۆی هەوڵێکە بۆ زیاترکردنی کەلێن لە نێوان نەتەوەکان نەک هەوڵدان بۆ لێک‌نیزیک‌کردنیان!

پرسێکی گرینگی دیکە کە دەکرێ لێرەدا شەنوکەو بکرێت، کەلکوەرگرتنی بەئەنقەستی ئەم بەڕێزانە لە دەستەواژەی "مصادره نوروز"ە! نەورۆز جێژنێکی کەونارا و دێرینە کە تەواوی نەتەوەکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیا بە "پارسییەکانیشەوە" بەشێوازی جۆراوجۆر و هەرکام بەپێی سروشتی خۆی بەڕێوەی بردوە. کاتێک کە ئەوان باس لە موسادرەکردنی نەورۆز دەکەن



سەرچاوە Serchawe

وەک ئەوە وایە کە ئەم جێژنە هی نەتەوەیەکی تر بووبێت و کورد هاتبێ بە تالانی بردبێ بۆ هەندێ مەرامی سیاسی و تایبەتی خۆی، لەحاڵێکدا هەموو عەقڵێکی سەلیم ئەوە دەزانێ کە ئەو شێوازی دەربڕین و ئاخاوتنە تەنیا لە مەیخەڵەی کەسانێکی فاشیستەوە سەرچاوە دەگرێ کە ناتوانن و نایانهەوێ گەورەیی و شکۆی نەورۆز وەک خۆی ببینن بۆیە دەیکەنە ئامرازێک بۆ سووکایەتیپێکردن و سەرکوت؛ سەرکوتێک کە وەک فارس دەڵێ "مسبوق به سابقه"یە و پرس و بابەتێکی نوێ نییە!

بەڵام ئەوەیکە گرینگە و مێژوو سەلماندوویەتی و ڕەنگ بێ پێویست بکات دووبارەش بسەلمێتەوە ئەوەیە کە کورد لەسەر خاکی خۆی بەدرێژایی ساڵانی دوورودرێژ بەرامبەر بە تالان و تاوانی سپای ڕوم و عەجەم و پارس ڕاوەستاوە و ڕادەوەستێ چونکە باوەڕی بە مانەوەی خۆی وەک نەتەوەیەکی خاوەن سەروەرییە و ئەم جۆرە هەڵوێستگرتنە نەشیاوانەش تەنیا لە چوارچێوەی هەوڵێکی نەزۆکی فاشیستییانەی فەرهەنگی سەرچاوەگرتوو لە عەقڵیەتی پووکاوی ناوەندگەراکان دەبینێ.

٢٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## وەڵامێک بۆ نیگەرانیی نووسەران، ئەکادیمیست و ئایدۆلۆژیستەکانی ئێران ٨٠٠ کەسی




**حەسەن قارەمانی**

نیگەرانیی بەناو نووسەران و ئەکادیمیست و ئایدۆلۆژیستەکانی ئێران ٨٠٠ کەسی ، سەبارەت بەو شتەی کە پێی دەڵێن "هەڵوەشاندنەوەی نەتەوەیی"واژۆیان لەسەر کردوە، شتێکی قووڵتر ئاشکرا دەکات: ئامادەنەبوون بۆ قبووڵکردنی ئەو واقیعە فرەنەتەوەییەی ئێران! لەبری ئەوەی ئەم فرەییە بناسن، کە بەردەوامن لە چەسپاندنی بیرۆکەی "ناسنامەی ئێرانی"ی یەکگرتوو و یەکسان، کە هاوواتای نەتەوە و کولتوور و زمانی فارسییە. بیرۆکەیەکە لە سیاسەتێکی سەد ساڵەی ئاسمیلەکردنەوە لەدایک بووە و ئامانجی سڕینەوەی ئەو فرەچەشنییە کولتووری و زمانەوانییەی کە لە وڵاتدا هەیە.

ئێران وڵاتێکە بە فرەچەشنی نەتەوەیی و کولتووری گەورە تایبەتمەندە، کە چەندین نەتەوەی وەک کورد، بەلووچ، تورک و عەرەب پێکەوە بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانەکەی پێکدەهێنن. سەرەڕای ئەم موزایکە دەوڵەمەندە، دەوڵەتی ئێران لە مێژوودا پەیڕەوی لە فۆرمێکی دەوڵەتسازی کردوە کە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی تاک کولتووری دامەزراوە. ئەم ئایدۆلۆژیایە لەسەر بنەمای نۆرمێکی فارسی دامەزراو ، کە کولتوور و زمانی فارسی نەک هەر لایەنگری کراوە، بەڵکوو وەک تاکە فۆرمی ڕەوای شوناسی نەتەوەیی دامەزراوەیی کراوە.

دەرئەنجامێکی ناوەندی ئەم سیاسەتە پەراوێزخستنی سیستماتیکی زمان و کولتووره غەیره فارسییەکانە. دەوڵەت لە ڕێگەی سیاسەتی زمان و سیستەمی پەروەردە و ڕێکخستنی ڕاگەیاندن و قەدەغەکردنی فەرهەنگییەوە، ئیمکاری فرەچەشنی نەتەوەیی کەمینەکان کردوە کە بە ئازادیی دەربڕین و پەرەپێدان و پاراستنی تایبەتمەندییە کولتووری و زمانەوانییەکانیان. نموونەیەکی ڕوون مامەڵەکردنە لەگەڵ نەورۆز، ئەو سەری ساڵەی نەریتییە کە کوردان ئاهەنگیان بۆ دەگێڕن. نەورۆزی خاکیپۆشان تەختی خەیاڵیی شۆڤێنیستانی ناوەندگەرای ئێرانی وە لەرزە هێنا ، سەرەڕای ئەوەی ئەم جەژنە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی مێژوویی و کولتووری هەیە، بەڵام زۆرجار ئاهەنگەکان بە سنووردارکردن و چاودێری و تەنانەت هەندێکجاریش توندوتیژی لەلایەن دەوڵەتەوە بەرەوڕوو دەبنەوە. نەورۆز بۆ کورد نەک هەر بەهایەکی کولتووری هەیە بەڵکو ئەرکێکی سیاسی و شوناس دروستکەری هەیە - هێمای بەرخۆدان و هیوا و پێکەوەبوون.

کەواتە نکۆڵیکردن لە مافە کولتوورییەکان لە ئێراندا تەنیا دەربڕینی چەوساندنەوەی کەمینەکان نیە، بەڵکو پێشێلکردنی قووڵتری مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە. کاتێک تاک و گروپەکان لە مافی قسەکردن بە زمانەکەیان و ئاهەنگگێڕان بۆ جەژنەکانیان و دەربڕینی ناسنامەی خۆیان بێبەش دەکرێن، کەرامەت و پێگەی ئەوان وەک هاووڵاتییەکی تەواو تێکدەچێت. لە چوارچێوەیەکی وەهادا شەڕی مافە کولتوورییەکانیش دەبێتە شەڕی یەکسانی و دیموکراسی و کەرامەتی مرۆڤایەتی.

لەبەر ڕۆشناییی ئەم ئاڵنگارییانە بۆ ئەم ۸۰۰ کەسە ئایدۆلۆژیستەکانی ئێران ئەم ترسە نە لە دیموکراسییە و نە عەقڵانییە - کۆنەپەرستانە و لە بنەڕەتدا نادیموکراسییەکە باس دەکەین.

## سیاسەتی فەرهەنگیی دەوڵەتی ئێران

سیاسەتی فەرهەنگی دەوڵەتی ئێران لە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا چارەسەری مەسەلەی کورد و نەتەوە ژێر دەستەکانی دیکەی ئێران نەبوو ، کە تەنیا کولتووری فارسی و زمانی فارسی وەک نۆرمێکی باڵادەست دامەزراوەیی کراون. لە سەردەمی شانشینی پەهلەویدا هەوڵێکی زۆر بۆ بەهێزکردنی شوناسی فارسی درا، ئەمەش بەو مانایە بوو کە نەتەوەکانی دیکە و زمانەکانیان وەک کوردی، ئازەری و عەرەبی پەراوێز خران. ئەم پرۆسەی یەکسانکردنی کولتووری دوای شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ۱۹۷۹ بەردەوام بوو، کە ڕژێمی نوێ زیاتر جەختی لە کولتوور و ئایدۆلۆژیای فارسی وەک پایەی یەکگرتوویی نەتەوە کردەوە.

نموونەیەکی ڕوونی ئەم سیاسەتە ماددەی ۱۵ی دەستووری ئێرانە کە لە ڕووی تیۆرییەوە ڕێگە بە خوێندن بە زمانی دایکی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان دەدات. بەڵام بەکردەوە ئەم مافە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. قوتابخانەکان تەنیا بە زمانی

فارسی خوێندن پێشکەش دەکەن و فێرکردن بە زمانەکانی دیکە نییە. ئەمەش ژینگەیەک دروست دەکات کە گروپە غەیرە فارسەکان هەست بە دوورخستنەوە بکەن و مافە زمانەوانی و کولتوورییەکانیان لێ زەوت بکرێت.

زاراوەی "زمانی خۆماڵی" کە زۆرجار بۆ وەسفکردنی زمانە غەیرە فارسییەکان بەکاردێت، لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ بێرێزیکردن بەو زمانانە و بچووککردنەوەی پێگەی ئەوان بەکاردەهێنرێت. ئەم سیاسەتە زمانییە هەستی نامۆبوون و دوورخستنەوە لە نێو کەمینە نەتەوەییەکان بەهێزتر دەکات، کە زمان و دەربڕینە کولتوورییەکانیان دانیان پێدا نەنرێت و ڕێزیان لێ نەگیرێت.

سیاسەتە فەرهەنگیەکانی ئێران، بە بێدەنگکردن و سەرکوتکردنی فرەچەشنی زمان و کولتوورەکان، نەک هەر مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن بەڵکوو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی کولتووری و پاراستنی کەمینەکانیش پێشێل دەکەن. ئەم پراکتیزەیە بەشدارە لە قووڵکردنەوەی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی گشتگیر و هەمەچەشن قورس دەکات.

## نەورۆز وەک بەرخۆدانی کولتووری

نەورۆز وەک یەکێک لە کۆنترین و بەرچاوترین نەریتەکان لە ناسنامەی کورددا جێگایەکی تایبەتی هەیە. بۆ کورد نەورۆز زیاترە لە ئاهەنگێکی سەری ساڵ؛ هێمای بەرخۆدان و هیوا و مانەوەی کولتوورییە. ئەو ئاهەنگە کە سەرەتای بەهار و سەردەمی نوێبوونەوەیە، ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە مێژووی کورددا داکوتاوە ونەورۆز دەرکەوتەی ئازادی و خەبات بۆ کورد.

لە وڵاتانی وەک ئێران، تورکیە، سوریە و عێراق کە کورد کەوتۆتە بەر چەوسانەوەی سیستماتیک، نەورۆز بووەتە دەربڕینی خۆڕاگری کولتووری و سیاسی. هەرچەند ئەو ئاهەنگە بەشێکە لە نەریتی کوردی، بەڵام زۆرجار لەگەڵ دژایەتی ئەو دەوڵەتانە بەرەوڕوو بووەتەوە کە وەک سەرچاوەیەکی پۆتانسێلی جیابوونەوە یان ناسەقامگیری سەیری دەکەن. بۆ نموونە دەوڵەتی ئێران لە مێژە هەوڵی پەراوێزخستن و شەیتانکردنی ئاهەنگی نەورۆز دەدات بە وەسفکردنی بە چالاکییەکی "جیاخوازی" کە زۆرجار ڕێوشوێنی سەرکوتگەرانەی وەک قەدەغەکردن لەگەڵدایە. گوتاری دەوڵەت کە دەربڕینە کولتوورییە کوردییەکان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکێتی نەتەوەیی نیشان دەدات، ستراتیژێکی هۆشیارانەیە بۆ شەرعیەتدان بە ڕێوشوێنە سیاسی و سەربازییەکان دژ بە کورد و نەریتەکانی.

سەرەڕای ئەم سەرکوتکردنە، نەورۆز بەردەوامە وەک شوێنێکی ناوەندی بۆ کورد بۆ دەربڕینی ناسنامەی کولتووری خۆی و



سەرچاوە
Serchawe

دەرفەتێکە بۆ کۆکردنەوە بۆ مافەکانی. ئاهەنگەکە وەک جۆرێک لە بەرخۆدانی کولتووری کار دەکات، کە کورد نەک هەر نەریتی خۆی دەپارێزێت بەڵکو ئاڵنگاری کۆنترۆڵی دەوڵەتیش دەکات بەسەر دەربڕینی کولتووری خۆیدا. نەورۆز لە ڕێگەی ئەم بەرخۆدانەوە بۆتە ئامرازێکی بەهێز بۆ پاراستن و بەهێزکردنی شوناسی کورد، سەرەڕای ئەو ئاڵنگاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کە کورد ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

## مافی زمانی وەک مافی مرۆڤ

مافی زمانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک ئازادییەکی بنەڕەتی بۆ تاک و کۆمەڵگە بە ڕەسمی ناسراوە. بەپێی بەیاننامەکانی یونسکۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان، مافێکە کە مرۆڤ بە زمانی دایکی پەروەردە وەربگرێت، زمانی خۆی لە چوارچێوەی گشتیدا بەکاربهێنێت و نوێنەرایەتی کولتووری لە میدیاکاندا هەبێت. ئەم مافانە بۆ پێشخستنی یەکسانی و پاراستنی فرەچەشنی کولتووری زۆر گرنگن. زمان نەک هەر وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن کاردەکات بەڵکو وەک هەڵگری ناسنامە و مێژوو و بەهاکانیش کاردەکات. کاتێک ئەم مافانە بێبەش دەکرێن، نەک هەر بە مانای لەدەستدانی هەمەجۆریی زمانەوانی، بەڵکوو بە مانای لەدەستدانی بەهێزکردنی کولتووری و سیاسیش دێت.

لێرەدا مرۆڤەکان زۆرجار ڕووبەڕووی هەڵاواردنی زمانەوانی دەبنەوە لە شێوەی ناتوانن دەستیان بە خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان بگات و زۆرجاریش بێ نوێنەرایەتی لە دەزگا حکومییەکان و میدیاکاندا دەمێننەوە. ئەم جۆرە جیاکارییە نەک هەر دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر دەکات، بەڵکو پەراوێزخستنی سیاسی ئەم پێکهاتانە قووڵتر دەکاتەوە. کاتێک مافی دەربڕینی بە زمانی خۆی بە مرۆڤەکان نەدرێت، هەستکردن بە نەبینراوبوون دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی وەدەرنانی کولتووری.

ئەم نکۆڵیکردنە لە مافە زمانەوانیەکان بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی تێکدەدات. دیموکراسی کارا پێویستی بەوەیە کە هەموو هاووڵاتیان بەبێ گوێدانە پاشخان و زمان، مافی یەکسانیان هەبێت بۆ بەشداریکردن لە ژیانی گشتیدا و دەنگیان ببیسترێت. بە پاراستنی مافە زمانەوانییەکان دەتوانین پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرتر و گشتگیرتر دەستەبەر بکەین کە هەموو تاکەکان بتوانن ئازادانە و یەکسانی خۆیان دەرببڕن.

## بێدەنگی فیکری کولتووری خیانەتە

بێدەنگی فیکریی کولتووری لە ئێراندا یەکێک لە لایەنە کارەساتبارەکانی ئەو ناوەندگەراییە کولتوورییەیە کە تایبەتمەندی



سەرچاوە
Serchawe

وڵاتەکەیە لە ئێراندا. لە سەردەمێکدا کە ئازادی ڕادەربڕین و مافی مرۆڤ دەبێ بەردی بناغەی گوتاری گشتی بێت، زۆرێک لەوانەی بەرپرسن لە داڕشتن و پاراستنی کولتوور - نووسەران، هونەرمەندان و ئەکادیمیستەکان - بێدەنگ بوون یان تەنانەت بەشداریکردنیان لە شەرعیەتدان بە سیاسەتی تاک زمانە و تاک کولتووری هەڵبژاردوە. ئەم دیاردەیە بە تایبەتی کاتێک ماڵوێرانکەر و وێرانکەر دەبێت کە ئەم تاکانە کە بە شێوەیەکی نەریتی بانگەشەیان بۆ دادپەروەری و ئازادی کردووە، لەبری ئەوە هێڵی دەوڵەت بەهێز دەکەن بە نکۆڵیکردن یان پشتگوێخستنی ماف و کولتوورەکانی گرووپە کەمینەکان.

ئەم خیانەتە فیکرییە لەو بەهایانەی کە زانستە مرۆییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی نەریتی بڕیارە لە پێناویدا بوەستن، تەنیا بابەتی دڵسۆزی چەواشەکارانە نییە بۆ دەوڵەتێکی ستەمکار، بەڵکو بەربەستێکی جدییە لەبەردەم گەشەیەکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانە و فرەییخوازانە. نموونەی ئەمەش کاتێکە کە بەشێک لە نوخبەی ڕۆشنبیری ڕەخنە لە داواکاریی کەمینە نەتەوەییەکان دەگرن بۆ مافە ڕۆشنبیری و زمانەوانییەکان و ئەم داواکاریانە بە "پێشێلکاری نەتەوەیی" ناودەبەن یان تۆمەتباریان دەکەن بە "هێزی دابەشکەر". ئەم ڕیتۆریکە کەشێکی ئایدیۆلۆژی بەهێزتر دەکات کە تێیدا فرەچەشنی کولتووری وەک هێزێک نابینرێت، بەڵکو وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکێتی نەتەوەیی سەیر دەکرێت.

بەم پێیە بێدەنگی فیکریی فەرهەنگی لە ئێراندا تەنیا قسە نەکردن نییە، بەڵکو بەشداری چالاکانە لە ئینکاری مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤی کەمینە نەتەوەیی و کولتوورییەکان. ئەمەش نەک هەر ڕێگری لە دیالۆگێکی ڕاستەقینە لەسەر دادپەروەری کولتووری دەکات، بەڵکو ڕێگری دەکات لە گەشەسەندنی کۆمەڵگایەک کە کراوە و گشتگیر و ڕێزگرتن لە دەربڕینە کولتوورییە هەمەچەشنەکانی.

## بەرخۆدان و ناسنامە و داهاتوو

سەرەڕای دەیان ساڵ لە چەوساندنەوە و پەراوێزخستن، نەوەی گەنج لە کوردستان ئامادەیییەکی بەرچاویان بۆ وەرگرتنەوە و پاراستنی شوناسی کولتووری و زمانەوانی خۆیان نیشانداوە. گەنجانی کورد لە ڕێگەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و پرۆژە ڕۆشنبیرییەکانەوە فەزای بەهێزکردن و دەربڕینی کولتووری خۆیان، سەرەڕای ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ڕەخساندووە. گەنجان بە تایبەتی پابەندن بە زیندووکردنەوەی زمانەکەیان، بە دوورکەوتنەوە لە وشەی فارسی و پێداگری لەسەر قسەکردن بە زمانی کوردی لە هەردوو چوارچێوەی تایبەت و گشتیدا.

گەنجان لە کوردستان بە دووپاتکردنەوە و پاراستنی شوناسی خۆیان هەوڵ دەدەن شوێنێک بۆ خۆیان دروست بکەن کە مافە



سەرچاوە
Serchawe

کولتووری و زمانەوانییەکانیان بناسرێت و ڕێزی لێ بگیرێت. ئێران لەجیاتی نکۆڵی لەو فرەچەشنییە، پێویستە هەوڵی ئەوە بدات کە وەک سەرچاوەی هێز، وەک ڕێگایەک بۆ گەشەسەندنێکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرتر و ئاشتییانەتت لە باوەشی بگرێت و بناسێت.

بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی دیموکراسی پێویستە وڵات هەمەچەشنی وەک دەرفەتێک ببینێت نەک وەک هەڕەشەیەک. ئێران بە پشتیوانی و پاراستنی مافە فەرهەنگییەکانی هەموو هاووڵاتیانی خۆی، بە کوردیشەوە، دەتوانێت کۆمەڵگایەکی گشتگیرتر دروست بکات، کە هەموو گرووپە نەتەوەیی و کولتوورییەکان بە هاوئاهەنگی و ڕێزگرتن لە مافەکانی یەکتر پێکەوە بژین.

**ئەنجام:**

بەردەوامی ڕەتکردنەوەی سیستەمی دەوڵەتی ئێران و نووسەران و ئەکادیمیست و ئایدۆلۆژیستەکانی ئێران لە داننان بە مافە فەرهەنگی و زمانەوانییەکانی دانیشتووانی هەمەچەشنەکەی، نەک هەر جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی پاوانخوازانە، بەڵکو پێشێلکردنی ڕەگێکی قووڵی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤیش پێکدەهێنێت. لەو چوارچێوەیەشدا نەورۆز دەبێتە زیاتر لە جەژن - گوزارشتە لە بەرخۆدانی کولتووری و شوناس و داخوازی بوون. ئاهەنگی نەورۆزی کوردەکان ئەوە نیشان دەدات کە چۆن پراکتیکە کولتوورییەکان دەتوانن وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ پرسیارکردن لە پێکهاتە دەسەڵاتە هەژموونییەکان و زیندووکردنەوەی یادەوەرییە بەکۆمەڵەکان خزمەت بکەن.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەندێک لە لایەنگرانی ناسنامەی یەکسانی ئێرانی بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوە فرەچەشنی نییە کە هەڕەشە لە یەکێتی نەتەوەیی دەکات – بەڵکو ئینکارییەکەیەتی. ئێران نەتەوەیەکی یەکگرتوو نییە، بەڵکووڵاتێکی فرەنەتەوەییە کە زمان و کولتووڕە جیاوازەکان لە چوارچێوەیەکی جیۆپۆلەتیکی هاوبەشدا پێکەوە دەژین. داننان بەم هەمەچەشنییە مەترسی نییە - مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ پێکەوەژیانی بەردەوام، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و دیموکراسیکردنی ڕاستەقینە.

کاردانەوەکانی بازنەی ناوەندگەرایی و شۆڤێنیستەکان، لەوانەش نامەی کراوەی نزیکەی ٨٠٠ تاک، ترسێکی ڕەگداکوتاو شۆڤێنیستەکان ئاشکرا دەکات. بەڵام فرەنەتەوەییە و زمان کولتوورییەکانی خەڵک نییە کە سەقامگیری ئێران تێکدەدەن- ئەوە بێتوانایی دەوڵەتە و شۆڤێنیستەکان ئێران لە ڕەنگدانەوەی دانیشتوانی هەمەچەشنەکەی ئێران تێکدەدەن.

٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

## عیرفان ڕەهنموون: ئاگایی نەتەوایەتییە کە بەرنامە و ڕێکاری خەباتکارانە دادەڕێژێ



**عیرفان ڕەهنموون: ئاگایی نەتەوایەتییە کە بەرنامە و ڕێکاری خەباتکارانە دادەڕێژێ و دەتوانێ نەتەوەی ستەملێکراو بە ڕزگاری و ئازادی شاد بکات**

**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاش ڕووداوی تێرۆریستی ٧ی ئۆکتۆبر، هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت شوێنی ململانێی زلهێزەکان بە تایبەت ئیسرائیل لەگەڵ گرووپە نیابەتییەکانی ڕێژیم بووە، ئاکامی ئەم دەستێوەردانانەی ڕێژیم لە ناوچەکەدا چی دەبێ و بەرەو کوێ دەڕوا، و ئاڵوگۆڕەکانی سووریا دەتوانێ بە چ ئاراستەیەکدا کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دابنێت؟ پێگەی کۆماری ئیسلامی دوای ڕووداوەکانی غەزە، لوبنان و سووریا ئێستا لە عێراق چۆنە و ئایا هاوکێشەیە هەر وەکوو پێشوویە؟، کوردستانی سەربەخۆ لە کوێی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی نوێدا جێ دەگرێت؟ ئەم پرسیارانە تەورەی سەرەکی وتووێژی ئەمجارەیە کە "کوردستان" بۆ وڵامدانەوەیان داوای لە زۆر بەڕێز کاک عیرفان ڕەهمنوون، شرۆڤەکاری سیاسی کردووە تا لەم بارەوە زانیاری زیاترمان پێ بدا.**



سەرچاوە Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: کاک عیرفان سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا سەرەتا پێمخۆشە بەم پرسیارە دەست پێ بکەم کە لە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و بە ڕوانینێکی گشتی هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان بۆ دۆزی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان چییە؟

**عیرفان ڕەهنموون**: دەتوانین بێژین کە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ئێستادا و بە تایبەت پاش ڕووداوی تێرۆریستیی ٧ی ئۆکتۆبر لە ئیسرائیل لە قەیرانـاویترین ساتەوەختی مێژوویی خۆیدایە. گۆڕانکاریی گەورە لە ئیسرائیل، غەززە، لوبنان، یەمەن و سووریە هاتۆتە ئاراوە و پریشکی ئەو گۆڕانکارییانەش بەر عێراق، ئێران و تورکیاش کەوتوون و جارێ سەرەتای ئەم بۆمەلەرزە سیاسییە هەژێنەرەیە و بە دڵنیاییەوە، لێکەوتەی زۆر و پێشبینینەکراوی دیکەیشی دەبێ. کورد لە ڕۆژئاوا پاش ئەم گۆڕانکارییانە بە شێوەیەکی گشتی باش خۆی ڕاگرتووە و سپایەکی بەهێزی هەیە و تا ڕادەیەکی بەرچاویش، پشتیوانیی نێونەتەوەییشی بەدوادا هاتووە. بەڵام دوو مەترسیی گەورەیشی لەسەر ڕێدایە کە یەکیان فاشیزمی مەزهەبیی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی سووریایە کە هیچ مافێک بۆ کورد ناپەژرێنێ و ئەوی دیکە ڕێژیمی داگیرکەری تورکە کە ئەگەر بتوانێ، ڕێگەی هەناسەدانیش لە کورد دادەخات. بەگشتی چارەنووسی ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان بەندە بە ئیرادەی هێزە سیاسییەکانی کورد و درێژەی پشتیوانیی نێودەوڵەتییەوە. باشووری کوردستان تا ڕادەیەک جێگیرە، بەڵام دەوڵەتی عێراق بەهۆی گەندەڵی و دەستێوەردانی ئێران، لەژێر مەترسیی هێرشی ئیسرائیل و تەنانەت ئێرانیش دایە. جارێ ڕوون نییە کە عێراق چارەنووسی خۆی دەبەستێتەوە بە دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانییەوە یان نا. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، هەر گۆڕانکارییەک لە ئێراندا، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر باشووری کوردستان و عێراق دەبێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازانە و سەروەرییخوازانەی پتەو لە ئارادایە کە لە شۆڕشی ژینادا گەیشتە لووتکە و لە بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا هەر لە ماکۆوە تا ئیلام و لوڕستانی گرتەوە و سەلماندی کە بزاڤی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە لووتکە دایە و دێر یا زوو بەرهەمەکانی دەردەکەون. دەتوانین بێژین کە ڕێژیمی ئێران لە دوایین قۆناغی تەمەنیدا و یان لەبەرامبەر گوشارەکانی ڕۆژئاوادا پاشکشە دەکات یان گورزی سەربازیی لێدەدرێ. لەهەر دوو حاڵەتدا، پێشبینیی گۆڕانکاریی چارەنووسساز لە ئێراندا دەکرێ.

**شەهرام سوبحانی**: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەستی نەتەوایەتی بەهێزە، لە ڕۆژئاوا بە ڕوویەکی دیکەدا و لە باکوور و باشووری کوردستانیش ئاماژەکان جۆرێکی ترن. بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی لە گێژاوە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی ئێستای ناوچەکەدا چەندە دەتوانێ لە لە بەرژەوەندیی سەروەریخوازیی کورددا بێت؟

**عیرفان ڕەهنموون**: بۆ ئەوەیکە بزانین ماهییەتی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی چییە، دەبێ لێکۆڵینەوە لەو کۆمەڵگەیە بکەین بزانین پێکناکۆکیی سەرەکیی لەو کۆمەڵگەیەدا چییە. دەبێ بزانین درزی و کەلێنی سەرەکیی لەو



**عیرفان ڕەهنموون**

کۆمەڵگەیەدا چییە. کوردستان بە هەموو بەشەکانییە جگە لە بەشێک لە باشووری کوردستان، هەمووی داگیرکراوە وسیستەمێکی کۆلۆنیالیستی لەوێدا جێگیرکراوە. کەواتە لەوێدا پێکناکۆکیی نەتەوایەتیی بوونی هەیە. پێکناکۆکیی نێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی بندەست. لە پێکدادانی نێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی بندەستدا، هەم هەستی ستملێکراوی و هەم هەستی نەتەوایەتیی لە ناو ئەندامانی نەتەوەی بندەستدا، سەرهەڵدەدات. هەستێک، کە جۆرێک تێگەیشتنە و گرنگییەکی تایبەتی هەیە. هەمیشەیش هەست لە پێش ژیری و ئاوەزەوەیە. بۆیە نەتەوەی بندەست ئەگەر هەستی نەتەوایەتی نەبێ ئیمکانی ڕزگاربوونی نییە. هەربۆیە هەستی نەتەوایەتی یەکەمین چەخماخەیە بۆ ئاگایی نەتەوەیی. بەڵام هەست بە تەنیا هیچ نەتەوەیەکی بندەستی ڕزگار نەکردوە و هەست تەنیا دەستپێکە. هەست دەبێ بەرە و ئاگایی و ئاوەز هەنگاو بنێ و لەچوارچێوەی هەست تێپەڕێ و ببێتە ئاگایی نەتەوایەتی. چونکە ئاگایی نەتەوایەتییە کە بەرنامە و ڕێکاری خەباتکارانە دادەڕێژێ و دەتوانێ نەتەوەی ستملێکراو بە ڕزگاری و ئازادی شاد بکات. بەگشتی هەستی نەتەوایەتی لەناو کورددا تا ڕادەیەک باشە، بەڵام ئاگایی نەتەوایەتی بەڕای من لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لاوازە.

**شەهرام سوبحانی**: **بە سەرنجدان بە گۆڕینی دێموگرافیی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر دەستی حکوومەتە ناوەندگەراکان و گرینگیی پرسی خاک و حەشیمەت لە یەکلاکردنەوەی هاوکێشە سیاسییەکاندا، خوێندنەوەی ئێوە بۆ کاریگەرییەکانی سیاسەتی تەعریب، تەتریک و تەفریس لە هەموو بەستێنەکانی ژیانی سیاسیی کورددا چییە؟**

**عیرفان ڕەهنموون**: دەبێ ئەوە بزانین کە دوژمنانی کورد( تورک و عەرەب و فارس ) بۆ ئەوە خاکی ئێمەیان داگیر نەکردوە کە ڕەقیان لە کوردە، بەڵکوو حەزیان لە خاکەکەمانە! کوردستان دەوڵەمەندترین خاکە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ



سەرچاوە
Serchawe

لە ڕووی کشتوکاڵەوە و چ لە ڕووی ئاژەڵداری و دارستان و سەرچاوە سروشتییەکانەوە. ئێمە زۆرترین زێڕ و نەوت و ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناڤینمان هەیە. گۆڕینی دیمۆگرافی، بۆ دزینی زیاتری سەرچاوە سروشتییەکانمانە. کورد نابێ سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیا قەبووڵ بکات و کورد گوتەنی « قەرز کۆن دەبێ بەڵام نافەوتێ ». بۆیە کورد هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نییە جگە لەوەی لە دەرفەتی گونجاودا ئەو خاکانە ڕزگار بکات کە دیمۆگرافیاکەی شێواوە و بەهەر شێوەیەکە دەلوێ دەبێ بیانگێڕێتەوە بۆ سەر خاکی کوردستان.

**شەهرام سوبحانی:** ڕەخنەگرانی دۆزی کورد دەڵێن ئێستا تەعریبی خۆکرد و خۆویست لە باشووری کوردستان، ڕاهاتن لەگەڵ ئەو دۆخە لە ڕۆژئاوا و جۆرێک بێ‌پلانی لە هەمبەر ئەو سیاسەتەی تاران بەنیسبەت گۆڕانی دیمۆگرافیی زۆر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە. پێم‌خۆش بوو ڕای ئێوە لە بارەی هۆکارەکان و چەندوچۆنیی ئەو باسەوە بزانم.

**عیرفان ڕەهنموون:** پرۆسەی بە عەرەبکردن و بە تورککردن لە باشوور و ڕۆژئاوا و باکوور پاش "سایکس پیکۆ" دەستی پێکرد و سەرەتا کوردیان لە دەریا دابڕی و پاشان ڕوویانکردە ئەو ناوچانەی کە نەوتیان زۆرە. لە ڕۆژهەڵات مێژووی بە تورککردن ۸۰۰ ساڵە درێژەی هەیە. پێش هاتنی مەغولەکان، کوردستان لکابوو بە ناوچەی مازنی و گیلەکەکانەوە. "تەورێز" پێتەختی فەرمانڕەوایانی کوردی "شەدادی" بوو. هۆکاری ئەو دۆخە لاوازی کورد و نەبوونی بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی پتەوە کە ڕێگەنەدات دیمۆگرافیای کوردستان بشێوێ. هێزی چەکداری لە نموونەگەلی وادا قسەی یەکەم دەکات و ئەگەر نەتەوەیەک نەتوانێ چەکدارانە بەرەڤانیی لە خۆی بکات، چارەنووسی لەوە باشتر نابێ.

**شەهرام سوبحانی:** ئاڵوگۆڕەکانی سووریا دەتوانێ بە چ ئاراستەیەکدا کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دابنێت؟

**عیرفان ڕەهنموون:** هەرچەند ڕۆژئاوای کوردستان، بچووکترین پارچەی کوردستانە، بەڵام گەیشتنی ئەو پارچەیەی کوردستان بە مافەکانی ڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەموو پارچەکانی کوردستان دادەنێ. ڕزگاریی ئەو پارچەیە دەبێتە هۆی ئەوەیکە بۆ یەکەمجار باشووری کوردستان ببێتە دراوسێی دەسەڵاتێکی کوردی. ئەمە ئەوان دەکات بە قووڵایی ستراتیژیکی یەکتر. ڕۆژئاوا دەبێتە دراوسێی باکووری کوردستان و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئەوێ دادەنێ و تورکیە ناچار بە نەرمینواندن لەسەر پرسی کوردستان دەکات. هەروەها کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ڕۆحییەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش دادەنێ. ئەم پرسە، پرسی کوردستان لە ئاستی جیهانیدا زۆر دەباتە سەر و دۆزی کورد زیاتر بە جیهان دەناسێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: پێگەی کۆماری ئیسلامی دوای ڕووداوەکانی غەزە، لوبنان و سووریا ئێستا لە عێراق چۆنە و ئایا هاوکێشەیە هەر وەکوو پێشوویە؟

**عیرفان ڕەهنموون**: دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی لە پاش ٧ی ئۆکتۆبرەوە لە لاوازترین دۆخی خۆیدایە لە ٤٦ ساڵی ڕابردوودا. سووریەی لەدەستداوە و ڕێژیمی دژە ئێران لەوێ هاتۆتە سەرکار. حیزبوڵڵای لوبنان نیوەگیان کراوە و حوسییەکانی یەمەن لەژێر گورزی گراندان. حەشدی شەعبی ناوێرێ پەل ببزوێ. ئێران لەژێر گەمارۆی زۆر توندی ئابووریدا و ئەو ڕێژیمە تەنانەت ناتوانێ ئاو و کارەبای خەڵک دابین بکات. ئێران دوو ڕێگەی لەپێشە یان وتوویژ دەکات و ئاڵای سپی هەڵدەکات یا گورزی گورچک بڕی لێدەدرێ. لە هەر دوو ئەگەرەکەدا، ئیمکانی گۆڕانکاری گرنگی سیاسی بوونی هەیە.

**شەهرام سوبحانی**: کوردستانی سەربەخۆ لە کوێی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی نوێدا جێ دەگرێت؟

**عیرفان ڕەهنموون**: تا ئێستا کوردستانی سەربەخۆ بوونی نییە، بووونەکەی پەیوەندی بە ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە. بەڵام کوردستانی سەربەخۆ بەپێی زانستی لۆژیک مەحاڵ نییە، بەڵکوو مومکینە. بەپێچەوانەی خەڵکی دیکە کە پێیان وایە ڕەوشی ناوچە و جیهان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەبار نییە، من پێموایە هێشتا ئەو ئیرادەیە لە خەڵکی کوردستاندا بوونی نییە. ئیرادە لە ئاگاییەوە سەرچاوە دەگرێ. وەک پێشتر باسم کرد، ئاگایی نەتەوایەتی لە ناو خەڵکی کوردستاندا بەگشتی لاوازە. مێژوو سەلماندوویەتی کە هیچ هێزێک لەبەرامبەر ئیرادی نەتەوەکاندا بۆ سەروەریی خۆیان ناتوانێ خۆی ڕابگرێ. دیارە جارێ باس لە سەربەخۆیی پارچەیەکی کوردستانە، چونکە بەداخەوە ئێمە بزووتنەوەیەکمان نییە کە هەوڵی ڕزگارکردنی هەموو کوردستان بدا. کارەساتبارتر لەوە ئەوەیە کە ئێمە گوتاری سەربەخۆییمان نییە و هیچ حیزبێکی گەورەی هیچ پارچەیەکی کوردستان باسی سەربەخۆیی ناکات. جارێ کورد کەوتۆتە شوێنی تراویلکەی ئۆتۆنۆمی و فێدراڵیزم و برایەتی گەلان. ئەگینا چۆن نەتەوەیەکی ٧٠ میلیۆنی ناتوانێ سەربەخۆ و سەروەر بێ؟

**شەهرام سوبحانی**: چەک، ئابووری، یان دیپلۆماسی کامیان دەتوانن دەوری سەرەکی لە گۆڕینی ستاتوی کورددا ببینن؟

**عیرفان ڕەهنموون**: هەم چەک، هەم دیپلۆماسی و هەم سەرمایە بۆ کاری سیاسی گرنگن. بۆ نەتەوەیەکی بندەست چەک گرنگترین کەرەستەیە. نەتەوەی بندەست خاکەکەی بە چەک داگیر کراوە، دیارە تەنیا بە چەکیش ڕزگار دەبێ. دیپلۆماسی تا ئێستا و تەنانەت لە ئەورووپایشدا نەیتوانیوە، پرسی نەتەوایەتی چارەسەر بکات. ئەوە باسک و ئەوە کاتالان و ئەوەش ئیسکاتلەند. دیپلۆماسی بێ بوونی خەباتی چەکداری مانای نییە. دیپلۆماسی واتە دان و ستاندن. بێ چەک چی دەتوانی پێشکەش بکەیت و چی دەتوانی وەرگری. مەبەستی من لەچەک تەنیا کلاشینکۆف نییە، چەکێکە کە بتوانێ


سەرچاوە
Serchawe

هاوسەنگیی هێز لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە بەرژەوەندی کورد بگۆڕێ.

**شەهرام سوبحانی**: کاک عیرفان سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن

**عیرفان ڕەهنموون**: سپاس بۆ ئێوەش هاوڕێیانی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ماندوو نەبنەوە.

٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# نەورۆزی کوردستان؛ ڕۆحی بەرخودان



هەردی سەلیمی

گەر هەندێک کەس لایان وابوو کوردستان بەدوای سەرکوتی بەربڵاوی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی‌دا و هەروەها ئەو گوشارەی کە لەسەر حیزبەکانی کوردستان بوو، دۆخێکی ماتەمینی بەسەردا زاڵ دەبێ لە چەشنی ئەوەی بەدوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢دا هات، ئەوە ئەم سێ نەورۆزەی دوایی سەلمێنەری ئەوەن کە کوردستان ئەم هەورە ڕەشەی داماڵی و زیندوویەتیی خۆی نواندەوە. لەگەڵ ئەوە ڕوانگەیەکی دیکەشمان هەبوو کە پێی وابوو ئەو پێشوازییەی کوردستان لە نەورۆزی ١٤٠٣ی کرد، بیانوویەک و هەوڵێکی وشیارانە بوو بۆ لابردنی خەم و کەسەر و هەروەها ڕێگەپێدانی دەسەڵاتیش هەوڵێکی ناڕاستەوخۆی ئەو دەزگایە بوو بۆ ئاشتیی دوای ئەو شەڕە قورسە؛ ئەو پێشبینییە هەڵە بوو و کوردستان هۆنراوەی "زستانە"ی ئەخەوان‌سالسانەی نەهۆنیەوە، لێکدانەوەکەش زۆر لەسەر جێی خۆی‌دا نەبوو، چون کوردستان تەنیا بەهۆی شادییەوە هەڵنەپەڕی.

ڕۆحی نەورۆز، ڕۆحی بەرخودانە، ئەو شادییەی لە نەورۆزدا دەکرێ، لەسەر شین شین بووە، کوردستان خەم و تراژیدییەکانی خۆی لەبیر نەکردووە، بەڵام شادیی بەکۆمەڵی خۆی لەسەر خەمی بەکۆمەڵ هەڵچنیوە، هاواری نەورۆز لە

کوردستاندا هاواری سەرکەوتنی گەرما بەسەر سەرما و ڕووناکایی بەسەر تنۆکیدایە، هاواری سەرکەوتنی بەرخودان و کۆڵنەدانە لە بەرامبەر دێوی دزێوی شەڕ و تاریکی و سەغڵەتدا؛ ئێمە گەر ڕابردوو لەبیر کەین و نوقمی شادییەکانمان بین، داهاتووشمان لەدەست چووە، ئەم بیرۆکەیە لەم یەکدوو ساڵەی نەورۆزدا بەجوانی و بەکرداری شی کرایەوە؛ نیشان درا کوردستان پێش لە هەر شتێک ڕۆحی بەرخودانی نەورۆزی زیندوو ڕاگرتووە، ئینجا شادی و خۆشییەکەی. بەڵگە بۆ ئەم ئیدیعایە چییە؟ کوردستان لەگەڵ ئەوەی بەرەوپیری ڕۆژ و ساڵێکی نوێ هەنگاو دەنێ، بەڵام لەو گەرمەی پێشوازییەیدا ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاویی لەبیرە، واتە چاوێکی لە ڕابردووش هەیە و دەزانێ دەبێ لەو ڕۆژەدا چ بکات بۆ ئەوەی بەرنامەی تێکۆشانی دادێی خۆی واتادارتر بکات و لە هەڵپەڕینێکی ڕووتدا خۆ قەتیس نەکات.

ئەم وشیاریی سیاسی و فۆرماسیۆنی هێزەیە کە بووەتە هۆی کەڵکەڵەمەندبوون و دڵنگەرانیی ٨٠٠ کەس. بەخۆشییەوە لەم نێوەدا دەتوانین بڵێین بۆ یەکەمین جارەکان بوو کە کوردستان دوای کردەوەکەی و دژکردەوەی نەیارانی، بێدەنگیی هەڵنەبژارد و دیسان دژکردەوەی بە دژکردەوەی وان نیشان دا. کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان بە وەرێخستنی هەڵمەت و کەمپەینێکی کەموێنە لەژێر ناوی "نا بۆ فاشیزم" بە ڕێکخراوانەترین و وشیارانەترین و جوانترین شێوە هەڵوێستی گرت و وڵامی دەمبەستانەی بەو هەڕەشەنامە ناشارستانی و فاشیستییە دایەوە و تێی گەیاندن کە نەورۆزی بەرخودان و کولتووری شادیی گشتیی ئێمە، هێڵی سوورمانە و ناهێڵین بەئەمنیەتیی بکەن. بەڕێوەچوونی نەورۆزی کوردەواریی کارەزان لە پارێزگای ئیلامیش واژۆیەکی کردارییی تایبەت و پڕبەپێست بوو کە لەژێر ئەو کەمپەینی نا بۆ فاشیزمەدا وەک گەورەترین واژۆ تۆمار کرا.

وەک دوایین قسە با بزانین ئەم کەمپەینە بۆ ناوی نا بۆ فاشیزمی لێ نرا و چیی وت؟ هەرکەسێک یەک جار بتوانێ و خۆی ڕابگرێت هەتا کۆتایی خوێنەری ئەو بەیاننامە هەشسەد واژۆییە بێ، لە یەکەم وشەکان و یەکەم دێڕەکان و یەکەم بەندەکانەوە بۆی دەردەکەوێ کە لەگەڵ چ نووسراوەیەکی سەرتاسەر ڕەگەزپەرەستانەدا بەرەوڕوویە، ئەوان بە دەرکردنی ئەم گوڕەشەنامەیە پێش لە هەر شتێک ئەوەیان سەلماند کە هیچ توانای قەبووڵکردن و بەفەرمیناسینی شتێکی جیاوازلەخۆیان نییە، بۆیەشە زۆر بەهەق ئەو ناوە لەو کەمپەینە نراوە. چون ئێمە بەرەوڕووی کۆمەڵێک کەس بووینەتەوە کە بە بیر و کردار دژەئەوی‌دین. لەگەڵ ئەوەشدا و بەو حاڵەشەوە کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان "تیچە" وتەنی "لە کاتی شەڕ لەگەڵ دێوەزمەدا خۆی نەبووەتە دێوەزمە" و بە زمانی خۆی وڵامی داوەتەوە نەک زمانی ئەوان، چون لە بنەڕەتڕا ناسیۆنالیزمی کورد ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ نییە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی پێی لەسەر هێڵە سوورەکان داگرتووە و هەر لە ئێستاوە خواستوویەتی نەورۆزی داهاتوو بێگوێدانە ئەو هەڕەشانە گەشتر و بەرینتر بەڕێوە بچێت، هاوکات داوای لێ کردوون وەک دەرفەتێک لە ئیمکانی کوردستان بڕوانن نەک بە چاوی هەڕەشەوە.

٢٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# دەسەڵات و ئایدۆلۆژیای زمانی لە ڕاگەیەنراوی هەڕەشەیی ٨٠٠ نوخبەی ئێرانیدا




د. ڕەحیم سورخی، ئەندامی لێژنەی زانستیی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان_تیشک

## سەرەتا

بزوتنەوەی نەتەوەیی - جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕەوتێکی پەرەسەندوودا، خەریکە لە پێکهاتنێکی نەرمی ئاشتییانەی کۆمەڵایەتیدا خۆی وەک پێکهاتەیەکی تایبەت، بە میراتێکی مێژوویی، سیاسی، فەرهەنگیی و زمانییەوە دەنوێنێت. ئەم نەتەوەیە بە پێکهێنە ناسێنەییەکانی لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی زمانی، دەقی، هونەری، نواندن و دیداری لە پانتایی زمانی - جوگرافیی کوردستاندا خۆی دەرخست. لە ڕۆژی ١٧ی خاکەلێوەی هەتاویدا زیاتر لە ٨٠٠ بەناو زانستوان، هونەرمەند، نووسەر و توێژەر و ئەکادیمیی ئێرانی لە ڕاگەیەندراوێکدا "هۆشدار"یان بە ڕژیم دا و ڕەوایەتی سەرکوتی کوردیان لە توێی ڕاگەیاندنی "هۆشدار"ێکدا بە دەسەڵاتی دەوڵەتی دا، و ئەم پێکهاتنە نەتەوەیی و جەماوەرییەی کوردیان، بەتایبەتی، لە نەورۆزی ئەمساڵدا بە "پاوانکردنی بۆنەی نەورۆز لە دەست تاقمێک"دا ناوبرد و بە " ئەتنیکی کردنی بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی" وەک هەڕەشە و مەترسییەک لە سەردەسەڵات، باڵادەستیی زمانیی و سیاسیی خۆیان لەقەڵەم دا. لە ئەو ڕاگەیەنراوە هەڵەشەییانەدا، بە ئەدەبیاتێکی نەژادپەرەستانەی پڕ لە سوکایەتی و هەڕەشە

دەوڵەتی لە ڕەوایەت/شەرعیەت کەوتووی ئیسلامیی ئێرانیان بۆ سەرکوتی ئەو خۆنواندنە کۆمەڵایەتییە، هێمن و ئاشتیخوازانەیە تین دا.

## پوختەی ڕاگەیەنراوە هەڕەشەییەکە

"بە ناوی "پێشوازی لە نەورۆز"ەوە، "بەدبەختانە بە پێی هێندێک وێنەی بڵاوکراوە، لە هێندێک لە پارێزگاکانی ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوا، لەوانە کوردستان، ئەوەی وەک بۆنەی پێشوازی لە نەورۆز ڕوو دەدات، داشکاندنی نەورۆزە لە جەژنێکی گەورەی نیشتمانیی ئێرانییەوە بۆ بۆنەگەلی وردۆکەی ئەتنیکی، تایفی و ناوچەیی" و لە "مافی سروشتی" و "مافی هاوڵاتیی" هاوڵاتیی ئێران وەک "مافی ئەتنیکی" ناویان بردووە و "لە سەر لقەکە دانیشتوون و قەدەکەی دەبڕنەوە"، لە ئەسڵی پازدەی دەستووری ئێرانی گزییان کردووە، و بوونەتە هۆی "لاوازیی زمانی نەتەوەیی و فەرمی وڵاتەکە، واتە زمانی شارستانێتی، دێرین، ماقووڵ (نەجیب)و بە پیتی فارسی!!"

ئەم پوختەیەی سەرەوە، لە ڕستە پێکهێنەکانی دەقی ڕاگەیەنراوی هەڕەشەیی ئەو کۆمەڵە دەستەبژێرە ئێرانییەوە ڕاستەوخۆ دەرهێنراوە.

## دەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان لە بەستێنێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا

وەک نوکتە دەگێڕنەوە کە لە سەردەمی داگیرکردنی چێکوسلۆواکی لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە، کەسێک وەک نارەزایەتی پارچە کاغەزێکی سپی کە هیچی لەسەر نەنووسرابوو، بەرزکردبووە و لە بەرانبەر هێزەکانی سۆڤیەت ڕاوەستابوو، ئەفسەرێکی سۆڤیەتی لێی چووە پێش و پێیگوت، ئەوە چییە، کوا وشەکانی بۆ هیچی لەسەر نە نووسراوە. کابرای چێکی پێیگوتەوە: "پێویست بە نووسین ناکات، هەموو شت ڕوونە". لە ئەم ڕاگەیەندراوەشدا بە ڕوونی گوتوویانە ئەوان لە پێگەی هێزەوە بە زەبری زۆر دەیانهەوێت خۆیان بەسەر ئێمەدا بسەپێنن و ڕاست لەو شوێنە ئێمەش وەستاوین و بەرەنگاریی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکەیان دەکەین. ئەوان لە پێگەی دەسەڵاتیشەوە کە هەموو پشتگیرییە دامەزراوەییە حکومییەکانیان چالاکانە لەگەڵە، هێشتا هاواری لەناوچوونی زمانەکەیان دەکەن. ئەمەش دەریدەخات کە پرسی زمان، چەندە پرسێکی سیاسییە و بە بێ ڕەچاوکردنی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان چارەسەر نابێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هیچ چارەسەرێکی سیاسەت و پلاندانانی زمانی ناکرێت بەشێوەیەکی بابەتیخوازانە (ئۆبجێکتیڤ) لە دەرەوەی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا، بە دابڕاوی لە ململانێی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان چارەسەر بکرێت و بگات بە یەکسانیی کۆمەڵایەتی.



سەرچاوە Serchawe

ئەم ڕاگەیەنراوە هەڕەشەییە، هەڵگری هەر دوو جۆری ئایدۆلۆژیای زمانییە: واتە هەم ئەو چەشنە ئایدۆلۆژیایەی کە لە ڕێی کۆد یان پێکهاتەی ڕستە و وشەکانی زمانەوە دەردەبڕدرێت و هەم هەڵگری چەشنێک ئایدۆلۆژیای زمانییە کە لە بارەی زمان خۆیەوەیەتی، واتە بڕیار لەبارەی سنوور، ئەرک و چۆنێتیی و شێوەی بەکارهاتنی زمان لە پێوەندیی لەگەڵ قسەپێکەرەکانییەوە دەدات.

ئەم چەشنی دووەمەی " ئایدۆلۆژیاکانی زمان لە ڕووی ئەخلاقی و سیاسییەوە نواندنەوەیەکی بارگاویکراوی سروشت، پێکهاتە و بەکارهێنانی زمانەکانە لە جیهانێکی کۆمەڵایەتیدا (Irvine 1989)"کە پێوەندیی بە "فەرهەنگی زمانی"ی کۆمەڵگەکانەوە هەیە، و زمان وەک نوێنەری کۆمەڵەی بەکارهێنەکانی زمان دەبینێت، واتە کێشەی لەگەڵ زمانەکە خۆی نییە، بەڵکوو کێشەی لەگەڵ بەکارهێنەکانی و ئاخێوەرەکانێتی. هەر بۆیە "زمان وەک کێشە" دەبینێت. کێشەیەک بۆ ئەو دەسەڵاتەی لە ڕێگەی پرستیژ(ئیعتیبار)ی زمانەکەی خۆیەوە بەسەر ژێردەستکراوەکانیدا سەپاندووە. کۆمەڵگاکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە خاوەنی ئایدۆلۆژیای زمانین. کۆمەڵگەکان لە پەروەردەکردنی منداڵ، کارلێکی ڕۆژانە و ناکۆکییە نێوان کەسییەکاندا، لە مشتومڕە بۆنەیی و سیاسییەکاندا، کاریگەریی ئایدۆلۆژیای زمانیان لەسەرە. نواندنەوەی ئایدیۆلۆژییانەی زمانەکان هەم بە هۆی ئەندامانی ئاسایی کۆمەڵگەکانەوە، و هەم بە هۆی دامەزراوە فەرمییەکان و نوخبەکانەوە، لەوانەش زانایانی ئەکادیمی پەسند و جێبەجێ دەکرێن.

دەقی ئەو ڕاگەیەنراوە، نموونەیەکە لە "فەرهەنگی زمانی"ی ئەو دەستەبژێرەی وەک نوێنەرایەتیی نەتەوەی باڵادەست، نەک هەر "مافی ئەتنیکی"یش بە نەتەوە ژێردەستکراوەکانی ڕەوا نابینێت، بەڵکوو بە مەترسییەک بۆ "زمانی شارستانێتی، دێرین، ماقووڵ (نەجیب)و بەپیتی فارسی"!!! دادەنێت. "فەرهەنگی زمانی" لە پێناسە سنووردارەکەی زماندا، واتە لە وشە و ڕێزمانی زمانەکەدا نییە، بەڵکوو لە شوێنێک لە ئاگامەندی (لە یادگە، زانینی هاوبەش، یان خەیاڵ و بیرۆکەی)ی کۆمەڵە زمانییەکاندایە .(Schiffman 2006)بەگشتی، ئەوشتانەی وەک تێڕوانین لەبارەی زمانەوە دەخرێنە ڕوو سەر بە فەرهەنگی زمانیین کە ئایدۆلۆژیا زمانییەکانیش لەوێوە سەرهەڵدەدەن. فەرهەنگی زمانیی ئەم دەستەبژێرانە نوێنەرایەتیی گوتاری نەتەوەی زاڵ دەکات کە لەسەردەمی فرەکولتوریی و فرە زمانیدا، بە ڕیزکردنی وشە نرخێندراوەکانی "زمانی شارستانی، دێرین، ماقووڵ و بەپیت" بۆ زمانی فارسی، زمانەکانی دیکە دەخاتە پلەیەکی نزمەوە، و لە ڕێی زمانە بەکەمینەکراوەکانەوە پاساو بۆ ژێردەستکردنی ئاخێوەرەکانی دەهێنێتەوە و تەنانەت لە هێندێک بەشی تری ڕاگەیەنراوەکەدا ئاپۆرەیەکی کۆمەڵایەتی کە تەنیا لە سەر نەریتی فەرهەنگی و مێژوویی خۆی کۆ بووەتەوە و شادی دەربڕیوە، بە"جیاوازیخواز" ناو دەبات، تاکوو لە ژێر ناوی ئەو "مۆرک"ەدا سەرکوتەکەی پاکانە بکات. هەڵوێستی سەرکوتکەرانەی ئەم کەسانە نوێنەرایەتیی گوتارێک دەکات و فەرهەنگێکی زمانییە، چونکە لە بەستێنێکی فەرهەنگییەوە سەرهەڵدەدات و ناتوانێت لەو فەرهەنگە کە لە کۆمەڵگەکەی بە میرات پێی گەیشتووە، دابڕێت. ئەمە دەیان ساڵ ڕاهێنانی پەروەردەیی

دامەزراوەکـانی دەوڵەتـی نەتەوەی زاڵـی لە پشـتە، پشـتی بە هێـز گەرمە و لە پێگەیەکەی دەسەڵاتدارانەی لەسـەرەوە بـۆ خوارەوە لەگەڵ نەتەوە ژێردەستکراوەکان هەڵسوکەوت دەکات.

## دەسەڵاتی وڵاتی" فرە نەتەوە" یان وڵاتی "فرە ئەتنیک"

نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان، کورد و زمانەکەی نـابنە پێکهـاتەیەکی "ئەتنیکی-فەرهەنگی"، کە لە جۆری "کۆمەڵگەی کەمینە لە شێوەی ژێنگە پارێزان یان ڕەگەزخوازییەکان"دا پۆلین بکرێن. ناکرێت لە شێوەی کۆمەڵە زمانییە کەمینە کۆچبەر و پرشوبڵاوەکان لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا یـان ئەوروپـا سـەیر بکـرێن کە بە ئـارەزوو یان بە هۆی ناچاری پەنایان بۆ ئەو وڵاتانە بردووە، و ناچارن لەگەڵ زمان و فەرهەنگی ئەو وڵاتـانە بچارێن و دەوڵەتـیش پابەند نەبێت بە دابینکردنی مافە کولتوورییە کۆیی و تاکییەکانیـان. ئەوانەی کـورد لەم شێوەیەدا پۆلین دەکەن، و لە ژێـر ناوی "میتۆدی نوێ"دا بـانگەشەی بۆ دەکەن، ڕاستییەکەی خەریکی هەڵاتن بەرەو پێشەوەن، بەرەو توانەوە و ئەسیمیلە بـوون. لە بریتیـی ئەوە، پێویسـتە وەک کیملیکـا(١٩٩٥) دەڵێـت ، بـزانین چۆن پێناسـەی "وڵاتێکـی فـرە زمـان" دەکەیـن. پێویسـتە بزانین فرە زمانییەکە لە نێو وڵاتێکی فرەنەتەوە یـان وڵاتێکـی فـرە ئەتنیک دایە. بـانگەوازی کیملیکـا بـۆ مـامڵەکردنێکی یەکسـان لەگەڵ زمانەکـان لەسـەر ئەو بنەمـایە دامەزراوە کە گۆڕینی هەر نایەکسـانییەک بـۆ دەرفەتـی "بـاش و یەکسـان"، نابێت بگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی تـاکە بەرکەوتووەکانی نایەکسانییەکە.

بـۆ نمـوونە، لە پێوەنـدی لەگەڵ کـورددا، ئـێمە لە دۆخێکـی نەخـوازراودایـن و بەناچـاری کەوتـووینەتە ئەو دۆخەوە کە نایەکەسـانیی دەرفەتەکـانی هەڵبـژاردن و دەستڕاگەییینی بەرهەم هێنـاوە. لەبەرئەوەی کـاتێک هەڵبـژاردن دەکەیـن، دەبێـت بەرپرسیارێتیی دەرئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنانە لە ئەستۆ بگرین. کەوابـوو، ئەمە ناتوانێـت بـۆ تـاکێکی کورد ڕەوا بێـت، چونکە مافی خاوەنداریکردنی خاک، زمـان و دەسەڵاتی بەسـەر کۆمەڵگاکەیـدا لە ڕێـی داگیرکـارییەوە لـێ زەوت کـراوە. بـۆیە تیۆریی "کۆمەڵگای دیموکراتیک" یان ئەوەی لە ڕاگەیەنراوی نوخبە ئێرانییەکانیشدا بە نـاوی "مـافی سروشتی" یـان "مـافی هاووڵاتیی ئێرانی هاتووە، لە ئەو ڕووەوە دەلەنگێت کە لە پێگەی تـاک و نوێنەرایەتیی "کـۆمەڵگەی زاڵ"ەوە "کـۆمەڵگەی پەراوێـز ڕادەکێشـێت تـاکوو واز لە ئـاوا کردنـی دەسـەڵاتێک بهێنێـت کە بەرگـژیـی دەسـەڵاتەکەی بکـات. بەگشـتی، ئەسیمیولانیستەکان بەتایبەتی، لە تورکیا و ئێران، پێیـانوایە شتێکی دادپەروەرانەیە کە وەک ئـاخێوەری کۆمەڵەی زمـانیی کوردی لە کوردستانیش، بەو پێیەی کۆچبەرانی کورد و نەتەوەکانی دیکە بـۆ وڵاتـانی هەنـدەران کە بە ئـازادی ئەو وڵاتە (ئەورووپـی زمان)ەیـان هەڵبـژاردووە، پابەنـدن بە فێربـوونی زمانەکەشیـان، ئەمـانیش ئەو بڕیـارە 'خۆتـاکییە" ئـازادەیـان هەبـووە و هەیە و، ئەرکی وڵاتەکە نییە کە پشتگیرییەکی چالاکـانەی یەکسـان لە زمـانی ئـاخێوەری کـورد یـان نەتەوەی دیکەش بکات.



سەرچاوە Serchawe

کەوابوو، پێویستە لە نێوان وڵاتانی "فرەنەتەوە" و "فرەئەتنیک" جیاوازی دابنرنێت، وڵاتانێکی وەک ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا وڵاتانی فرەنەتەوەن نەک فرە ئەتنیک، چونکە "لە ڕێگەی تێکەڵبوونی دوو یان زیاتری پۆلە"نەتەوەیی" ەکان کە پێشتر هەبوون (لە ڕێگەی داگیرکردن و لکاندن یان یەکگرتنی خۆبەخشانە) ەوە کۆکراونەتەوە(کیملیکا١٩٩٥)، کە دەوڵەتەکان دەبێت پابەندی پاراستنی مافەکانیان، چ بە شێوەی کۆیی یان بەشێوەی تاکی بن و جیاوازن لە "وڵاتانی فرە ئەتنیک" کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی تاکەکەسی لە ئەنجامی کۆچی بچووکەوە پێکهاتوون. هەربۆیە، ئەو بانگەشەیەی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی وەک کورد وەک "دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی" دەنرخێنێت و کێڵەڕێ و نیشانە دەدات بە دەسەڵاتی داگیرکەر بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای پێشگریمانەی ڕەوا بینینی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی باڵادەست لە چوارچێوەی "دەوڵەتی دیمکراتیک"دا کە "کۆمەڵگەی زاڵ ئاوای کردووە" لە هەڵاتنێکی بەرەو پێشەوەدا کورد بەرەو تێداچوونێکی خۆبەخشانەی خوازراو دەبات. چونکە پێشوەختە، پێگە، هێز، وەدەرفەت وەدەسەڵاتی ئابووری و تەکنۆلۆژیی تورک/فارسی قەبووڵ کردووە، و پێیوایە لەبەر پێکەوەژیانی مێژوویی نەتەوەی کورد لەگەڵ ئەواندا، پێویست بە "تەنانەت، ڕێگەچارەیەکی فەرهەنگیش ناکات، چونکە ئەوەش ناسیۆنالیزمی توندئاژۆی"ی لەسەر بنیاد دەنێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەر ئەم تێڕوانینە خۆی لە ئەنجامی ترس لە بە سیاسیی بوونی زمانەوە هاتووە، پرسی فەرهەنگ و زمان دەکاتەوە بە "کێشە"یەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی و سەرکوتکردن و بەربەست دروستکردن بۆی پاساو دەدات، هەر وەک لە دەقی ڕاگەیەنروەکەدا هاتووە. هەر بۆیە، وەک ڕێگە چارە و بە دەرهاویشتنی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا لە بەریەککەوتنە کۆمەڵایەتییەکاندا کە پێشوەخت هەن، بە دەسەڵاتی نەتەوەی فەرمانڕاو بپێشنیار دەکات، بە خێرا خۆی نیمچە ئازادییەک بە کورد بدات و لێی نەترسێت، "چونکە پێویستییەکانی ژیان زمانی خۆی دروست دەکات" و شتێک نامێنێت بەناوی "کێشەی زمانی"ی و "ناسیۆنالیزمی توند ئاژۆی کۆمەڵگەی پەراوێز" . سەیرە، کە ئەم ڕوانگەیە هەر بە ئەو لۆژیکەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی زاڵ بە ڕەوا دەبینێت، و لە وشەی بریقەداری "دەوڵەتی دیموکراتیک"دا دەیڕەنگێنێت، هەر بە ئەو لۆژیکەش ناسیۆنالیزمی نەتەوە ژێردەستکراوەکە بە ڕوا نازانێت، و بە دواکەوتوو، دژە ژن، پیاوسالار و گەلێک ناوناتۆرەی تر تۆمەتباری دەکات.

## ئەنجام

لە کۆتاییدا، لە ئەم ڕاگەیەنراوەدا، نوخبەکان لە حکوومەتەکەی خۆیان وەک دەزگای بەڕێوەبردن ڕازی نین و "بە هاتنە ناوەی ناپسپۆڕانە" تۆمەتباری دەکەن، کە لە دۆخی شپرزەی وڵاتەکەیاندا لە سەرکوتی کوردستاندا کەمتەرخەم بووە. هەروەها لۆمەی دەکەن بۆ چی بەرپرسانی ئیداریی پارێزگاکانی ئێران لە خوزستان، کوردستان و ئازەربایجان بە زمانی فەرمیی نادوێن. ئەمە خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە تەنیا دەوڵەت و دەزگا دەوڵەتییەکان نین کە دەتوانن سەرکوتکەر بن، بەڵکوو نوخبەکانیشی کە پەروەردەی بەستێنی فەرهەنگی زمانی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەگای زاڵن، دەتوانن هەڵگیرسێنەری توندوتیژیی مەعریفی یان هاندەری سەرکوتی توندوتیژانەی نەتەوە ژێردەستەکان بە هۆی ئامرازی

سەرکوتی دەوڵەتەوە بن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە پرسی زمان و فەرهەنگیش لە وڵاتێکی فرەزمان و فرە نەتەوی وەک ئێراندا بەستراوە بە هێزی ناسێنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاخێوەرەکانییەوە. ئەم پەلامارە زمانی و گوتارییەی نوخبەی نەتەوەی دەسەڵاتدار پاساودەر و ڕێخۆشکەری هەر چەشنە پەلامار و سەرکوتێکی کرداری و جەستەیشە بۆ سەر نەتەوەی کورد، و پێچەوانەی ڕەوتاری نەرمی ئاشتیخواز، شاد و بە نەشە و دژی توندوتیژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مافە مرۆییەکانێتی، و هەوڵێکە بۆ چاوترسێنکردن و سەرکوتکردنی نەتەوەکەمان کە ڕواڵەتەکەی لە ڕەوتارێکی توندوتیژانەی "گۆپاڵ بەدەستانی ڕژێم" لە "ورمێ" دا خۆی نواند. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم شێوە نواندنەوە گوتارییە، نیشانەی ترس لە ڕەوینەوەی کەلێنی نەتەوەکانە کە لە واقعێکی ڕاستەقینەی مێژوویی، فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دێت، و لاوازیی و لە شیرازە چوونی چەقی دەسەڵاتی تاک نەتەوەیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان ئەوانی هەراسان کردووە، و "کورد هەراسی" چاوی واقعبینی هەندێک نوخبە و ئەکادیمیشی بەستووە. نەتەوەکەمان پێویستە بە زاڵ بوون بەسەر جیاوازییە ئایدۆلۆژی و بەرژەوندییە حیزبییە بەرتەسکەکاندا، هەر وەک چۆن خەریکە خۆی ڕێکدەخاتەوە و بە شێوازێکی جەماوەریی سەردەمییانە خۆ دەنوێنێت، ئەو جیاوازییە ئایدۆلۆژییە بەرژەوەندیخوازانە حیزبی و تاقمییانە لە مەنتیقی ژێریی گشتی و کۆیی خۆیدا بتاوێنێتەوە و هەمووی بکاتەوە بە هێزی داینەمۆی بزوتنەوە ئاشتیخوازانەکەی.

**سەرچاوە:** [https://tishk.org/ku/%d9%82%d8%af%d8%b1%d8%aa-%d9%88-](https://tishk.org/ku/%d9%82%d8%af%d8%b1%d8%aa-%d9%88-)

۲٤ی خاکەلێوەی ۲۷۲۵

# "نەورۆزی یەکگرتن"



**دیاکۆ ع. بۆکانی**

بەدرێژایی مێژوو و ئێستاشی لەگەڵدابێ، هەر نەتەوەیەک هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات کەڵک لە بۆنەیەک، یان ڕووداوێک وەردەگرێت و ئەو بۆنە و ڕووداوەش بکاتە هەوێنی یەکگرتن و بە ئامانج گەیشتن. ئەوان چاویان خورد کردۆتەوە هەتا بزانن چ بۆنە و ڕووداوێک دەتوانێت ئەوان بگەیەنێتە ئامانج، ئەوسا پلانیان بۆ دارشتوە و کەڵکیان لێوەرگرتوە.

گەلانی دەورووبەرمان بۆ ئەو مەبەستە بەردەوام دینیان کردۆتە ئامرازێک، هەتا هەم خۆیانی پێ یەک بخەن، هەمیش کیانی نەتەوایەتیی خۆیانیان پێ سازکردوە. تەنانەت ئەوان هەوڵیان داوە دینیش بکەنە ئامراز و کەرەستەی بەردەستی خۆیان، هەتا بەو بیانووەوە هێرش بکەنە سەر خاک و ئاو و ماڵی گەلانی دیکە و خوێنڕشتنیان پێ ڕەوا کردوە و ماڵخواردنی خەڵکیان پێ قەبڵاندوە. ئەو فەرمانانەی لەلایەن دەسەڵاتەکانی دەوروبەریان بۆ سەر ئێزەدییەکان کراوە، ئەنفالەکەی سەدام، یان فتواکەی خومەینی بۆسەر کوردستان بەشێکن لەو کەڵکوەرگرتنانەیان. بێگومان تورک و عەرەب و فارسیش هەر دینیان کردە ئامراز و دەوڵەت و کیانی خۆیان پێ پێکهێنا. تورک ئیمپراتۆریی عوسمانی کردە کەرەستە. عەرەب ئەو زمانەی قورعانی پێ نووسرا و فارسیش لە شیعەگەری کەڵکی وەرگرت. بەداخەوە لەنێو ئەو گەلانەی ناوچەدا



سەرچاوە Serchawe

هەر کورد موخلیسانە شانی دایە بەر دین و نەیکردە ئامرازی دنیایی و تەنیا هەروەک پردی پێوەندی لەنێوان زەوی ئاسمان لێی ڕوانی. تەنانەت زۆر جار دژەکانمان لە سۆنگەی دینەوە فریویشیان داین و سیری خۆمانیان لە سمێڵی خۆمان هەڵساوی و بەدەستی خۆمانماڵی خۆمانیان پێ وێران کردین.

بەدرێژایی مێژوو زۆرجار کورد هەتا ڕادەیەکی زۆر باش چۆتە پێش و لە پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی نزیک بۆتەوە، بەڵام مخابن فتوای کۆلکەمەلایەک، یان وتەی شێخۆلکەیەک ڕیسەکەی لێ کردوونەتەوە خوری و هاتوونەتەوە سەر حوللەرسێ. تەنانەت ئەوکاتەی بە ناوی دینەوە بوونەتە خاوەن دەسەڵاتێکی مەزن و سەرکردەیەکی بەتوانای وەک سەلاحەددینیشمان هەبووە، دیسان نەمانتوانی لەو دەرفەتە کەڵکی پێویست وەرگرین و سنووری خۆمان دیاری کەین و ئاڵای خۆمان هەڵدەین.

بەدڵنیاییەوە ئەگەر سەلاحەددینی ئەیوبی تۆسقاڵە زەڕڕەیەک هەستی نەتەوەیی لە ڕەگدا بوایەت و وەک تورکە عوسمانییەکان لە دنیای ڕوانیبایە، ئەوە هەر ئەوکاتە دەیتوانی کورد بکاتە خاوەن دەوڵەتێکی مەزن و کەموێنە لە ناوچەکەدا. بەڵام مخابن بە هۆی توانەوە لە نێو بیری ئایینیدا نەتەوەکەی وەلانا و ئەوەی لە توانایدا هەبوو نایە خزمەت بیروباوەڕە دینییەکەیەوە و هیچی بۆ گەلەکەی نەکرد. دیارە ئەگەر دەوڵەتی کوردیشی پێک بێنایە ئەو کارەی هیچ زیانێکی بە دینەکەی نەدەگەیاند و ئێستا هەم وەک کەسایەتییەکی ئایینی و هەمیش وەک کەسایەتییەکی نەتەوەیی ڕێزی لێدەگیرا. تورکەکان هەر لەدەرفەتێکی وەها کەڵیان وەرگرت و لەسەر خاکی خەڵکی دیکە دەوڵەتی خۆیان دامەزراند. بێگومان عەرەبیش هەر دینی کردە هەوێنی یەکبوونی نەتەوەیی و خۆی لەو پرشوبڵاوییە ڕزگار کرد و بەرەی خۆی پێ لە ئاو دەرهێنا. فارسیش هەر لەو سۆنگەوە ڕەشماڵیی نەتەوەیی خۆی پێ هەڵدا.

دیارە ئێمەی کوردیش زۆر کەسی ئایینیمان هەبووە کە بوونەتە سەرکردە و پێشەوای گەل و هەوڵیان داوە کاروانی گەل بگەیەننە سەر مەزڵی مەقسوود. بەڵام ئەوان دینیان نەکردە بەردەباز و زیاتر وەک کەسایەتیی نەتەوەیی هاتنە ڕیزی خەبات و هەوڵی خۆیان لەو بوارەوە خستەگەڕ. ئەوان ئەوەی بۆیان کرا کردیان و زۆربەشیان لەو ڕێگایەدا گیانیان دانا و بوونە هەوێنی خەباتەکانی دوای خۆیان. ئەو ڕێبەرە مەزنانە هەرچەندە نەیانتوانی هەموو لەمپەرەکانی سەر ڕێگای خەبات لابەرن، بەڵام بەریان بەتوانەوە و لەنێوچوونی زمان و کولتوورەکەمان گرت و کوردیان وەک پیرەدارێکی ئەستوور و بەپێز هێشتەوە.

ئێستاش کە دیسان گەلانیتر دینیان کردۆتەوە کەرەستەی دەسەڵاتی نەتەوەیی، کەچی بەداخەوە هەندێک کەسی لای خۆمان بەجێی ئەوەی ببنە ڕێبواری ڕێگای کەسانێکی وەک، شێخ ڕەزای دەرسیم، شێخ سەعیدی پیران، پێشەوا قازی محەممەدی مەزن، شێخ عێزەددینی حوسەینی، ئیبنوئادەم، مەلای گەورەی کۆیە و مەلامحەممەدی ڕەبیعی، دەکەونە شوێن مرۆڤکوژانێکی

وەک، ئوسامە بین لادەن و ئەبوو بەکر بەغدادی و زەرقاوی و بەجێی ئاگاداری کردن لە سنووری باوباپیرانیان و پارمەتیدانی نەتەوەکەیان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی، پاڵ دەدەن بە دوژمنەوە و بە کونەکەی خۆیان دەوەڕن و بێڕێزی بە ئاڵا و خاک و بیری نەتەوەیی دەکەن.

ئێمەی کورد کە نەمانتوانی وەک ئەو گەلانەی دیکە کەڵک لەو بیروباوەڕە وەرگرین، خۆ ناشکرێت دەست لە کولتوور و داب و نەریت و زمان و خاکەکەمان بەردەین و پێشکەشی ئەو کەسانەیان بکەین کە چاوی تەماحیان بڕیوەتە ئەو سامانە مەزنەمان و بە خوێنی سەرمان توونین. یەکێک لەو بۆنە گرینگانەی بۆ کورد کە هێمای سەرهەڵدان و ژیانەوەیەو دەکرێ بکرێتە هێزی ڕاسان، نەورەۆزە. نەورۆز یەکێکە لە کۆنترین بۆنەکانی مرۆڤایەتی. کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی لەو ناوچەدا دەژی کە نەورۆزی تێدا جەژن دەگرن. نەورۆز بۆنەیەکی سروشتییە و فرێ بەسەر ئایین و باوەڕی بانسروشتییەوە نیە. کوردیش کە نەتەوەیەکی فرەڕەنگ و فرەئایینە، دەکرێ لەم بۆنە نەتەوەییە بەجوانی کەڵک وەرگرێت و ماڵی خۆی پێ ڕێک بخاتەوە.

لەم چەند ساڵانەی دوایەدا ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان ڕەنگ و بۆنێکی نوێیان بە خۆیانەوە گرتوە. ئەمڕۆژە تایبەتانە دەستی هەموو بیرە جیاوازەکان لە دەستی یەک دەنێت و لە ڕیزێکی تۆکمە و یەک دڵیدا یەکیان دەخات. لەڕاستیدا ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان خەریکە پیرۆزییەکی تایبەت وەردەگرن و بەشداریکردن لەو بۆنە پڕ لە شادییانەدا هەستێکی تابەت و هێزێکی بانسروشتی بە مرۆڤەکان دەبەخشێن.

دیاریکردنی نەورۆزەکان بەشێوەی جۆراوجۆر لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مۆرکێکی تایبەتی نەتەوەیی لێ دەدرێت و بەشداری تێداکردنی دەکاتە ئەرکێکی نەتەوەیی و پیرۆز. ئەم نەورۆزە، نەورۆزی ٢٧٢٥ ی کوردی کە لەلایەن ڕێخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە وەک " = نورۆزی خاکپۆشان" دیاری کرا. بەخۆشییەوە لەلایەن کۆمەلانی خەڵکی کوردستانەوە پێشوازییەکی بێوێنەی لێ کرا.

نەورۆزی خاکی پۆشانی ئەم ساڵ توانی ببێتە نەورۆزی یەکگرتن. لەم نەورۆزەدا یەکڕەنگی و یەکهەڵوێستی شەپۆلی دەدا. هەموو بەچاوی خۆیان کچان و کوڕان و ژنان و پیاوانی کوردیپۆش و خاکیپۆشیان دیت کە چۆن یەک دڵ و یەک هەڵوێست لە کۆبوونەوەکاندا بەشداریان کرد و شانبەشانی یەک دەستی یەکتریان گرت و پێیان بە زەوی نیشتماندا کوتا و پەیمانی یەکبوونیان بەست. سووڕانەوەی کچان و کوڕانی جامانە بەدەست بە دەوری ئاگری سووری نەورۆزدا ئەو پەیامەی بە یاران و نەیارانی کورد دا کە ئێستاش زۆرن ئەو کەسانەی گیان و ژیانیان دەکەنەی قوربانی ئاو و خاکی وڵاتەکەیان و بۆ سەربەرزی گەلەکەیان لە بەخشینی هیچ شتێک درێغی ناکەن.



سەرچاوە Serchawe

ئەوەی ئەم نەورۆزە بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات کردی بە دەیان ساڵ خەبات و، بەگرتنی سەدان فستیواڵ و کۆڕ و کۆبوونەوە دەستبەر نەدەکرا. ئێستا ئەگەر چاوێک بە وێنە و ڤیدیۆی ئەو ڕێوڕەسمانەدا بخشێنین دەبینین کە زۆر بەزەحمەت دەکرێ شوێنەکانیان لە ڕووی ڕواڵەتیانەوە بناسینەوە و لێکیان هەڵوێرین. هەموویان بەیەک شێوە هەڵپەڕین - چەپی - زۆربەیای زۆریان جامانە و جلووبەرگی خاکیان لەبەردایە. دەنگی بڕی نیشتمان و بڕی کورد و بڕی کوردستان لە هەموولایەکی ڕێوڕەسمەکاندا دەبیسترێن. ئەو دوو هێمایە ـ جلی خاکی و جامانە ـ درەوشاوەترین هێمای نێو داوەتەکانن. دیارە جلی خاکیپۆشی هێمای شۆڕشگێڕانی نەتەوەی کوردە و جامانە ڕەمزی نیشتمانپەروەری و خاک خۆشەویستییە.

ئەم نەورۆزە دوو پەیامی گرینگی بۆ خۆمان و بۆ نەیارەکانمان پێ بوو، یەکەم بۆ خۆمان کە ئەگەر بتوانین ببینە هێزێکی یەکگرتوو، ئەوە دەتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین و لەو پرشوبلاوی و چەندبەرەکییە ڕزگارمان بێت. دووهەم بۆ دوژمنەکانمان کە ئێوە هەرچەندە هەوڵ بدەن و بتانەوێ بمانتوێننەوە، ئەوە ئێمەش دەزانین چۆنتان خەون و خەیاڵ لێ بشێوێنین و پیلانەکانتان لێ بکەینەوە بڵقی سەر ئاو.

نەورۆزی ئەمساڵ نەورۆزێکی پڕ لە هیوا بوو. لێوڕێژ بوو لە دیمەن و وێنەی دڵخۆشکەر و وزەبەخش. سەرلەبەری ئەو گۆڤەندانە شێعری ڕاپەڕین و سروودی یەکبوونیان دەچڕی. لەو هەڵپەکێیانەدا وانەی خەبات دەگوترایەوە و وزەی مانەوە دابەش دەکرا. زۆرجار دەسرەی سەرچۆپییەکان دەبوونە ئاڵای نەتەوەیی و گەڕی هەڵپەڕکەکان دەبوونە بەرەی جەنگ و بەرەنگاربوونەوە. ئەو پێیانەی بە سینگی خاکدا دەکێشران، واژۆی کوڕان و کچان و ژنان و پیاوانی گەڵ بوون و لە قەبالەی نەتەوەیی کورد دەدران. ئەو قریوانەی لەکاتی هەڵپەڕیندا دەکێشران، نەعرەتەی دلێرانە بوون و دڵی داگیرکەرانیان وەلەرزە دێنا. بە دڵنیاییەوە ئەو پەیامەی لە هەناوی ئەو داوەتانەدا چەکەرەیان کرد، پەیامی یەکگرتن و مانەوەی کوردن و بەڵێنی دەست لە ناو یەک نانی هەموو زارەوە و ئایین و ئایینزاکانی ئەم گەلەیە. دەبێ لە کۆتاییشدا ئەوە بگوترێت. هەرچەندە هەندێک دەستە و تاقم بەنێوی جۆراوجۆر کە زیاتر لە نێونیتکە دەچوون، ویستیان درز بخەنە ڕیزی یەکگرتنەکەوە و شادییەکان بەرەو ئاقاری دڵخوازی خۆیان بەرن، بەڵام بە خۆشییەوە بەهۆی دڵفراوانی و هەست بە بەرپرسایەتیکردنی پێکهێنەرانی بیرۆکەی نەورۆزی خاکیپۆشان ئەوانیش هیچیان لەدەست نەهات و لە کۆتاییدا ئەوەی سەرکەوت هەر بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری بوو.

١ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

# لە نەورۆزی کوردستانەوە تا پێنووسی عومان



**(شرۆڤەیەک لەسەر ئاڵۆزکردنی ناسنامە، داگیرکردنی هێماکان و دزیی چاندی)**

سەربەست ئورمیە

## پێشەکی

داگیرکاریی ئێستا لە ڕێگای هێزی لەشکری و دانانی سنووری سیاسیدا تێناپەڕێت، ئەویش هەر وەکوو مۆدێڕنیزمی هاوچەرخ هەنگاوی باڵاتری ناوە و لە ئاستێکی بەرفراوانتر و لە فۆڕمی"داگیرکاریی چاندی" خۆی دەنوێنێت. ئامانجی داگیرکاریی مۆدێڕن تەنیا خاک و خوێنی گەلان نیە، بەڵکوو بیر و هز ، مێژوو و زمان و بە گشتی هێما نەتەوەییەکانی بە ئامانج گرتوە. لە داگیرکردنی سەما و جلوبەرگی نەریتییەوە بگرە تا ئاڵۆزکردن و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی جەژنەکان و دەستبەسەرداگرتنی هێما سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلانی دیکە. داگیرکاریی چاندی هەم بەرهەم و هەم ئامانجی پێواژووی داگیرکاریی مۆدێڕنە.

هەوڵی سیستماتیک بۆ لەنێوبردنی ناسنامەی نەتەوەیی نەورۆزی کوردستان و دزینی پێنووسی دانوستانەکانی ناڕاستەوخۆی ڕێژیمی ئێران و ئەمریکا لە عومان لە لایەن کازم غەریب ئابادی، جێگری وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئێرانەوە، دوو نموونە لە پێواژۆی داگیرکاریی مۆدێرنن کە بوونەتە مژاری ڕۆژەڤی گشتی و جێی سەرنجن. لە ڕوانینێکی ساویلکەدا ڕەنگە ئەم دوو نموونەیە بەیەکەوە گرێ نەدرێن، بەڵام لە ڕوانگەی فەلسەفیەوە هەردووکیان بەرهەمی لۆژیکێکی هاوبەشن: خاوەنداریێتی بەبێ داهێنان، ڕاگەیاندنی بێ بناغە و میراتگریی بێ نەسەب.

## نەورۆز؛ جەژنێکی نەریتی یان بنەمایەکی پێناسەی شارستانی؟

جەژنی نەورۆز کە یەکێکە لە کۆنترین جەژنە ناسراوەکانی مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، لە چیاکانی زاگرۆسەوە سەرچاوە دەگرێت و هەڵقوڵاوی سروشت و بیر و هزری زاگرۆسنشینانە. هەرچەندە لە چیرۆکە بێبنەماکانی شانامەی فیردەوسیدا هەوڵی شێواندنی بنەما و ڕوخساری دراوە، بەڵام نەورۆز لە بنەڕەتدا ڕاگەیاندراوی شارستانیەت و هێمایی سەرەکیی و بنەمای پێناسەی شوناسی نەتەوەیەکە، کە سەرەڕای زەخت و سەرکوت و سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی و هەوڵە بەردەوامەکان بۆ بێ نێوەڕۆککردنی، بووە بە هێمای وشیاری و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە بەرامبەر داگیرکەردا.

## پێواژۆی شێواندن و بە بارمتەگرتنی نەورۆز

هەرچەند جەژنی نەورۆز لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وەکوو "جەژنی نەتەوەیی" ناسێندراوە، بەڵام لە پێناسەی فەرمیی ڕێژیمدا لە ناسنامەی ڕاستەقینەی نەتەوەیی و سەرزەمینیی خۆی خاڵی کراوەتەوە و شکۆیەکی فریودەرانەیی حکوومەتی پێ بەخشراوە. لە زاگرۆس هەتیو و لە و کوردستانیبوونیش بێبەش کراوە. ئەم دزی و داگیرکارییە، واتە دەستبەسەرداگرتن و بە بارمتەگرتنی نەورۆز و ڕێگری لە گەشەکردنی زمان و هێما نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بە فەرمانی حکوومەتی لە میدیای گشتیی ڕێژیم و لە چوارچێوە و ناوەرۆکی چەندین بەرنامەی بێ نێوەڕۆک و بێ واتادا، ئیزن پێ دراوە و ڕێکخستنێکی بەرینی بۆ کراوە و دەکرێت.

لۆژیکی داگیرکاریی چاندی لە کاتێکدا ڕووخساری ڕاستەقینەی خۆی دەردەخات، کە لە ماوەی بەڕێوەچوونی جەژنی نەورۆزی ١٤٠٤ی هەتاوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ٨٠٠ ڕۆشنبیر و مێژوونووسی ئێرانی هۆشداریی مەترسییەکی بە ڕای ئەوان جیددی و گەورە بە ڕێژیم دەدەن. بە بۆچوونی ئەوان، پێشوازی کردنی نەورۆز لە کوردستان و لە بەرانبەردا بێدەنگی نواندنی ڕێژیم، هەڕەشە لە ئاسایش و یەکگرتوویی نەتەوەیی ئێران دەکات و شوناسێکی جیاواز و ناوچەیی دروست دەکات.

لە ڕوانگەی ئەوانەوە نەورۆز لە جەژنێکی گەورەی نەتەوەیی ئێرانەوە بۆ ئاهەنگێکی بچووکی قەومی، خێڵەکی و ناوچەیی گۆڕاوە.

## لە ئاگری نەورۆزی کوردییەوە تا دەگاتە نووسینی عومان؛ بیرۆکەیەک و ڕێبازێک

لە یەکەمین وتوویژی ناڕاستەوخۆی نێوان ڕژێمی ئێران و ئەمریکا لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٤٠٤ی هەتاویدا، کازم غەریب ئابادی، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران، لە هەنگاوێکی ناشارستانیدا، پێنووسێکی دزی و لەگەڵ خۆی هێنایە تاران. ئەم کردەوەیە بە خێرایی لە میدیا جیهانییەکاندا ئیدانە کرا، بەڵام لەلایەن میدیا توندڕەوەکانی ڕێژیمەوە لە نێخۆی ئێراندا بە "شانازیی نەتەوەیی" لەقاو درا. لێرەدا ئەوەی چاوپۆشی لێ کرا فەلسەفەی شاراوە لە پشت ئەم کردارە بوو: بە بارمتەگرتنی هێماکان بەبێ هەبوونی ڕۆڵی ڕاستەقینە لە پێواژۆی بەرهەمهێنانیاندا.

غەریب ئابادی، نە ئەندامی سەرەکیی شاندی دانوستانکار بوو و نە ڕۆڵی بەرچاوی لەو کۆبوونەوەیەدا هەبوو. بەڵام بە دزینی پێنووسەکە، نهێنییەکی گرنگی ئاشکرا کرد: "ئەگەر هێزی چەواشە و ئاساییکردنەوەت لە پشت بوو، دەتوانی ببیە خاوەنی هەر هەموو شتێک". وەکوو ئەوەی چۆن نەورۆز لە گەلی کورد دەدزرێت، لە بەر ئەوەی میدیا، دەسەڵات و دامەزراوە فەرمییە حکوومەتییەکانیان لە پشتە.

## داگیرکاریی چاندی؛ خاوەنداریّتی بەبێ داهێنان

داگیرکاری چاندی ڕێگای توندوتیژی ناگرێتەبەر. بەڵکوو هەوڵ دەدات لە ڕێگەی میدیا، دووبارە نووسین و چەواشە کردنی مێژوو و تواندنەوەی زمان و چاندە نەتەوەییەکاندا سەرکەوێت. بەم شێوەیە کولتووری داگیرکەر دەبێتە خاوەنی شتێک کە خۆی بەرهەمی نەهێناوە.

دزینی نەورۆزی کوردی نموونەیەکی ڕوونی ئەم پێواژۆیەیە. هەروەکوو چۆن پێنووسی وتووێژەکانی عومان بەرهەم و داهێنانی غەریبئابادی نەبوو ، جەژنی نەورۆزیش بەرهەمی ئایدۆلۆژیای ئایینی ڕژێمی ئێران نیە، هەر بۆیە ناتوانێت بە گێڕانەوەی چیرۆکی پووچ و بێ بنەما ، پێناسەی فاشیزمی ئێرانی لە چەشنی ڕۆشنبیرانی واژووکاری ئەم داخوویانییە، بە سەردا بیسە پێنێت.



سەرچاوە Serchawe

**دەرەنجام: ڕاستی نادزرێت**

هەم نەورۆزی کوردستان و هەم پێنووسی عومان دوو هێمان. یەکێکیان هێمایی مێژوویی و پێناسەی شوناسی نەتەوەییە، ئەوی دیکەیان هێمای دیپلۆماسیی جیهانییە. بەڵام ڕێچکە و ڕاستییەکی هاوبەش لە هەردووکیاندا بە دی دەکرێت: "هێمای بێ بناغە تەنها ئامرازی دەستە." هەروەکوو چۆن پێنووسەکە ئەگەر هیچ ڕۆڵێکی لە واژۆکردنی دانوستانەکاندا نەبووبێت، تەنیا پێنووسە، نەورۆزیش ئەگەر ناسنامەیی نەتەوەیی و کوردستانی بوونی لێی وەربگیرێت، تەنیا ڕۆژێکە لە ڕۆژژمێری ساڵانەدا.

**٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## خاکیپۆشی دەبێتە یۆنیفۆرمی سەربازیی کورد لە ڕۆژهەڵات



**ڕێباز مەریوانی**

**نەورۆزی ئەمساڵ جیاوازیی بەرچاوی لەگەل نەورۆزەکانی ڕابردوودا هەبوو و وادیار دەرەنجامەکانی ئەو مانۆرە مەدەنییە ببێتە ژێرخان و بنەمای هندێک ئەرک و ڕاسپاردە لە بزوتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.**

**خاڵە گرنگ و جێی باسەکان بریتین لە:**

- نەورۆزی خاکیپۆشان بەرهەم و پێشنیاری ڕێخستنەکانی نێوخۆ بوو کە بە هۆی درێژکردنەوەی مۆڵەتی ڕێورەسمەکان بۆ مانگێک، توانییان سەربەخۆ ئەندازیاریی هەموو ڕێورەسمەکان لە ماکۆوە هەتا لورسانات بکەن. نەورۆزی خاکیپۆشان گەرچی تەواو مەدەنی بوو بەڵام بە هۆی هەستیاریی ڕژیم بەو ڕەنگ و هێماگەلە بە داخەوە بە دەیان کەس دەستبەسەر و بە سەدان کەس بانگهێشتر ناوەندە سەرکوتکەرەکان کران. شایانی باسە هەر لە سەرەتاوە ڕژیم ڕەنگی خاکی قەدەغەن کرد و هۆشداریی دایە پارچەفرۆش و جلوبەرگدوورەکان.

- نەورۆزی خاکیپۆشان لە ڕاستییدا گشتپرسی و ڕێفراندۆمێک بوو بۆ جیاکردنەوەی دانیشتووانی هەرێمی زاگرۆس لە گەل ناوەند و نەتەوەی باڵادەست. کاتێک شوناسخوازی بیرۆکە و هێماسازی ڕەسەن و خۆماڵی لە پشت بێت بێگومان دەبێتە مایەی هیواداریی و دڵ پێخۆش کردن بۆ هەنگاوی گەورەتر واتە نەتەوەسازی و دەوڵەتسازی.

- دەرکەوتنی ژنان بە ڕێژەی زیاتر لە پیاوان و لە هەمووی گرنگتر بە جلوبەرگی خاکی و هەوری و جامانەوە نیشانەی هاودەنگ بوون و هاوڕێ بوونی ژنی کوردە لە گەل بزوتنەوەی نەتەوەیی ـ دیموکراتیکی کوردستان. ژنی کورد نیشانی دا لە بزوتنەوەی ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە پێشترەوەیە و هەروەها بێجگە لە داواکاری مافی ڕەوای ئینسانی خۆیان خەمی خاک و وڵاتییان لە مێشک دایە و بە کردەوە ئەو ڕاستییەیان سەلماند.

- بەشداری هەموو ناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی زاگرۆس، خوراسان، تاران و،،، سەلماندی کە بزوتنەوەی کوردستان ڕۆژبەرۆژ لە گەشەدایە و هزر و بیرە دیموکراتیکەکانی کورد تیشکدانەوەی لە سەر هەموو کوردێک هەبووە و تەنانەت هەموو گەشتیارە غەیرە کوردەکان هەم جلوبەرگی کوردییان دەپۆشی و هەم بە شانازییەوە بەشداری ڕێورەسمەکانی کوردستانیان دەکرد.


سەرەنجامی باس: نەورۆزی خاکیپۆشان مەترسی ڕاستەقینەی بۆ دەسەڵات درووست کرد هەر بۆیە لە ژێر ناوی هەشتسەد ڕۆشنبیری ناوەندنشیندا هەراسنامەیەک بڵاو کرایەوە. بە گشتی نەورۆزی ئیمساڵ بۆ ئێمەی کورد دەتوانێ خوێندنەوەی زیاتری بەدواوە بێت. کاتێک هۆشیاری و ڕۆشنبیری نەتەوەیی لە ئاستی جەماوەرییدا بەو ئاستە گەیشتبێ پێویستە بزوتنەوەی سیاسی و ئەلیتی کوردستان لە بیری ڕێخستن و بەسیستماتیکردنی ئەو جەماوەرە بەرینەدا بن بۆ کار و ئەکی گەورەتر لە داهاتوودا. یەکێ لە هۆکارەکانی پێشوازی جەماوەر لە نەورۆزی خاکیپۆشان ئەوە بوو کە لە ناوخۆدا ڕێخستن و ئەندازیاری چالاکییەکان دەکرا و بزوتنەوەی کوردی پێویستە لەوەبەدوا زۆربەی ئەرک و ڕاسپێراوەکان بە خەڵک بسپێرێ. لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ کە ڕەنگی خاکی تەنیا ڕەنگێکی ئاسایی نیە بەڵکوو پەند و قسەگەلی نەستەقی وەک "خەڵکی و خاکی " و "وەک خاک ئاسایی و پاک " نیشانەی مەزنی ئەو ڕەنگەیە، هەڵبژاردنی جلوبەرگی خاکی دەقاودەق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خوێندنەوە مێژووییانە لە ڕەنگی خاکی هەر بۆیە جەماوەری کوردستان پێشوازییان لەو ڕەنگە کرد و بزوتنەوەی کوردیش پێویستە لەوەدوا وەکوو یۆنیفۆرمی سپای کوردستان باسەکە ورووژێنێت.

٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی پشتیوانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەورۆزی خاکیپۆشان




**خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!**
**لاوانی ئازا و بە هەڵوێست!**

ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو و بە گڕو تینێکی نوێوە خەڵکی کوردستان خەریکی ئامادەکارین بۆ پێشوازی لە نەورۆزی کوردەواری و بۆ ئەم مەبەستەش بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان و چالاکانی مەدەنیی کوردستان، بە دیاریکراوی "شورای فەرهەنگیی بۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە بانگەوازێکدا وێڕای داواکردن لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی کوردستان، ناوی نەورۆزی ٢٧٢٥ی کوردییان بە "نەورۆزی خاکیپۆشان" ناودێر کردوە.

نەورۆز بۆ ئێمەی کورد هێمای نوێبوونەوە و بەگژداچوونەوەی زۆرداری و وەرزی ڕاسانەوەی گەلە، لەم سۆنگەیەوە لاوانی شوناسخوازی کوردستان کچ و کوڕ تێکڕا وەک پارێزەرە ڕاستەقینەکانی ڕۆژهەڵات، ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو بە جلوبەرگی خاکی و جامانە لە مل و هەوری لە کۆڵ لە ڕیزی پێشەوەی بەرزڕاگرتنی ئەم بۆنە نەتەوەییە دەبن.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک میراتگری ڕێبازی کۆماری کوردستان، وێڕای پشتیوانی لەم بانگەوازەی چالاکانی مەدەنی، بەسەرنجدان بە هەڵوێستە دژی گەلەیییەکانی داگیرکەرانی کوردستان لەمەڕ پرسی نەتەوەییمان؛ بەتایبەتی زمان و جلوبەرگ و کلتووری کوردەواری و هەروەها سزادان و دەسبەسەرکردنی لاوانی کوردستان و هەڵواردنمان بەتاوانی کوردبوون و هەروەها بەتاوانی لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی، ناودێرکردنی ئەم نەورۆزە بە "نەورۆزی خاکیپۆشان" بە وەڵامێکی شیاو و پەرچەکردارێکی شوناسخوازانە دەزانین ڕوو بە دەسەڵاتی خۆسەپێنی تاران.

هەر لەم پێوەندییەدا دەنگمان دەخەینە پاڵ ئەم بانگەوازە و هەموومان بە گوڕ و تینەوە بەشداری لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا دەکەین و بە بەکارهێنانی جامانە و هەوری و جلوبەرگی خاکی، بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی خۆمان دەکەین و ڕیزەکانمان لەبەرامبەر سپای داگیرکەردا، پێشمەرگانە دەڕازێنینەوە.

پیرۆز بێت "نەرۆزی خاکیپۆشان"

بەهیوای ڕزگاری و سەربەستیی کوردستان لەسایەی تێکۆشانی شار و شاخ

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان

٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤ی کوردی



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی پشتیوانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نەورۆزی خاکیپۆشان

**خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!**

**ژنانی ئازا و لەسەرهەست!**

ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو و بە ورە و گڕ و تینێکی نوێوە خەڵکی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ پێشوازی لە نەورۆزی کوردەواری و بۆ ئەم مەبەستەش بەشێکی بەرچاو لە خەڵک و چالاکانی مەدەنیی کوردستان و بەدیاریکراوی "شوڕای فەرهەنگیی بۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە بانگەوازێکدا وێڕای داواکردن لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی کوردستان، ناوی نەورۆزی ٢٧٢٥ی کوردییان بە "نەورۆزی خاکیپۆشان" ناودێر کردوە.

نەورۆز وەک بۆنەیەکی گەورەی نەتەوەیی بۆتە دەرفەتێک بۆ نیشاندان و سەلماندنی ناسنامە و خۆشەویستیی نیشتمان. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، ژنان بەشدارییەکی گرینگیان لە تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەییدا، بەتایبەت لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا گێڕاوە.



سەرچاوە
Serchawe

ژنان لە بەڕێوەچوون و بەرەوپێشچوون و گەشەدار کردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا، ڕۆڵی گرنگیان هەیە؛ بەشداریی ژنان و لاوان لە شانۆ و گۆرانییە کوردییەکان و چالاکییەکانی نەورۆزدا شایانی سەرنج و بایەخپێدانە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانی لەم بانگەوازەی چالاکانی مەدەنی و خەڵکی کوردستان دەکا و داوا لە ژنانی ئازادیخواز و مافویستیی نیشتمان دەکا ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو بە گوڕ و تینەوە هاوشان و هاوڕێ لەگەڵ پیاوان بەشداری لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا بکەن و بە بەکارهێنانی جامانە و هەوری و جلوبەرگی خاکی، بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی خۆتان بکەن؛ هەموومان یەکدڵ و یەکگرتوو جارێکیتر نیشان دەدەین کە تا گەیشتن بە مافەکانمان نەسرەوتنانە لەسەر پێ و لە مەیدانین و بە شێوەی جۆراوجۆر بوون و مافی نەتەوەییمان ڕادەگەیەنین و ڕووبەڕووی زەوتکەرانی مافمان دەبینەوە. جارێکیتر ڕاپەڕین ئاسا لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا بەشداری دەکەین و سروودی خۆڕاگری و ئازادی و ئازایەتی و بەگژداچوونەوەی داگیرکەر دەڵێینەوە.

پیرۆز بێت "نەورۆزی خاکیپۆشان"؛

گەشاوە بێ ئاگری نەورۆزی کوردەواریمان؛

سەرکەوێ خۆڕاگری و خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازانەمان لەسایەی تێکۆشانی شار و شاخدا

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی یٔێران

٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤ی کوردی

١١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

## پیرۆزبایی جێژنی نەورۆزی خاکیپۆشان و جامانە و هەوری لە ملان



**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

پیرۆزبایی هاتنی نەورۆزی ٢٧٢٥ی کوردی جێژنی نەتەوەیی گەلی کورد، ڕۆژی سەرهەڵدان و شۆڕشی کورد لە هەموو خەڵکی بە ئەمەگ و کۆڵنەدری کوردستان و بە تایبەت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، کە بە هاتنە مەیدان و پڕکردنی گۆڕەپانەکانی شار و گوندەکان، سەلماندیان کە جێژنی نەورۆز تەنیا جێژنی نوێ بوونەوەی سرووشت و هاتنی وەرزەی بەهار نییە و بەڵکوو جێژنی نەورۆز جێژنی سەرهەڵدان و شۆڕشی کوردە و ڕیشەی مێژوویی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دا هەیە.

ئەمساڵ خەڵکی چاونەترس و بوێری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کوڕ و کچانی کورد، جیاوازتر لە ساڵانی پێشوو بە پۆشینی جلوبەرگی خاکی و هەوری و جامانە، خەباتی شار و شاخیان بە یەکەوە وا لێک گرێ دا کە دڵی ئەویندارانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستانیان خۆش کرد و لە هەمان کاتدا پەیامێکی ئاگرینیان بە دوژمنی دڵڕەقی خۆیان حکوومەتی کۆماری پەت و سێدارەی ئێراندا.

خەڵکی کوردستان بە یەکدەنگی و یەکڕەنگی و یەکڕیزی خۆیان سەلماندیان کە نەتەوەی کورد هیچکات لە ژێر هیچ هێرش هەڕەشەیەکی دەسەڵاتدارنی حاکم دا نەک لە ویست و داخوازییەکانیان پاشەکشە ناکەن بەڵکوو بە هاتنە مەیدانیان پێداگری زیاتر لە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان کە ئازادی کوردستانە دەکەن.

نەورۆزی ئەمساڵ نەورۆزی سەروەریخوازی نەتەوەیی کورد بوو، لە چەند ڕۆژی پێش نەورۆزەوە، گەورە و بچووک، کوڕ و کچانی دڵ پڕ لە ئەوینی کوردایەتی، دایک و باوکی سەربەرزی شەهیدان، منداڵانی نازلێشێواوی باوک و دایک شەهید بووی شۆڕشی ژینا، کەس و کاری زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی کورد و هەروەها بنەماڵەی شۆڕشگێرانی کورد و پێشمەرگە، خوێندکاران و کاسبکاران و وەرزشوانان و گشت چین و توێژەکانی کوردستان بە هاتنە مەیدانیان، بە ئاگر کردنەوە و گووتنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خوایە وەتەن ئاواکەی و جێژنە جێژنی کوردستانە و دەیان درووشمی شۆڕشگێری، بە گۆرانی و هەڵپەرکێ پشتیوانی خۆیان لە خاکیپۆشانی نەتەوەی کورد، پێشمەرگەکانی کوردستان دەربڕی و دوژمنیان تووشی سەرسووڕمان و نائومێدی زیاتر کرد.

خەڵکی کوردستان هەر لە ئیلام و کرماشانەوە تا سەڵماس و ماکۆ و ورمێ و هەموو شارە گەورە و بچووکەکان و گوند و ئاواییەکانی ناوەندی کوردستان یەکدەنگ و یەکریز بە سەربەرزییەوە خاوەنداریەتیان لە نەورۆزی کوردەواری و لە ماف و داواکاری و ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد کرد و جارێکی دیکە بانگەوازی شۆڕش و سەرهەڵدانی کوردیان دا.

جێی خۆیەتی سەری ڕیز لە بەرامبەر یەکریزی و یەکدەنگی ئەو گەلە مەزنە دا دابنوێنین و هاودەنگ و هاوخەباتی خەڵکی نێوخۆی کوردستان بین.

ئەم یەکریزی و یەکدەنگیە پەیامی سەرکەوتنی بە گوێی گشت لایەک دا خوێندوە و ترسی خستۆتە دڵی دوژمنانی کورد و پێویستە کە هەموو لایەکمان و بەتایبەت حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درووستکردنی هاوپەیمانی بۆ خەبات و تێکۆشان وەڵامی یەکریزی خۆیان بە خەڵکی کورردستان بدەنەوە.

جێژنی نەورۆزی خاکیپۆشان و هەوری لە ملان و جامانە لە گشت لایەک پیرۆز بێ.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# نەورۆزی خاکیپۆشان و دژبەرانی



کاروان موکریانی

هەر وەک دەزانین نەورۆزی ئەمساڵ لە لایەن چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە "نەورۆزی خاکیپۆشان" ناو نرا و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش وەک تاکە حیزبی ڕۆژهەلات پشتتیوانیی لەم کەمپەینە کرد،. لە لایەن خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە پێشوازییەکی بەرین و بێ وێنە لەم بانگەوازە کرا و بوو بە هۆی ئەوەیکە "نەورۆزی خاکیپۆشان" لە پێناسەی مێژوویی و نەریتیی خۆی بێتە دەرێ، بیچمی "بزووتنەوەیەکی کۆمەڵاتیی نوێ" بە خۆیەوە بگرێ و لە قالبی گوتارێکی بەهێزدا خۆی دەر بخات.

بزووتنەوەی نەورۆزی خاکیپۆشان وەک هەر دیاردەیەکی کۆمەلایەتی بە هۆی "زمانمەند بوون، مەکانمەند بوون و زەمانمەندی" یار و نەیاری خۆی لێ پەیدا بوو کە دەکرێ بە نەیارنی نێوخۆیی و دەرەکی ناویان لێ بنێین. لێرەدا دەکرێ "ڕاستی کورد" (ئیسلامی سیاسی) و "چەپی کورد" وەکوو ئەویتریی نێوخۆیی (دگری درونی) و کۆماری ئیسلامی و شاپەرەستەکان وەکوو ئەویتریی دەرەکیی (دگری بیرونی) ئەم بزووتنەوەیە پێناسە بکەین.

سەبارەت بە دژبەرانی دەرەکی پێویستە بوترێ کە ئەوان بە هۆی ڕوانگەی ناوەندگەرایانە و ڕەگەزپەرەستانەی خۆیان بە

دوو شکڵی ڕەق و نەرم ڕووبەڕووی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە نوێیە بوونەوە؛ لە شکڵە نەرمەکەیدا، شاپەرەستان لە گوتاریی خۆیاندا ئەم بزووتنەوەیەیان لە پەراوێز هاوێشتووە و لە ڕاگەیاندنەکانیاندا بە گشتی سڕیویانەتەوە. بۆ نموونە ئەم بزووتنەوە گەورەیە هیچ نواندنێکی لە تەلەفزیۆنی "ئێران ئینترنەشناڵ"دا نابیندرێ. ئەویتریی دەرەکیی بزووتنەوەی خاکیپۆشان، کۆماری ئیسلامییە کە سەرەتا بە شێوازی ڕەق ڕووبەڕووی بوویەوە و لەم ڕاستایەدا لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە هێندێک چالاکوانی خاکیپۆش ڕووبەڕووی لێ پرسینەوە و گرتن بوونەوە. بەڵام کۆماریی ئیسلامی هەر بەمە ڕانەوەستا و کاتێک دیتی هێزی ڕاگرتنی ئەم بزووتنەوەیەی نییە، بە شێوازی نەرمیش لەگەڵی کەوتە ململانێ. بۆ نموونە دەیهەوێ بۆخۆی کات و شوێن و یاسا و ڕێسای بەڕێوەبردنی ڕێورەسمەکان دیاری بکات و بە هەڵدانی هێما و درووشمەکانی خۆی، واتای دڵپەسەندی خۆی پێ بدات. یان بە لکاندنی واتای بەردڵی خۆی بە نیشانەی "خاکیپۆشی"، پێکهاتەی گوتاریی "نەورۆزی خاکیپۆشان" تێک بشکێنێ. بەڵام چونکە نەیتوانی کۆدەنگی لەسەر واتای مەبەستی خۆی لە نێو کۆمەڵگای کوردستان ساز بکا، لە پێناسە کردنی جلی خاکی وەکوو نیشانەی "پێشمەرگەی موسوڵمان"(جاش) بە تەواوی شکستی هێنا؛ چونکە لە گوتاریی کوردایەتیدا نیشانەی خاکیپۆشی واتای بوێری، پێشمەرگایەتی، ڕزگاریخوازی و نیشتماندۆستی دەدات نەک خاکفرۆشی. کەوابوو جلی خاکی بۆ خەڵکی کورد واتای پێشمەرگایەتی لە ڕێگای خاکدا دەدات نەک خەیانەت بە خاک.

لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەویترییەکانی نیوخۆیی بزووتنەوەی خاکیپۆشی کە بریتی بوون لە ڕاستەکان و چەپەکان، ئیسلامی سیاسی وەک باڵی ڕاستی نەریتی هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەی بە گشتی نەورۆز لە پەراوێز هاوێ؛ هەر بۆیە بە جلی خاکی و بێ جلی خاکی دژایەتی نەورۆز دەکات. بەلام لە هەمووی سەیرتر هەڵسوکەوتی چەپە کوردە لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە. چەپی کورد وەکوو دووهەمین ئەویتری نیوخۆیی "بزووتنەوەی نەورۆزی خاکیپۆشان" یان بڵێین "گوتاری خاکیپۆشی"هەوڵی خۆی دەدا کە واتای خۆی بە نیشانەی خاکیپۆشی بدات. لەم ڕاستەیادا باڵێکی چەپ وەکوو شاپەرەستەکان هەر ناوی ناهێنێ و لە ڕاگەیاندنی خۆشیدا سڕیوێتەوە. ئەم بزووتنەوە گەورەیە نابینێ یان بڵێین نایهەوێ ببینێ بۆیە هەر دەڵێی نە بای دیبێ و نە بۆران و سەر قاڵی خەباتی چینایەتی خۆیەتی.

باڵێکی دیکەی ئەم چەپە کە بە خەیاڵ رووەو ڕاست دەڕوا، ڕێک وەکوو کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بە شێوەیەکی چەواشەکارانە واتای "جاشایەتی" وەک نووسەنەکە بە خاکیپۆشییەوە بنووسێنێت. ئەوان دەڵێن جاشەکانیش لە جلی خاکی کەڵک وەردەگرن، بۆیە هەڵبژاردنی دەستەواژەی خاکیپۆشی هەڵەیە. لە بەرسڤی ئەواندا پێویستە وەبیریان بێنینەوە کە نیشانەکان لە زاتی خۆیاندا واتایان نییە و تایبەت بە هیچ کەس و گرووپێک نین، بەڵکوو ئەوە ئێمەین کە مانا و واتایان پێ دەدەین. گرینگ ئەوەیە کە ئاخۆ گوتارێک دەتوانێ واتای مەبەستی خۆی پێ بدات و هێژمۆنیی خۆی بسەپێنێ یان نا؛ ئەویش کاتێک مسۆگەر دەبێت کە ئەم گوتارە بتوانێ لە نێو کۆمەڵگادا کۆدەنگی و هاودەنگی لەسەر ساز بکات. بۆ

نموونە دەستەواژەی "شەهید" لە نێو گوتاری ئیسلامیدا بە واتای کەسێکە کە لە ڕێگای خوا و ئیسلامدا ژیانی خۆی بەخت دەکات و لە ڕۆژی حەشردا دیسان زیندوو دەبێتەوە و لە نێعمەتەکانی ئیلاهی بەهرەمەند دەبێت. لە حاڵێکدا هەمان دەستەواژە لە گوتاری کوردایەتی واتای کەسێک دەدات کە لە ڕێگای کوردستاندا ژیانی خۆی بەخت دەکات و بۆ هەمیشە لە دڵ و یادی خەڵکدا دەمێنیتەوە. بۆیە خەڵکی کورد شەهیدەکانی بە درووشمی "شەهید نامرێ" بە خاک دەسپێرێ[.

گوتاری کوردایەتی بە بێ ئەوەی دەستەواژەی شەهید لە گوتاری خۆیدا وەلا نێ و بیسڕێتەوە، توانیوێتی واتای مەبەستی خۆی پێوە بچەسپێنێ؛ چونکە توانیویتی لە نێو ئاپۆڕەی خەڵکدا کۆدەنگی بۆ واتای مەبەستی خۆی ساز بکات. هەر چەند چەپی کورد زۆری هەوڵ دا کە چەمکی "گیانبەختکردوو" لە جێی دەستەواژەی "شەهید" دانێ، بەڵام چونکە لە نێو خەڵکدا لەسەر ئەم نیشانەیە کۆدەنگی بۆ ساز نەبوو، سەرکەوتوو نەبوو و تەنانەت ئێستا خۆشیان زۆر جار لەم دەستەواژەیە کەڵک وەردەگرن.

دەمهەوێ ئەوە بڵێم کە جلی خاکی ئی جاشەکان نییە و نابێ چونکە بۆ خەڵکی کورد نیشانەی پێشمەرگایەتییە و واتای بوێری و ئازایەتی و خەبات کردن بۆ نەتەوەکەی دەدات. شتێکی زۆر سەیر ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ واتای ئازایەتی بوون بە خاکیپۆشی بدات و جاشەکانی پێ بڕازێنێتەوە، بەڵام چەپی کورد پیی قەڵسە. لێرەدا وێکچوون و جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو گوتارەدا دەبیندرێ؛ وێکچوونەکە ئەوەیە کە هەر دووکیان دەیانهەوێ واتای کوردایەتی لە جلی خاکی دامالن؛ جیاوازییەکەش ئەمەیە کە کۆماری ئیسلامی لە چەپەکان ژیرترە، چونکە چاک تێگەیشتووە کە ئەم جلە بۆ خەڵکی کورد واتادارە، بۆیە دەیهەوێ پێکهاتەی واتاکەی بشکێنێ و واتای مەبەستی خۆی پێ بدات. بەڵام چەپی کورد دێ راست بە جلی جاشان پێناسەی دەکات. بەڵام نە کۆماری ئیسلامی و نە چەپی کورد ناتوانن واتای پێشمەرگایەتی، ئازایەتی، ڕزگاریخوازی و نیشتماندۆستی لە جلی خاکی وەکوو نیشانەی سەرەکی گوتاری کوردایەتی دامالن، چونکە لە نێو خەڵکدا کۆدەنگییان بۆ ساز نابێت.

چەپی کورد هۆیەکی دیکەی دژایەتیی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی خاکیپۆشی بەوە پاساو دێنێتەوە کە نابێ نەورۆز سیاسی کرێ. ئەمە ئەستەمە، نەورۆز بۆ کورد دیاردەیەکی کۆمەلایەتی - سیاسی - مێژوویی و کولتوورییە. کەوابوو یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نەورۆز ڕەهەندی سیاسی بوونێتی. لە دنیای مۆدێرندا گشت بوارەکانی ژیانی مرۆ سیاسییە، کەوایە بۆ دەبێ نەورۆز ناسیاسی بێت؛ ئەزقەزا بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستە و کۆلۆنیکراو دەبێ تا دەتوانێ ڕەنگ و ڕووی سیاسیتری پێ بدات بۆ ئەوەی لە وەدەست هێنانی ئامانجەکانی نێزیکتر بێتەوە. جا باشە لە بۆنەی نەورۆز دەرفەتی چاکتر وەگیر دەکەوێ بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد ئاوا لە دەوری یەک کۆبێتەوە و داواکارییەکانی بەرجەستە کاتەوە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە کاتێک باسی هێژمۆنی و ساز کردنی کۆدەنگی لەسەر واتاکان دەکەین بە واتای

سڕینەوەی ئەوانی دیکە نییە. سەردەمی ئێستا سەردەمی فرەیی و چەنددەنگی و چەندڕەنگییە، کەوابوو نەورۆز بە هەموو ڕەنگ و دەنگێکەوە جوانە؛ بەڵام ئەوەی گوتارێک ناتوانێ لە نێو کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کۆدەنگی گەورە و بەرین لەسەر نیشانەکانی خۆی ساز کات، نابێ بیهێنێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە دژایەتی کەمپەینێکی ئاوا گەورە بکات، بە جێی ئەوەی وەکوو دەرفەتێک کەڵکی لێ وەرگرێ.

**پیرۆز بێ جێژنی نەورۆز لە خەڵکی کوردستان بە هەموو بیر و بڕوا و بە هەموو دەنگ و ڕەنگێکەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەری یەکیەتیی لاوان - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# نەورۆزی خاکیپۆشان



**پدرام سولێیمانی**

ئێستا نەورۆز تەنیا جێژنێکی کولتووری نییە، بەڵکوو سیمبولی ناسنامە، خۆڕاگری و وشیاری نەتەوەییە. ئەم جێژنە ڕیشەیەکی کۆنی لە مێژووی خەڵکی ئەم خاکەدا هەیە و لە چەن ساڵی ڕابردوو بەتایبەت دوای نەورۆزی ڕەبەت بوەتە دەرفەتێک بۆ دەربڕینی داخوازییە نەتەوەییەکان و ناسنامەخوازی و لە فۆرمی کولتووری تێپەڕیوە بۆ فۆرمێکێ بەرگری نیشتمانی ومانۆڕی هێزی جەماوەرە. نەورۆز لە کوردستان تەنیا بە مانای سەرەتای بەهار نییە، بەڵکو پەیامی خۆڕاگری، ئازادیخوازی و یەکگرتوویە بە شێوەیەک نەورۆز بوەتە گۆڕەپانێک بۆ نمایشکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، دژایەتیکردنی سیاسەتە سەرکوتکەرەکان و جەختکردنەوە لەسەر مافی چارەنووسی گەلی کورد.

بزووتنەوەی کوردی لە ساڵانی ڕابردوودا گۆڕانکاریی گرینگی بەخۆیەوە بینیوە. گەشەی هۆشیاری نەتەوەیی، زیادبوونی چالاکییە مەدەنییەکان و بەرگریی کولتووری لەو گۆڕانکارییانەن کە لە سایەی نەورۆزدا ڕوویانداوە. نەورۆز ئێستا بوەتە دەرفەتێک بۆ جەختکردنەوە لەسەر مافی چارەنووس، داواکردنی ئازادییە سیاسی و کولتوورییەکان و دژایەتی کردنی ڕژیمی حاکمە.ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەم چەن ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاواز لە ڕێوڕەسمەکانی ساڵانی پێشوو خاوەنی تایبەتمەندی و هەڵگری پەیامێکی نەتەوەییە. لەو ڕێوڕەسمانەدا بە خوێندنەوەی شێعر و وتار و دروشمی نەتەوەیی، لەلایەکی ترەوە کچان و کوڕان و پیر و لاو بە پۆشینی جلوبەرگی خاکی و جامانە و هەوری وەک هێمای یەکڕیزی و

یەکگرتوویی نەتەوەی کورد، ئەم جێژنە لە ژێر ناوی "نەورۆزی خاکیپۆشان"بەڕێوە دەبەن. ڕەنگدانەوەی ئەم شێوازی بەڕێوەبردنی ئاهەنگی نەورۆزانە لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە مانۆڕێکی گەورەی ئیرادەی نەتەوەیی بوو، بووبە هۆی ئەوەیکە حکوومەت بە پێکێهنانی فەزایەکی توندی ئەمنی لە کوردستان بە هەموو شێوازێک ڕێگری لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆزی بکات، ئەم شێوازی بەڕێوەبردنانەی ئاهەنگی نەورۆزی وەک بەرهەلستکارییەکی مەدەنی و شوناسخوازانەی خەلکی ڕۆژهەلاتی کوردستان، هەلگری پەیامی یەکڕیزی و ناسنامەیەکی نەتەوەیی کۆمەلگای کوردستان خراوەتەڕوو.

لەگەڵ دەستپێکی بەڕێوەبردنی نەورۆزی خاکیپۆشان شەپۆلێکی بەربلاوی پشتیوانی کردن لەو ڕێوڕەسمانە بە شێوەی جەماوەری لەلایەن چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوە و کۆمەلانی خەڵک لە نێو خۆ و لە دەرەوەی کوردستان دەستی پێکرد و ئەو پشتیوانی کردنەش بووە هۆی ئەوەیکە لایەنگرانی نەورۆزی خاکیپۆشان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ببێت و خەڵکی کوردستانیش لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بە تین و گڕێکی زیاتر ئەم جێژنە بەڕێوە ببەن.

زۆرێک لە هاونیشتمانیانی کوردستان لە مەراسیم و بۆنەکانیاندا بە جل و بەرگێکی خاکیەوە بەشداربوون کە ئەم هەنگاوە وەک جوڵەیەکی فەرهەنگی و ناسنامەیی بە خێرایی و فراوانییەکی زۆر لەنێو خەڵکی کوردستاندا بلاوبووەوە. بەلام ئەم جووڵە فەرهەنگییە و سیمبۆلییە بووەتە هۆی نیگەرانی و ترسی زۆری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی.لە دوای ئەم هەنگاوە، ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاتیانی کورد لە لایان ڕژیمی خوێنمژ و ئیستبدادی کۆماری ئیسلامی دەسبەسەر کراون و خرانە ژێر گوشارەوە و ڕووبەڕووی هۆشداری ئەمنیی بوونەوە.

ڕژیم بە باشی ئاگادارە کە هەر جووڵەیەک لەپێناو بووژاندنەوەی کولتوور و ناسنامەی کوردی دەتوانێت هەڕەشەیەکی جددی بێت بۆ دەسەلاتەکەی. لەبەر ئەم هۆکارە، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر ئەم جووڵەیە، سەرەڕای دەسبەسەر و فشار خستنە سەر هاوولاتییان، هۆشداری دراوەتە هۆڵەکان و شوێنەکانی بەڕێوەچوونی مەراسیمەکان کە ڕێگە نادەن خەڵک بە جلوبەرگی کوردیی خاکی لەم مەراسیمانەدا بەشدار بن. ئەم ڕێوشوێنانە تەنیا نیشاندەری ترس نییە لەلایەن ڕژێمەوە دژ بە پەرەپێدانی ناسنامەی کوردی، بەڵکوو بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنێت،بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ سنووردارکردنی هەر گەشەپێدانێکی کولتووری و کۆمەلایەتی کە دەتوانێت ببێتە هۆی ئالنگاری بۆ ڕەوایەتی ڕژیم لە ناوچەکەدا. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا لەم جووڵە جەماوەرییە دەترسێت و هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هەڕەشە و سنووردار کردنەکانەوە ئەم بزووتنەوەیە سەرکوت بکات. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە خەلکی کوردستان جێژنی نەورۆزی ئەمساڵ لە ژێر ناوی نەورۆزی خاکیپۆشانەوە جێژن بگرن.

خەڵکی کوردستان، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بە کۆبوونەوە لە تەنیشت یەک هاوکات لەگەڵ پۆشینی جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی، گۆرانی حەماسی، هەڵپەڕکێ و هەڵکردنی ئاگری نەورۆز ئەم جێژنە لە ژێر ناوی نەورۆزی خاکیپۆشانەوە بە شکۆوە بەڕێوە دەبەن.وەهەروەها نەورۆز بوەتە دەرفەتێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، دەربڕینی ناسنامەی نەتەوەیی و داواکردنی مافەکانی گەلی کورد.

پۆشینی جلوبەرگی خاکی و جامانە لە لایەن خەڵکەوە. نیشانەی هاوپشتییە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بە درێژایی مێژوو بۆ ئازادی نەتەوەکەیان خەباتیان کردووە. ئەم جلوبەرگە سەرەڕای ئەوەی نیشاندەری پەیوەندی خەڵکە بە مێژووی خەباتگێڕییان، هەڵگری پەیامی نەتەوەییشە. خاکی پۆشانی نەورۆز نیشان دەدەن کە نەورۆز تەنیا جێژن نییە، بەڵکو دەرفەتێکە بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئامانجە نەتەوەییەکان و هەروەها

پۆشینی جلوبەرگی خاکی، هەڵبژاردنێکی ئاگایانە و بەرگرییە. بە هەڵبژاردنی ئەم جلوبەرگە، خەڵکی کوردستان خۆیان بە پێشمەرگەگەلێک دەبینن کە بۆ بەرگریکردن لە خاک و ناسنامەی خۆیان ئامادەن.

## نەورۆز و ٢ پەیامی گرینگ:

### ١- یەکگرتوویی

چ ڕژیمی پاشایەتی و چ ڕژیمی کۆنەپەرەستی ئیسلامی بە بەردەوامی هەوڵیان داوە پێش بە یەکگرتووی گەلی کورد بگرن بە ئاژاوە نانەوە لە نێو عەشیرەکان ،زاراوەکان ،شارەکان بە زەق کردنی جیاوازیە ئایینیەکان بە دابەشکردنی کوردستان بەسەر چەن پارێزگا کە تەنیا یەکێک لەوان ناوی کورستانی لێناوە و بەدەیان هەوڵی تر پێشی بەم یەکگرتوویە گرتووە.

لە کۆماری کوردستان و لەسەردەمی خەباتی چەکداری دەیەی شەست بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان نەیتوانی بەشێوەی مەیدانی بچێتە ناوچەکانی ئیلام ولورستان کە لە ساڵانی ڕابردوو بەتایبەت لە داوی کارەسارتی بومەلەرزەی سەرپێڵی زەهاو کوردستان لە ئیلام تاماکۆ بە هانای ئەوخەلکەوە چوون ئەمە نیشانەیبەهیز بوونی وشیاری بەهێزی نەتەوەیی و یەکگرتووی بوو.

بە بەڕێوەچوونی نەورۆز ئەم یەکگرتوویە زیاتر توانی خۆی دەرخات . لە هەمووشار وناوچەکانی کوردستان بەشداری

نەورۆز دەبوون دەست لەدەسی یەک ئەم بۆنە نەتەوەیەیان بەڕێوە دەبرد. بەتایبەت لە نەورۆزی ٢٧٢٤ کوردی نەورۆز لە چەن شاری ئیلام ونەورۆزی مەڵەکشای ئەمساڵ بەشێوازێکی بەشکۆ بەڕێوە چوو کە پووچەڵکەرەوەی سیاسەتی دەیان ساڵەی ڕژیم بوو.

دەسەڵاتی داگیرکەر تارادەیەک ترسی لەم یەگرتوویە و وشیاری نەتەوەیی لەو ناوچەدا لێنیشتبوو کە سپای تیرۆریستی ئیلام هوشداری دەدات لە بەڕێوەچوونی نەورۆز و بەڕێوەبردنی بە پلانی حیزبەکوردیەکان و ناودەبا.

## ٢- کەڵک وەرگرتن لە هێماکان درووشمە نەتەوەیەکان

ڕژیم بەهەمووشێوەیەک لە ڕێگای میدیای خۆی بە پڕۆپاگاندا و بە درووس کردنی چەندین فیلم هەوڵی داوە مێژوویەکی چەواشەکراو و سیمایەکی قیزەون بە نیسبەت شۆڕشگێرانی کورد نیشان بدا وبە تیرۆریست لە قەڵەمیان بدات.

بەڵام بە ناودێرکردنی نەورۆزەکان لە نەورۆزی جامانەکان و هەتا نەورۆزی خاکیپۆشان ئەم جیلە تازەی کە پێگەیشتووە و بەڕێوەبەری نەورۆزە ڕەنگە خەباتی چروپڕی پێشمەرگانەی نەبینیوە بەڵام لە گۆرەپانی نەورۆزدا بە لەبەرکردنی جلو بەرگی خاکی و جامانە هاواری ڕێگاو ڕێبازی ڕێبەری خاکیپۆشان دەکەن بەم جۆرە بەرپرچی سیاسەتی پڕۆپاگاندای دوژمن دەدەنەوە خۆیان بە پاڵپشتی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەزانن.

سەرچاوە: ماڵپەری یەکیەتیی لاوان - ڕێکەوتی: ٢٨ی فێبریوێری ٢٠٢٥

# بەیەکەوە بۆ نەورۆزێکی نیشتمانی



نەسرین یوسفزادە

لە هەموو مێژوودا، کچی کوردی بەهاوپەیمانی و هاوەڕێی برا پێشمەرگەکانی خۆی و بەبەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و رزگاری‌خوازی، بەرزترین شانازییەکانی نیشتمانی وەبەر خۆی خستووە. ئەمساڵ، هوڵ و بەرخودانی ژنان بە پۆشینی جلی خاکی پێشمەرگە، نیشانێکی تری هاوپەیمانی و رێکخستنی مەتەریزی رزگاری نیشتمانە.

جلی خاکی کوردی کە لە مێژووی پێشمەرگەدا نیشانی بەرزی ناوی پێشمەرگەیە و قوربانی و فیداکاریی زۆری لەسەر دراوە هەر ئەو جلەیە کە ئێستا بووەتە جلی شایی و گۆڤەند و خۆشی خەڵک و بەو جلە و بە هەڵپیرکێی کوردی خەباتیکی نەرم و پڕ لە وتاری ڕزگاری گەلەکەیان دەڵێنەوە و دەبنە دڕکێک لە چاوی نەیاریان و ئەوە مانیفێستێکی ڕزگاری خوازیە کە ژن و پیاوی کوردی ڕۆژهەڵاتی دڵان هاوڕەنگ و هاودەنگ تێیدا بەشدارن.

ئەم جلە خاکیە بۆ هەموو کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە بە ئامرازێک بۆ ڕاگەیاندنی پەیامی یەکگرتن و نیشتمان. ئەمەش بەتایبەتی لە نێوان ژناندا گرنگی زیاتری هەیە، چونکە هاوڕەنگی و خاکیپۆشیان نیشانەیەکی بەرچاوە لە پەیوەندییەکی تایبەتی نێوانیان و ئەو پێشمەرگانەی کە بۆ ئازادیی کوردستان خۆیان فیدا کردووە.

پۆشینی جلی خاکی، تەنها جلێکی ئاسایی نییە، بەڵکوو پەیامێکە، بانگەوازێکە بۆ ئەوەی ژنان، و پیاو بەشێکی گرنگ لە جوڵەی نیشتمانی ببن و بۆ بەرەوپێشچوونی مافی گەل و نیشتمان هاوار بکەن. ئەمساڵ، نەورۆزی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشان دەدات کە ژنان بە هەموو حەز و تواناکانیان، بەرپرسایەتییەکانیان لەگەڵ برا پێشمەرگەکانیان وەردەگرن و مەیدانەکانیان تەنها بۆ جێژنی نەورۆز نییە، بەڵکو بۆ ڕوونکردنەوەی مافی خۆیان و بەرز ڕاگرتنی نیشتمانیشە.

بەم جۆرە، نەورۆز بۆ ئێمە تەنها جێژنی کۆن نییە، بەڵکو بەیەکەوە بوونەوەی ژنان و پیاوان، کچەکانی پێشمەرگە و براکانیان، کە بە پێکهاتەیەکی یەکگرتوو هەوڵ دەدەن بۆ دروستکردنی نیشتمانێکی ئازاد، دیموکراتیک و یەکسانی کە مافەکانی هەموانی تێدایە.

سەرچاوە: ماڵپەری یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ٢٣ی فێبریوێری ٢٠٢٥

# خاکیپۆشی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کەی برەوی پەیدا کردو، نەشعەت و سەرچاوەکەی چی بوو؟




**ئەحمەد مەکڵاوەیی**

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، حیزبە سیاسی و نیزامیەکانی کوردستان کە هاتنە نێو مەیدانی ئاشکرای سیاسی و نیزامی، هیچ هێزێکی سیاسی و نیزامیان لە کوردستان دا، بەر چاو نەکەوتن کە کادر و پێشمەرگەو لایەنگرانیان رەنگی بەرگ و لیباسی بەریان یەک رەنگ و یەک شێوە بێت.

لە گەڵ رێز و حورمەتی تایبەتیم بۆ گشت بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی هەموو ئەو لایەنە نیزامی و سیاسیانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بە دژی رێژیمی خومەینی جەنگاون، دەبێ پێ لەو راستی بنێین کە یەکەم هێزی خاکیپۆش، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧، هیزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە ئەو خاکپۆشیەیی ئێستای خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، نەشعەت و سەرچاوە گرتوو لە بەرکی خاکی پێشمەرگەکانی دێموکراتە، نموونەش ئەو چەند دێرەی خوارەوەیە;

له ساڵەکانی ١٣٥٨ تـا ١٣٦٣ بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی گشت حیزبەکـانی کوردستانی وەک ڕەنگی چـوار فەسڵەکانی ساڵ، شین و زەرد وسپی و تێکەڵ پێکەڵ بوون.



له سەرەتـای سـاڵی ١٣٦٢ی هەتـاوی دا، حیزبـی دێموکراتی کوردسـتان، له سـەربیرو فکری سـەرکردەی نەمر شـەهید دوکتـور قاسملوو، کە پێی وابوو دەبێ هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان خاکیپۆش و شێوە نیزامی تـایبەت به خـۆیی و کوردسـتانی هەبـێ، پۆشینی بەرگی خـاکی له نێو گشت هێزی پێشمەرگەی دێموکرات دا، له نێو بنکەکـان و له نێـو خـۆی خەڵکی کوردستان دا، بووە ڕەسمی و ئیجباری و، هێزی پێشمەرگە شێوەی نیزامی به خۆوەگرت.

سـاڵی ١٣٦٣، خاکیپۆشی له نێـو گشت هێـزی پێشمەرگەی حیزبـی دێموکراتی کوردستان دا، به تەواوی ڕەسمییەتی پەیـدا کردو بەرگی خاکی پێشمەرگەکانی دێموکرات له نێو گشت خەڵکی کوردستان دا بوو به سمبوولی خۆشەویستی و، ڕەنگی خـاکی بەرگی پێشمەرگەی دێموکرات له نێو کچ و کوڕانی کوردستان دا، بوو به سەرچاوەی خاکیپۆشی.

بۆ ئەم ڕاستیە سەدان نموونەمان هەیە، کە یەکیان ئەوەیە کە لە سەرتـاسەری کوردستـاندا، لە هەر کـوێیەک پێشمەرگەیەک دەبیندرا، خەڵکان دەیانگوت: ئەوە پێشمەرگەی دێموکراتە، و به خاکیپۆشیەکەیەوە دەیانناسیەوە که دێموکراتە.

هەمـوو پێشـمەرگەکانی سـەردەمی ئەوکـاتی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان، شـاهیدی ئەو راسـتیەن، کە ئەو کاتـانەی لە ناوچەکـانی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان دا بـووین، کچ و کـوڕە جوانەکـان لە گونـد و شـارەکاندا، کە چاویـان بە پێشـمەگەکانی دێمـوکرات دەکەوت، ئەوەنـدە تـالیبی ئەو لیباسـە خـاکیەیی حیزبـی بـوون، داویـان لێـدەکردین و دەیـانگووت؛ لانـی کەم پانتۆڵێکیان لەو بەرگە خاکیەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بدەنێ تا وەک ئیفتخار لە بەری کەین.

دوای ئەو دەورانە، کە ئەو فەرهەنگە خاکیپۆشیە لە نێو خەلکی کوردستان دا هەروا زینـدوو راگیرابـوو، لەو کاتـانە دا کە میدیاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست بەکار بوون و، لە شاشەی ئەو تەلەفیزیۆنانەوە، لە بۆنە جیـا جیاکـانەوە کچ و ژن و کوڕو پێشمەرگەکانی دێموکرات بە بەرگی کوردی و خاکیپۆشیەوە دەرکەوتنەوە، لە نێـو خـۆی رۆژهەڵاتـی کوردستانیش دا زیـاتر لە دەورانی شەست و حەفتاکان، لە لایەن خەڵکی نیشتمان پەروەرەوە پێشـوازی لەو خاکپۆشی و لیبـاسە کوردیـانە کرایەوە و پۆشی لیباسی کوردی و خاکی بوو بە ئەرکی نیشتمانی کە وەک دەبینیین ئەمڕۆکە لە رۆژهەڵاتی کوردسـتان دا، لە خۆشی و خۆشەویستی خاکیپۆشانی دوور لەوڵات، بە کوێرایی چاوی دوژمن، لە بۆنە جۆراو جۆرەکـان دا، خەڵکـان بە لیبـاسی کوردی و خاکیپۆشیەوە دەردەکەون و دژ بە دوژمنان، خەبـاتی مەدەنی و فەرهەنگی دەکەن و، خاکیپۆشی و جـامەدانەو کەڵاش و سۆرانی سپی و دەسرۆکەی دەستی سەرچۆپی کێشـان و گاوانـانی گەڕی شـاییەکان لە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان، دوژمنیـان کـوێر کردوەو سەفی نەتەوەیی رێکترو قایمتر و جسوورتر کـردووە ومەسـەلەی حەقـی نەتـەوەیـی و نیشـتمانیان، لە نێـو دەم ددانـی گڕی گورگەکانی جەماران دا، لە ئەستێرەی ئاسمان بەرزتر کردووەو، هاکا گەیشتینە سەرکەوتنی یەکجاری.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٣ی فێبریوێری ٢٠٢٥

## خاکیپۆش. شێعر: ڕەسووڵ سوڵتانی




خاکیپۆشی نیشتمانم بۆ دەمی هەستانەوە
دەچمە نێو چیرۆکی پێشمەرگە و نیگای کوێستانەوە

پڕ بە قوڕگی سەنگەرێکی سوور هەتا لووتکەی چیا
دەبمە ئاوازی سروودی ژین بە دەم لاوانەوە

بۆنی هەوری و گوڵوەنی و پشتوێنی ڕووباری شەهید
دێ لە جامانە و هەناسەی بەرزی کۆسالآنەوە

دەبمە مارشی نێو سروشتی هزری باڵگرتووی شەریف
زاگرۆسم خستەوە دووتوێی کتێب و وانەوە

من پەیامێکی زرێبارم لە خوێندایە و دەڕۆم
دەیگەیەنمە گۆلی ورمێ و دەست شەپۆلی وانەوە

بەژنی ئیلامم دەسم خستووەتە نێو دەستی سنە
وێنەیەک دەگرین بە سەر دیواری مێژووی ژانەوە

دەشتی زامم چڵ دەدا و ئازاری سابڵاخ و سەقز
خەونی تاڵ کردووە لە چاوی لیێڵی کرماشانەوە

من لەگەڵ خەونی شەهیدان دەبمە کانیاوێکی ڕوون
دەچمەوە نێو باوەشی کۆماری کوردستانەوە

من دروشم و باوەڕیشم ژن ژیان ئازادییە
بۆیە گیانم وا لە سەر دەست دێم بە پیری ژیانەوە

ئاگری نەورۆزی ڕزگاری بڵێسەی دێ دەمێ
خاکیپۆشان دێن بە ئاڵا و گوڵوەنی و جامانەوە

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریوێری ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# هۆنراوەی ڕابوون ڕۆژهەڵات



## گیاڕەنگ

ئەو بەهارە شەرتە کردوومە؛ لەبەر کەم، خاکی خۆم
ببمە باران، ببمە کانی، ببمە لافاو، ببمە چۆم
ئەو بەهارە، وا بەڵێنە؛ سەنگەرێک بم پڕ لە شار
هەڵبدەم ئاڵای بزە، بۆ نیشتمانی سەربەخۆم
وەرزی نوێی خۆر، ببمە مانگ و مانگی نوێی باخ، ببمە دار
هەر گەڵای کاتم، چەکێک و سەنگەرێک بێ هەر چرۆم
دەست لە دەست کیژێک؛ کە رووبارە نیگای، دەریایی بم
شان بە شانی ڕێگەکان، تا وێستگەی ئازادی بڕۆم
شەرتە جامانە، ببێتە وانەیەک، بیڵێمەوە
پڕ لە دەنگی؛ یا وڵات کەم! کووچە کووچە و دەشت و کۆم
مەشغەڵێک ساز کەم، لە دەنگی پەنجەرەی دوو گیانی شار
بچمە ڕیزی شاییەک، پڕ بێ لە ڕەنگی دەنگی خۆم

**نیشتمان! ئەی نیشتمان! ئەی نیشتمان! جـوابم دەوە**
**من کـە بـۆ شـەوگاری تاریکت، خـەریکە بیمە مۆم**

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی فێبریوێری ٢٠٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# لە نەورۆز ترسان..!؟؟!



**پرۆفیسۆر دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**

**وەڵامێک بۆ (هشدار بیش از ۸۰۰ نفر از اصحاب علم ، فرهنگ و هنر به سیاست‌های فرهنگی نوروزی / بر شاخه نشستن و بن بریدن! + اسامی)**

**(وەڵامێک بۆ – هشدار – یەکەی زاناو داناو پسپۆرانی ئیران سەبارەت بە پێشوازی کردنی کوردانی ڕۆژهەڵات لەنەورۆزی ساڵێ ١٤٠٤ هەتاوی)**

لە نەورۆزی ئەمساڵ ١٢٠٢٥کوردی - ١٤٠٤ هەتاوی ئیرانی، کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو دێی و شارۆچکەو شارێکی کوردستان، تا دەگاتە تارانی پایتەخت، پێشوازییەکی هێندە جوان و پڕهونەرو پڕ شادییان لە نەورۆز کرد ..مێژووی نەورۆز هەرگیز کاری وای بە خۆوە نەدیوە، ئەگەر لە سەردەمی دەوڵەت و ئیمپراتۆریە کوردەکان، لەم جۆرە شادییە دەوڵەت سەرچۆپی دەگرت، ئەوا ئەمجار میللەت ..بەڵێ میللەت بە پیرو جەوانیەوە بە ژن و پیاویەوە، تا دەگاتە پیری کەنەفتە ڕەنگ و ڕوویکیان بۆ نەورۆز ژیاندەوە ، کە مایەی شانازی هەموو مرۆڤایەتی بێت، نەک تەنیا هەرکورد، لەم شایی و لۆغانیە سەرتاسەریە .. نەچڵەدارێک شکاو نە دڵێک ڕەنجا !! شادی هەموو دڵێک و ماڵێک و گەڕەکێک و گوندێک و

شارەدێیەک و شارۆچکەیەک و گەورە شارو ناوچەیەکی گرتەوە..لە ڕۆژگارێکی وادا کە بە فەرموودەی (زانا کان)ی ئێرانی ئەمڕۆ((کشور عزیزمان ایران در شرایط بسیار حساسی است و بحران‌های بزرگی چون چالش‌های اقتصادی، گرانی، تورم و کاهش شدید ارزش پول ملی تا سردرگمی سیاست خارجی کشور و خطر احتمالی بروز جنگ، مهاجرت نخبگان و خروج سرمایه‌های مادی و معنوی کشور و ناتوانی دولتمردان در استیفای کامل حقوق شهروندان ایرانی، کشور را با مخاطرات بزرگی مواجه کرده است. ورود غیرکارشناسی بخش‌هایی از حاکمیت از جمله قوه مجریه به «مباحث قومی» به جای تمرکز و توجه به ابرچالش‌های پیش‌روی کشور و ملت ایران، خود زمینه‌ساز چالش‌های بزرگ‌تری شده است. بر این اساس یادآور می‌شود)) بەڵێ ..لەمڕۆی ئێرانی پڕ کێشەو ڕوو بە جەنگ... کوردانی دڵ زیندوو عاشق بە ژیان، لە جیاتی دەست بە ئەژنۆ گرتن و کڕوزانەوەو دۆشدامان و لەرزگرتن و دڵتەنگی و ترسان ..عاشقانەو پاڵەوانانە ئاڵای ژیان شادییە و وڵات پیرۆزە و نەرورۆز سەرشارەیان بەرز کردەوە؛ ئاڵا بەرزکردنەوەیەک ..مایەی شادی و شانازی هەموو مرۆڤێکی ژیاندۆست و خاکپەرست و شادی مەبەست بێت!

بەڵێ لەڕۆژێکی ئاوا تەنگ و شادکاریەکی ئاوا کەس نەکردە؛ زانا و بیرمەند و هونەرمەندانی ڕەنگ و ڕوو ناسراوی ئێرانی ..؟! بە بینینی ئەم هەموو جوانیە پڕ ڕەنگ و پڕ هونەر و شادیەی نەورۆز نابینن و.. تورە و ترسگرتوو و غەمگینانە کەوتوونەتە هاوارڤای ڤای..((در برخی از استان‌های غرب و شمال‌غرب کشور فراهم شد، بدون اینکه از پیش، برنامه‌ریزی دقیق و کارشناسی شده‌ای درباره نحوه برگزاری و اجرای آن تدوین و تنظیم شود. در جریان برگزاری این مراسم، گاه شاهد بروز برخی رخدادها بودیم که نباید به سادگی از کنار آن گذشت. شوربختانه برابر برخی تصاویر و اخبار منتشر شده، آنچه که با عنوان مراسم «پیشواز از نوروز» در برخی از استان‌های غرب و شمال‌غرب کشور از جمله استان کردستان و استان آذربایجان غربی رخ داد، فروکاستن نوروز از یک جشن بزرگ ملی ایرانی، به یک مراسم خرد قومی و طایفه‌ای و محلی بود)) کەوتوونەتە هاوارو – هشدار !!؟؟- دەدەن و دەوڵەت و پۆلیس و نێوەندە ئەمنییەکان دنە دەدەن وبە زمانی دڵ دەڵێن: ڤای ڤای ڤای دولت در خطر است!!!؟؟ بەداخەوە ئەم زانا و سەردەستانەی ئێران ئەوە نازانن کە لە ڕاستیدا ئەم هاوارو – هشدار – یەی ئەوان گەورەترین و کەم وێنەترین خەتەرە کە تا ئێستا لە هەموو مێژوو دا ئێران بە خۆیەوە دیبێت!؛ لە مێژوودا ئەگەر ئێران کەوتبێتە بەر مەترسی، ئەوا مەترسی لە شکەری بووە؛ بەڵام، ئەم مەترسیە گەورەیەی ئەمڕۆ، مەترسی کۆربینانەی زەمەن و زەمان و زەمین و زانا و داناکانی ئێرانی ئەمڕۆیە!! مەترسیەک کە دەیانەوێ و دەخوازن ئێران لەم یەکڕەنگیەدا بمینێ و یەکڕەنگترو قاڵبگیرتر بهێڵن و دەمەزەردی بکەنەوە!! سەیرە لە نێو ئەم هەموو زاناو دانایەی – هشدار – کردوو کەسێکی مرۆڤدۆست و دیموکراتخوازی تێدا نەبوو؟! دەنگ هەڵبڕن و بێژن..ئای جانەم بوەستن ئەم ((خرد قومی و طایفه‌ای و محلی)) یانە ش مرۆڤن و ئێرانین و مافی ئەوەیان هەیە شادبن و شادی ببخشنەوە نەورۆزی خۆیان پیرۆز بکەن!؟ لە جیاتی ئەوەی ئەم هەموو زاناو هونەرمەندو داهێنەرو شاعیرو مێژوو ناس و مێژوو نووس و کۆمەڵناس و لێکۆڵەرو مامۆستای زانکۆیە ..بێن بەم هەموو ڕەنگاو ڕەنگیەوە تێکەڵی شادی ئەم خەڵکە بن و شادیەکەیان ڕەنگاو ڕەنگترو شادترکەن و هەموو ئێران شاد بکەن!؟؟ هاواری تێکدان و

ڕێگرتن و قەدەغەکردن و دەمگرتنیان بۆ دەکەن!؟! من خۆم وەک کەسێکی دۆست بە ئیرانیـان و فەرهەنگ وکلتورو هونەریـان توشی شۆک بووم، کە ناوی هەندێک لە ئەو ئوستادانەم بینی کە من بە هۆی بەرهەمەکانیـانەوە نـاوم بیسـتوون و بەرهەمم خوێندوونەتەوە وخۆم بە شاگردی ئەوان دەزانی!؟ هشدار - ی ئەم هەشت سەت واژۆکردوو و بەردەوام واژۆکـردنە، منـی زیـاتر شـۆککرد لەوەی کە دەوڵەت لە مێـژوودا کردوویـانەو و پـۆلیس و دەزگـا ئەمنیەکـانەو بەردەوام دەیـکەن دژی نەورۆزیـان!؟ مخابن..سەت مخابن کە ئەم هەموو زاناو دانـایە ئـاوا بیر لە داهـاتووی ئیـران دەکەنەوە؟؟! ئەو مەترسیەی لە هـاوارەئەم - هشدار - یەی لەم بەرێزانەوە بەرز بووەتەوە زۆر ترسناکە بۆ داهـاتووی ئیران! واچاکە ئەوەش بڵێین .. ئەو - هشـدار- یەی ئەو بەرێـزانە نووسیوەتیان هـیچ وەختێـک لە داهـاتوودا نەخۆیـان نە نەوەکانیـان و نە هـیچ ڕۆشـنبیرو زانـایەکی ئیرانـی ناتوانێ شانازی بەم کارەوە بکەن، بەڵکە خاڵێکی ڕەشە بە تەوێڵی نووسەرو واژۆکردووانی ئەم - هشدار-یە شەرم ئـاوەرە .. بەرامبەر بە بەشێکی مەزنی هاوڵاتیانی ئیرانی هەمەڕەنگ!!

## ڕێشەی جەژنی نەورۆز لە کوێوە دێت؟

ڕاستە ئیـران زۆر لە کـۆنەوە بە هەمـوو دەسـەڵات و ئیمپراتۆریەکـانیەوە، سـاڵانە جەژنـی نەورۆزیـان پیـرۆز کـردووەو بە دەسەڵات و بە میللەتەوە، ئەمەش لە سەردەمی ئیلامیەکـانەوە شەش حەوت هەزار ساڵ لە پێش زایینەوە تـا ئەمڕۆ، بەڵام لەم ماوە دوورو درێژەدا کەمترین دەسەڵاتیش دەسەڵاتی - ئیرانـی فارسـی - بـووە!! لەم چل و ئەوەنـدە سـاڵەی دواییش لە پەنـای ئـایین و ئـایینزاوە زۆر سـاڵ نەورۆز قەدەغە و حەرام کـراوە!؟! ئەگەرچـی ئەم زانـاو بیرمەنـدو پسـپۆرانە، لە پیرۆزکردن و شادی بەخشینی نەورۆز بێزارن .. ئەوەش لە بیرنـاکەن ڕیشەی نەورۆز ئیفتیخـار!؟ ئـامێزەکەی وەک مەدالیـا بکەنە ملی خۆیان ! دەنووسن: (( **یادآوری می‌کنیم که جشن نوروز، جشن باستانی، ملی و افتخارآمیز ایرانیان است و به هیچ قوم و قبیله‌ای تعلق ندارد و همه ایرانیان با هر زبان محلی و مذهبی، بخشی از جغرافیای معنوی این جشن بشمار می‌آیند.**)) لە ڕستەی جەژنی کۆنی میللی ئیرانیەکـانە، نـاکرێ مەبەسـتی هەمـوو ئێرانیەکـان بێت: دەنـا بەم - هشدار-یە شـەرم ئـاوەرە دنەی دەوڵەت و پـۆلیس و دەزگـا ئەمنیەکانیـان نەدەدا، بەخـۆکەون نەورۆزکردنـی بەم شـێوە پـڕ شـادیە لە میللەتی کورد قەدەغە بکەن! ئەوەتە جارێکی تر جەژنـی نەورۆز خـاس بە هـی خۆیـان دەزانن و دەنووسن: ((**نوروز، جشن ملی و میهنی ایرانیان است و نمی‌تواند محل منازعات کاذب و مصنوعی قومی و قبیله‌ای باشد.**)) ئەو بەرێزانە ئەوە لە بیـرە خـۆ دەبەنەوە، کە نەورۆز هەر لەسـەردەمی سـۆمەرەوە بە چـوار لادا بڵاوبـووەتەوەو ڕەنگێکـی جیهـانی ئەوێ ڕۆژێـی وەرگرتووە، ئەوکاتە - ئیران - بەو مانایەی کە ئەم زانایانە مەبەستیانە هەر لە گۆڕێ نەبـووە!؟ کەچی هەر لەم - هشـدار- یە نارێک و نازانستیە پەنجە بۆ جوگرافیـای شادی نەورۆز درێژ دەکەن و دەنووسن: ((**در استان‌های غرب و شمال‌غرب کشور، بویژه در استان‌های آذربایجان غربی و کردستان، از نگاه ما اقدامی بغایت نگران‌کننده و تحریک‌کننده و شایسته نکوهش است**)) لە کاتێکدا نەورۆز بە شیر حەلالی خۆیان دەزانن، کەچی شادی کردن و نەورۆز پیرۆزکردنی کوردان



سەرچاوە Serchawe

بە هەنگاوێکی بێغایەت نیگەران کارە دەزانێ!!

دەی بابزانین نەورۆز لەکوێندەرو لەکەیەوە سەری هەڵداوە!؟ پسپۆرانی بەرێزو زاناکانی ئیران دەزانن، نەورۆز لە داستانە سۆمەریەکانەوە باسکراوەو بەتایبەت لە داستانی کۆن و بەناوبانگی ((دەمموزو عەشتار)) باس لەوە کراوە ڕۆژی هاتنەوە سەردنیای دەمموزی، ڕۆژی ((جەژنی زەگموک)) ەو سەری ساڵی سۆمەریەکانە کە هەمان سەری ساڵی کوردی و هەمان ڕۆژی ((جەژنی نەورۆز)) ە! لەم داستانەش دا ئەگەر بەوردی بیخوێنینەوە دەبینین کە دوو کەسایەتی یەکیان جوتیارو ئەوەی تر شوان، ململانێی ئەوەیانە هەریەکە بۆ خۆیان دڵی - عەشتار - بەدەست بێنن وبۆ ئەم کارەش هەریەکە بە بەرهەمی خۆی دا هەڵدەڵێ و جوتیار نانی گەنم پەسن دەکات و مەڕدار شێرو پەنیری مەڕی خۆی؛ ئەمەش هێمایە بۆ سەرەتای سەر هەڵدانی پیشەی جوتیاری و مەڕداری کە زەمەنەکەی دەکاتە (دەهەزار ساڵ پێش زایین) چۆن کە ئەم داستانی دەمموزو عەشتارە زەمەنی سەرهەڵدانی زۆر پێش زەمەنی نووسینەوەیەتی! کەواتە ئەفسانەو کلتوری سۆمەریەکان پێمان دەڵێن: تەمەنی نەورۆز ئێستا((دوازدە هەزار)) ساڵە، چۆن زاناکانی ئەفسانەو کلتوری و سۆمەرناسەکان تەمەنی داستانی دەمموزو عەشتاریش بە دە هەزار ساڵ پێش زایین دەخەملێنن!! دواجار بەڵگەکانی تەمەنی دوازدە هەزارساڵەی دەمموزو عەشتار هەر لێرە ناوەستن، بەڵگەی شوێنەواری هەر لە کوردستان دەکەونە دەست زاناو پسپۆرە زانستخوازەکان و بە ئاشکراو بە بەڵگەی شوێنەواری دەیسەلمێنن جەژنی نەورۆز تەمەنی دوازدە هەزار ساڵە.

### شوێنەواری گرێ مرازان – بە ترکی کوبیکلی تەپە..

پەرستگای(گرێ مرازان) کە بە کوردی (گرێ ناڤوکێ) شی پێدەڵێن و بە ترکیش پێی دەڵێن کوبیکلی تەپە)، ئەم پەرستگایە دەکەوێتە نزیک شاری (ڕەها) ی باکووری کوردستان و لە تەنیشت گوندی (خرابەڕەشکێ)! ئەم پەرستگایە ساڵی (١٩٦٣) شوانێکی کورد بەردێکی خۆشکراو لەسەرگردی (گرێ مرازان) بە دەرەوە دەبینێ، بیردەکاتەوە دەزانێ ئەم بەردە ئاسایی نیە، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری لێ ئاگادار دەکاتەوە، ساڵی (١٩٩٤) شوێنەوارناسی ئەلمانی پرۆفیسۆر (کلاوس شمیدس) دەچێتە ئەم شوێنەو دەس بە هەڵکۆڵێن دەکات، لە ئەنجامدا بۆی دەردەکەوێ کە ئەمە (پەرستگا)یەو تەمەنی (١٢هەزار ساڵ)یە، کۆنترین پەرستگایە لە هەموو جیهان، لە وردی خوێندنەوەی نەقش و هێماکانی سەر ستوونە گەورەکانی گرێ مرازان، بۆیان دەرکەوتووە دانیشتوانی و دروستکەرانی ئەم پەرستگایە، چاودێری ئاسمان و مانگ و ڕۆژیان کردووە و کۆنترین ساڵنامەیان داهێناوە و جەژنێکیان هەبووە، ئەو جەژنە کەوتووەتە ڕۆژی ٢١ - ٣ ساڵی زایینی، کە دەکاتە هەمان ڕۆژی سەری ساڵی سۆمەری و کوردی و هەمان جەژنی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان، کلاوس شمیدس وەک سەرۆکی لێژنەیەکی پسپۆر ئەم لێکۆڵینەوە زانستیانەی کردووە، هەروەها دیسان ((نووسینگەی ڕاگەیاندنی زانکۆی ئەدەنبەرە ڕایگەیاند: (مارتن سوێتمان، کۆنترین ساڵنامەی دۆزیوەوتەوە کە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی شێوەی نیە! ئەم ساڵنامەیە لەسەر یەکێ لە



سەرچاوە Serchawe

ستوونەکانی گرێ مرازان - کوبیکلی تەبە - لە خوارووی ئێستای ترکیا نەخشێندراوە!) کە ستوونەکە ستوونی (ژماە ٤٣) ئەم ستوونە شەش مەتریە، ئەوا نیشانەی سەری ساڵەو ئەم سەرە ساڵەشیان کردووە بە جەژن، کلاوس شمیدت دەڵێ: (ئەم جەژنە لە ڕۆژی ٢١ - ٣ کراوە) دیارە ٢١ - ٣ یش دەکەوێتە بەرامبەر ڕۆژی ١ - ١سەری ساڵی کوردی و سۆمەری و هەمان ڕۆژی (جەژنی نەورۆز)ی ئێستای خۆمانە! ئەمەش جارێکی تر دەری دەخات کە جەژنی نەورۆز جەژنێکی کۆن و بڵاوەو لە هەموو ناوچەکە پیرۆزکراوە، مارتن سوێتمان پسپۆری شوێنەواری و سەرۆکی لێژنەی زانکۆی ئەدەنبەرە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی تەواوکەرو پشتگیریە بۆ ڕاکانی کلاوس شمیدس و ئەندامەکانی لێژنەکەی، ئەمانەش بیانین و کورد نین، تا گومان لە لێکۆڵینەوە زانستیەکانیان بکرێ! دەی ئێستا دەرکەوت ئەم جەژنە ڕیشەو سەرهەڵدانی لە کوردستانەو بە ڕیشەو سەرهەڵدان هیچ پەیوەندیەکی بە ئێران و فارسەوە نیە! ئەوانیش هەر لە کوردستانیان وەرگرتووە، من لێرە ڕووم لە مامۆستای بەڕێز (عەلی دەهباشی) دەکەم و داوای لێدەکەم جارێکی تر کتێبەکەی خۆی (نەوروز - ١٣٨٨) کە کۆی کردووتەوەو چاپی کردووە، هەر لەو کتێبە نۆ لێکۆڵەری بەڕێز ڕێشەی نەورۆز دێننەوە ((سۆمەرو بابیل و دوو ڕووباران و میزۆبۆتامیاو باکوری عیراق و کوردستان)) دەی ئێستا ئێران وەک هشداریەکان مەبەستیانە کەی خاوەنی نەورۆزن؟! دواجار ئەوانیش وەک وڵاتانی تر لە کوردستانیان وەرگرتووەو وەک جەژنی خۆیان مۆری دەکەن!! نەتەوە یەکگتووەکانیش ساڵی ٢٠١٠ کە جەژنی نەورۆزیان کرد بە جەژن و ڕۆژێکی جیهانی، بە جەژنێکی ئێرانی ناویان بردو ئێستا خەریکن هەڵەکەی خۆیان ڕاست دەکەنەوە!! بەڵێ هشداریەکان و ئەوانی تریش، نەورۆز بە مولکی خۆیان ئێران دەزانن، بەڵام، چاویان هەڵنایە کوردە ئێرانیەکان لە جەژنی نەورۆز شاد هەڵپەرن و نەورۆز پیرۆز بکەن؛ ئەم نەورۆزکردنەی کوردانێ ڕۆژهەڵات دەخەنە بەر گومان!! ئەوانەش کێن؟ فەرموون ناوی هەندێکیان بخوێننەوەو بزانن چ زاناو پسپۆرێک هەن و ناویان لە نێو لیستەکۆتایی نەهاتووەکە دان ..((این به گزارشی خبرنیگاری برای نخستین بار است که تنوعی از اندیشمندان، چهرەهای ملی شناخته شده و برجستگان ایران شناسی، استادان دانشگاه، پژوهشگران علمی و فرهنگی، نویسندگان، هنرمندان رشتەهای گوناگون موسیقی، سینما و هنرهای تجسمی، و فعالان دانشجویی از نقاط مختلف کشور در کنار یکدیگر نسبت به مسألەای ملی هشدار میدهند. در این بیانیه اسامی چهرەهایی چون ژالە آموزگار، کیخسرو پورناظری، میرجلالالدین کزازی، علی اشرف صادقی، علیاصغر دادبه، حسن انوری، موسی غنی نژاد، کاوه بیات، نصرالله پورجوادی، سهراب پورناظری، داریوش پیرنیاکان، تهمورس پورناظری، مرضیه برومند، علی مصفا، رخشان بنی اعتماد، محمدرضا ضیایی بیگدلی، محمد جعفری قنواتی، عبدالمجید ارفعی، علی دهباشی و حکمت الله ملاصالحی به چشم میآید)) بەڵێ ئەم ڕەنگ و ڕووە ناسراوو ئەم زانا بەناوبانگانە سەردەستەی هشداریەکانن !! پایەدر بێت ئێرانی هشداریەکان!؟! **ئەگەر ئەمە ڕاو هاواری ئەم زاناو پسپۆرانە بێت، ئیتر ئێمە بۆچ گلەیی لە خەڵکە ڕەشۆکەکە بکەین؟؟** سەیرکەن لە درێژەی هشداریەکەیان چی دەنووسن ((ما، گروهی از دغدغەمندان فرهنگ و تاریخ و یکپارچگی ایران عزیز، عمیقا نگران تحریف، تخفیف، تقلیل و مصادره جشن نوروز با هر عنوانی هستیم)) ئەرکی هەر زاناو پسپۆرو زانستخوازێکە ڕای خۆی بۆ کارێکی ئەوا ((نەورۆزی کەونار)) دەربڕێ، پێویستە پشت بە بەڵگەی زانستی ببەستێ، نەک قەڵەم بۆ ئحساساتی نیگەرانی و تووڕەیی و

ترسان شل بکات!؟ دەرکەوتووە بە پێی زانست دەروونناسی کەسانی نیگەران و تووڕەو ترساو لە ڕادەربڕیندا ناتوانن زانستیانە ڕادەربڕن! لە درێژەی هشداریەکەیان بەڕێزان زۆر دەردە دڵی خۆیان کردووە، لەوەدا گەیشتوونەتە ئەوەی دوان بە زمانی نەتەویی و ناوچەیی و جێی مەترسیەو پێویستە پارێزگاری لە زمانی فارسی بکرێ و بە زمانی فەرمی هەموو ئیرانیان بمێنتەوە، لەوەش خراپتر نەورۆز کردوان بە دوژمن ناودەبەن و دەنووسن ((ما امضاکنندگان بیانیه، هشدار می‌دهیم، اکنون که دشمنان ملت ایران به دنبال فعال کردن گسل‌های قومی در کشور هستند تا به مقاصد شوم خود برای بر هم زدن یکپارچگی ایران عزیز دست یابند. آیا وقت آن نرسیده است تا مسئولان و مدیران ناکارآمد و بعضا موافق با رخدادهای ناگوار پیش گفته در برخی استان‌ها، از کار برکنار و برای اقدامات مخرب و یا سکوت همراه با تأیید خود، مؤاخذه شوند؟)) بەڕێزان باسی یەکپارچەیی ئیران دەکەن و مەترسی لە بەر یەک هەڵوەشاندنیان هەیە، بەڕاستی ئەو بەڕێزانە واچاکە ئەوە بزانن کە ئەوان بە ناونیشانی زاناو داناو پسپۆران، بەم هشداریە گەورەترین تەوریان لە یەکپارچەیی ئیران داوەو تا ئێستا هیچ تەورێکی ئاوا بەر جەستەی ئیران نەکەوتووە، بە تایبەت تەورێک کە لە نێو ئیران و لە ڕەنگ و ڕووە هەڵبژاردەکان و زاناو داناکانەوە بێت، ڕێگە گرتن لە نەورۆز پیرۆزکردن و شایی و شادی کردن و گۆرانی گوتن بە زمانی نەتەوەیی و ناوچەیی، ئەمە بۆخۆی جێگای مەترسیەو لەگەڵ سەردەم و ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ناگونجێ! ئێمە چاوەڕێ بووین ئەم حەمکە - هشدار - یە واژۆ کردووە، لەسەر مافی کەمە ئایین و ئایینزاکان و زمانی جیای نەتەوەکان و هەموو ناوچەکانی ئیران بەدەنگ بێن و دواجار چارەسەری بۆ ئەم هەموو - بحران - ە بدۆزنەوە وەک خۆیان ئێژن ئێرانی تێکەوتووە، بەڵام، ئەم بەڕێزانە بەم هشداریە لە زەمەن دابڕاوە - بحران - ێکی تریان خستە سەر تەواوی - بحران - ەکان!!

ڕوونکردنەوەو هاواری زانا هشداریەکان هەموو ڕستەو نیوە ڕستەیەکی هی ئەوەیە هەڵوەستی لەسەر بکرێ و بخوێندرێتەوەو مەبەستی پشت وشەو ڕستەکان ئاشکرا بکرێن، بەڵام؛ من لێرەوە کۆتایی بە سەرنج و نووسین و ڕوونکردنەوەکانم دێنم..

تێبینی: من وەک پسۆڕێکی مێژووی نەرۆزو دۆستێکی فەرهەنگی ئیرانی ئەوەی لێرەوە نووسیومانە ڕای تایبەتی خۆمانە و پەیوەست نیە بە هیچ نێوەند و گرووپێکەوە.

هەولێر؛ ٥ / ١٢٠٢٥ کوردی و ٥ / ٢٠٢٥ زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠٢٥

## نەورۆزی خاکیپۆشان لە بەشێک لە میدیاکانەوە

### ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خاکیپۆشین نەورۆزی ئەمساڵ شکۆدارتر دەکات



لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا سەرباری ئەوەی حکوومەتی ئێران زۆر بەربەستی بۆ ڕێوڕەسمەکانی جەژنی نەورۆز و کردنەوەی ئاگر وەک هێمای خەباتی ڕزگاریخوازی و سەرکەوتنی ڕووناکی و ئازادی بەسەر تاریکی و ستەمدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە، بەڵام هەموو ساڵێک ئاگری نەورۆز کراوەتەوە، بەتایبەتی لە چەند ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵگەی مەدەنیی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەیەکی ڕێکخراو جەژنەکەیان بەڕێوە بردووە و ئەمساڵیش جلوبەرگی خاکی و جامانە کرا بە هێمای یەکگرتوویی سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە ناوی نەورۆزی "خاکیپۆشان" بەڕێوە چوو.

جەژنی نەورۆز دوای دابەشبوونی کوردستان لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە هێما و تایبەتمەندییە گشتیی و تایبەتییەکانییەوە بەڕێوە چووە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەرچەند لە سەردەمی جیاجیادا ڕێگە لە جێبەجێکردنی هێما تایبەتەکانی گیراوە، بەڵام قەت ساڵێک نەبووە ئاگری نەورۆز نەکرێتەوە.

یەکەم ڕێوڕەسمی ئازاد و بەشکۆی نەورۆز، لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە نەورۆزی ١٩٤٦ بە ئامادەبوونی پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆککۆماری کوردستان و جەنراڵ مستەفا بارزانی، لە مەهاباد، پاتەختی کۆمار بەڕێوە چوو. دوای ئەوە، حکوومەتی ئێران ڕێگەی نەداوە خەڵکی کوردستان بە هێما و نەریتە تایبەتەکانی خۆیان جەژنەکە بەڕێوە ببەن. بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە هەوڵ و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی مەدەنی، خەڵکی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی جیاجیا ڕێوڕەسمی واتاداریان بەڕێوە بردووە.

ئەمساڵیش بە پۆشینی جلوبەرگی خاکی و جامانە، وەک هێمای جلوبەرگی خەبات و بەرخودانی کوردستان، لە ئیلامەوە تا ورمێ، شارەکانی ڕۆژهەڵات ڕێوڕەسمی بەشکۆی نەورۆزیان بەڕێوە برد؛ لە دەوری ئاگر، وەک هێمای ڕزگاری و سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر ژێردەستی و تاریکیدا، بە یەگرتوویی دەستیان لێک هەڵپێکا و سروودی نیشتمانییان خوێندەوە.

لە ماوەی بیست ڕۆژی ڕابردوودا لە زۆربەی شار و گوندەکانی باکوور تا باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ماکۆی پارێزگای ورمێ تا ئاودانانی پارێزگای ئیلام، ئەم کەرنەڤاڵە جەماوەرییانە بە بەشداریی دەیان هەزار کەس بەڕێوە چوون و دیمەنێکی بێوێنەیان لە یەکگرتوویی و یەکدەنگیی کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نمایش کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان ٢٤ - ڕێکەوتی: ٢٠ مارچی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەریەککەوتنی خەڵک و دەسەڵات لەسەر نەورۆز زیاتر دەبێت



**ئاڤا نیوز**

**بەریەککەوتنی خەڵک و دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز ڕۆژی هەینی قوڵتر بوو، کاتێک خەڵک بە هەموو شێوەیەک هەوڵیاندا بۆنەکانی نەورۆز بەڕێوەببەن و هێزە ئەمنییەکان هەوڵیاندا ڕێگری بکەن.**

### وێنە گەورەکە:

**بۆ پیشوازیکردن لە هاتنی ساڵی نوێی کوردی و ئاهەنگگێڕانی نەورۆز، هاونیشتمانیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەکاری تەواویان کردووە و ڕۆژانە لە ناوچە جیاوازەکانەوە ئەم یادە بەرز ڕادەگرن، بەڵام هێزە ئەمنییەکانی ئێران بە هەموو شێوەیەک ڕووبەڕوویان دەبنەوە و ڕێگرییان لێ دەکەن.**

**چاودێرانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیان وایە، هەوڵی خەڵک و دەسەڵاتیش سەرچاوەیەکی سیاسی هەیە، خەڵک دەیانهەوێت ناڕەزایەتی خۆیان و شوناسی خۆیان نیشان بدەن، حکومەتیش دەیهەوێ ئەم هەوڵە ناکاریگەر بکات.**

## لێدوانی فەرمییەکان:

– **مەسعود کوردپوور، ڕۆژنامەوان، دەڵێت:** کەلێنێکی گەورە لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا دروست بووە، بەتایبەت لە کوردستان، خەڵک زۆر ناڕازین و دەسەڵات ترسی لەوە هەیە دەسەڵاتی خۆی بە تەواوەتی لە دەست بدات.

– **فەرهاد ئەمین پوور، ڕۆژنامەوان و چاودێری سیاسی، پێی وایە؛** ئاهەنگەکانی نەورۆز لایەنێکی شوناسخوازانەی هەیە و بەشێکیشی سیاسی و دەربڕینی نارەزایەتییە، بەتایبەت دوای شۆڕشی ژینا و ڕووداوەکانی دوای ئەوە.

## ڕۆژی هەینی ڕۆژی بەریەککەوتن

ڕۆژی هەینی لە شارەکانی کرماشان، سەقز، ساحێو و شنۆ هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵیاندا ڕێگریی لە ئاهەنگەکانی نەورۆز بکەن.

## چی ڕوویدا:

"ئامانج" دوای نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی لەگەڵ خێزانەکەی بەرەو یەکێک لە گوندەکانی سەر بە شاری شنۆ دەچوون بۆ ئەوەی بەشداریی لە ئاهەنگێکی نەورۆزدا بکەن، بەڵام سەر ڕێگا بە هێزی سەربازی تەنرابوو؛ ڕێگە بە بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکە نەدرا.

ئامانج لە گرتە ڤیدیۆیەکدا کە بۆ ئاڤای ناردووە ئەو هێزانە نیشان دەدات کە لە سەر ڕێگای شنۆ بۆ گوندی سینگان، شوێنی دیاریکراو بۆ ئاهەنگەکە، خاڵی پشکنینی کاتییان داناوە و بە ئۆتۆمبێلی سەربازیی و چەکی نیمچەقورس چاودێریی هاتوچۆی خەڵک دەکەن.

بەڵام خەڵک پێداگربوون لەسەر ئەوەی ئاهەنگەکەی خۆیان بەڕێوەببەن، لە ڕێگای سەیرانگای قەلاتوک خەڵک لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان تووشی شەڕ و ئاڵۆزی بوون.

لە کۆتاییدا خەڵک چوونە گەڕەکی تاچین ئاوێ، شوێنێکی دوورتر لە گوندی سینگان خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە و ئاهەنگی

نەورۆزیان بەڕێوەبرد، هەڵپەڕکێیان کرد، خۆشییان دەربڕی و ئاگری نەورۆزیان کردەوە. بەڵام هێزەکانی سوپای پاسداران هێرشیان کردە سەر خەڵک و بە زۆر و بە هەڕەشە بڵاوەیان بە خەڵک کرد.

## زانیاریی زیاتر:

ئەم دیمەنانە رۆژی ١٤ - ٣ - ٢٠٢٥، لە شوێنی دیکەش دووبارە بوونەوە، لە کرماشانیش هەر وابوو، لە شاری سەقزیش سەرەڕای چاودێریی و ڕێگریی هێزەکانی سوپای پاسداران خەڵک چوونە سەر چیای "جاقل" و نەورۆزیان بەڕێوەبرد.

خەڵک لە سەر چیای جاقل جلوبەرگی خاکی کوردییان لەبەر کردبوو، جامانەیان لە مل کردبوو کە سیمبولی پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستانە و دروشمی سیاسییان بۆ پشتگیری لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گوتەوە.

لە شارۆچکەی ساحێب، لە نزیک شاری سەقز، ڕێوڕەسمێک بە بەشداریی دەیان هەزار کەس بەڕێوەچوو. بەگوتەی بەڕێوەبەرێکی ئاهەنگەکە، هێزەکانی سوپای پاسداران هەوڵیاندا تێکیبدەن، بۆیە کاتژمێرێک زووتر لە وادەی دیاریکراو، کۆتایی بە ئاهەنگەکە هێنرا.

## زانیاریی بەدەستهاتوو:

بەپێی زانیارییەکانی ئاڤا، لەم ماوەیەدا لە شار و ناوچە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، دامەزراوە ئەمنییەکان چالاکوانانی کولتووری، بەڕێوەبەرانی ئاهەنگەکان، گرووپەکانی مۆسیقا و تەنانەت گۆرانیبێژەکانیان بانگ کردووە و لە پەیوەندیی لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئاهەنگی نەورۆز هۆشداریان پێدرابوو کە نابێت هیچ ئاهەنگێک بەڕێوەببرێت.

## "نەورۆز بووەتە بۆنەیەکی سیاسی"

**مەسعود کوردپوور، رۆژنامەنووس لە شاری بۆکانەوە، شەوی ١٤ی ئاداری ٢٠٢٥ قسەی بۆ نیوریجن کرد و گوتی:** "ئێستا هەر بۆنەیەک بەڕێوەدەچێت دەبێتە هۆکارێک بۆ نیشاندانی کوردایەتی و دەبێتە بۆنەیەکی سیاسی، بەتایبەت بە لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی و جامانە هەڵوێستی خۆیان دەردەبڕن."

**فەرهاد ئەمین پوور، رۆژنامەنووس و چاودێری سیاسی، لە شاری سەقزەوە بە ئاڤای گوت:** "ئەمساڵ حکومەت هەوڵی زۆر



سەرچاوە Serchawe

زیاتری داوە بۆ ئەوەی ڕێگری لە ئاهەنگەکان بکات، ساڵی رابردوو گوشارەکان کەمتر بوون، چونکە نارەزایەتییەکانی ژینا هێشتا گەرم بوون، بۆیە نەیاندەوێرا زۆر ڕێگریی بکەن. هەروەها بابەتی وروژاندنی پرسی خاکیپۆشان کە لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە زۆر پەرەی پێدرا، بووە هۆی هەستیاریی زیاتری دەسەڵات و وایکرد حکومەت بترسێت لەوەی کە حزبەکانی رۆژهەڵات پەرە بە دەستڕۆیشتووی خۆیان بدەن."

**نەورۆز لە هەموو ئێراندا بەڕێوەدەچێت. بەڵام فەرهاد ئەمین پوور دەڵێت:** نەورۆز لە کوردستان جیاوازی هەیە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران، چونکە سیمبۆلە شوناسخوازییەکانی تێدا زیاترە و دەسەڵاتیش ئەمە وەک هەڵسوکەوتی سیاسی لە کوردستان دەبینێت، بۆیە بە ئاهەنگەکانی نەورۆز لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەستیارترە.

**مەسعود کوردپوور دەڵێت:** لە دوای شۆڕشی ژیناوە دەسەڵات هەستیارییەکی زۆری هەیە لەسەر کۆبوونەوەی خەڵک بە هەموو جۆرەکانیەوە، خەڵکیش نەورۆز بەکاردێنن بۆ کۆبوونەوەی زیاتر.

## ئەمەش بزانە:

شۆڕشی ژینا ئاماژەیە بۆ بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" کە ساڵی ٢٠٢٢ و دوای گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی هەموو ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و بووە گەورەترین شۆڕش لە زیاتر لە چوار دەیەی مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

## باکگراوند:

ژینا ئەمینی کچێکی ٢٢ ساڵ خەڵکی شاری سەقز، سەر بە پارێزگای سنە بوو، کە لە گرتنگەی پۆلیسی تاران بە تۆمەتی پابەندنەبوون بە باڵاپۆشی دەستبەسەرکرا و بەشێوەیەکی جێی گومان گیانی لەدەستدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاڤا میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ئازاری ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## سەرەڕای گوشارەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەکاری بۆ نەورۆز دەکرێت



ئەهەنگی نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. وێنە – ئەرشیف

**ئاڤا نیوز**

**سەرەڕای بەربەستەکان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، چالاکوانانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەکاری بۆ یادی نەورۆز دەکەن و داوا لە هەموو هاونیشتمانیان دەکەن بەشداری یادەکە بکەن.**

### چیرۆکی سەرەکی:

چالاکوانانی کولتووری کورد لە کاتێکدا ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەوەی بۆنەکانی نەورۆز، کاتی نوێبوونەوەی ساڵی کوردی، بە جۆش و خرۆشەوە بەڕێوەببەن، دامودەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران گوشاریان خستووەتە سەریان بۆ ئەوەی ئاهەنگەکان بەڕێوە نەبرێن.



سەرچاوە
Serchawe

## لێدوانی فەرمی:

چالاکوانێکی کولتووری خەڵکی شاری شاباد، سەر بە پارێزگای کرماشان، بە ئاڤا میدیای ڕاگەیاند: نزیکەی ١٣ کەس لە چالاکوانانی ئەو شارە لەلایەن ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانەوە بانگ کراون و هۆشداری توونددیان پێدراوە کە نابێت بانگەشە بۆ ئاهەنگی نەورۆز بکەن.

لە ڕێکخراوی ئیتلاعات بەو چالاکوانانە گووتراوە "بارودۆخ زۆر هەستیارە و هەر کەس هەوڵ بۆ ئاهەنگی نەورۆز بدات ڕێکاری یاسایی بەرامبەری دەگیرێتەبەر."

## زانیاریی بەدەستهاتوو:

بە پێی زانیارییەکان سەرچاوەیەک لە شاری بەدرە، سەر بە پارێزگای ئیلام، لەبەر هەستیاریی بابەتەکە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، بە ئاڤا میدیای وت، ڕۆژی ٦ - ٣ - ٢٠٢٥ ، دامودەزگا ئەمنییەکانی پارێزگای ئیلام تەلەفۆنیان بۆ ئەو چالاکوانانە کردووە کە هەوڵیانداوە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بەڕێوەببەن و پێیان گوتوون ئەگەر لە سەر هەوڵەکانیان بەردەوام بن، بە بڕیاری دادگاوە دەچن و دەستگیریان دەکەن.

## زانیاریی زیاتر:

کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە ئاهەنگی نەورۆز، کە بە هەزاران کەس بەشداری تێدا دەکەن، هەستیار بووە، بەڵام دوای بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" و پەرەسەندنی ئەم جۆرە ئاهەنگانە بۆ ناوچەکانی ئیلام و کرماشان کە لەڕووی ئابووری، سیاسی و بەتایبەت جیۆپۆلیتیکەوە گرنگن، هەستیارییەکانی زیاتر بووە.

لە ئاهەنگەکانی نەورۆز، بەشداربووان جلوبەرگی کوردی خاکی لەبەر دەکەن و جامانە لە مل دەئاڵێنن یان بە دەستیانەوە دەیشەکێننەوە، کە نیشانەی هۆگری و لایەنگرین بۆ بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حکومەتیش لە پەیامی ئەمە تێدەگات.

حکومەتی ئێران هەستیارییەکانی بەرامبەر پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام زیاترە، ئەگەر چی ئەم دوو پارێزگایە



سەرچاوە Serchawe

بەشدارییەکی ئەوتۆیان لە بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبووە، چونکە ئەوان لەڕووی ئایین و زاراوە لە هاوزمانەکانی دیکەیان جیاوازن، بۆیە حکومەت زۆری هەوڵداوە ڕێگە نەدات پەیوەندیی لەنێوانیاندا دروست ببێت.

لە دوای بزووتنەوەی 'ژن، ژیان، ئازادیی'ـەوە کە ساڵی ٢٠٢٢ ڕوویدا و بوو بە گەورەترین نارەزایەتی مێژووی کۆماری ئیسلامی، هاوپەیوەندیی و یەکگرتوویی پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوپێشچوونی زۆری بەخۆوە بینیوە.

ئەم یەکگرتوویی و هاوئاهەنگییە لە ئاهەنگ و بۆنەکانی نەورۆزی ساڵی پاری کرماشان و بەتایبەت پارێزگای ئیلامدا زیاتر خۆی نیشاندا. کاتێک دەیان هەزار کەس لە ئاهەنگەکانی نەورۆز بەشدارییان کرد و ئەوانیش جلوبەرگی کوردی خاکییان لەبەر کردبوو و جامانەیان بە دەستیان گرتبوو.

حکومەتی ئێران هەستیار بووە بە بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەو ناوچانە پەلوپۆ نەهاوێژێت، چونکە سنوورێکی دوور و درێژیان لەگەڵ وڵاتی عێراقدا هەیە و لەڕووی نەوت و گاز و بەرهەمە کشتوکاڵی و کانزاییەکانەوە دەوڵەمەندن و یەکگرتنیان لەگەڵ ناوچە سەرووترەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وزەیەکی زۆر بە بزووتنەوەی کوردستان دەبەخشێت. چونکە زیاتر ١٢٪ی نەوت و گازی ئێران لە پارێزگای ئیلام دایە.

بە سەرنجدان بەم بابەتانەیە کە حکومەتی ئێران بەربەست لەنێوان بەشەکانی سەروو و خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست دەکات، بۆ ئەوەی نەتوانن ببنە خاوەن سیمبولی و گوتار و چالاکیی هاوشێوە.

## لە لایەکی دیکەوە:

ڕۆژی ٥ - ٣ - ٢٠٢٥ ، بەرپرسانی پارێزگای ئیلام کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان ئەنجامدا و بڕیاریاندا ڕێگە نەدەن ئاهەنگەکانی نەورۆز بەڕێوەبچن و ڕێکاری یاساییش بەرامبەر ئەو کەسانە بگرنەبەر کەوا بانگەوازیان بۆ ئەو ئاهەنگانە کردووە.

عەبدولوەهاب بەخشندە، داواکاری گشتیی ئیلام، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی فەرمان بە چاکەی ئیلام ئاماژەی بەوە کردووە، دژبەرانی کۆماری ئیسلامی کەڵکی خراپ لەو ڕێوڕەسمانە وەردەگرن، بۆیە ڕێگەیان پێنادەین پەرە بە دەستڕۆیشتووی خۆیان بدەن.



سەرچاوە Serchawe

سادق حوسێنی، فەرماندەی لقی ئیلامی فەرماندەیی سوپای پاسدارانیش، هۆشداری بە دامودەزگا حکومییەکان داوە کە هیچ یەک لەوان مافی ئەوەیان نییە مۆڵەت بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز بدەن و گوتوویەتی، دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ قازانجی خۆیان کەڵک لە ئاهەنگەکان وەردەگرن.

## ئەوەی پێویستە بیزانیت:

ئەو بڕیارانە کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە. بۆیە لقی ئیلامی سوپای پاسداران ڕۆژی ٨ - ٣ - ٢٠٢٥، لە ڕاگەیەنراوێکدا بە ئاشکرا پاشەکشێی کرد لە قسەکانی فەرماندەکەیان و گوتی، لێکدانەوەی هەڵە بۆ قسەکانی کراوە، هاوکات پێداگریی کردەوە کە دەبێت بۆنەکان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێوشوێنەکاندا بەڕێوەبچن.

## ئەمەش بزانە:

بەپێی زانیارییەکانی ئاڤا، بڕیارە چالاکوانانی کولتووریی پارێزگای ئیلام ئاهەنگە جەماوەرییەکانی نەورۆز لە شارەکانی ئاودانان، دێلران، پەهلە، هولەیلان بەڕێوەببەن و داوایان لە خەڵکیش کردووە بە خێزانەوە بەشداریی لە ئاهەنگەکاندا بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاڤا میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ئاهەنگەکانی نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناڕەزایەتی لێدەکەوێتەوە




**دیمەنێک لە ئاهەنگە جەماوەرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – وێنە؛ ئومید باقری**

**ئاڤا نیوز**

**سەرچۆپیکێشەکانی ئاهەنگەکانی نەورۆز ڕەنگە نەیاندەزانی ئەو قاچەی بە ئەرزیدا دەدەن، زۆر کەس ڕادەچەڵەکێنێت کە ڕیزی ئەم هەڵپەڕکێیە، ڕیزی ئاڵقەکانی ئاسایشی نیشتمانیی ئێران دەخاتە مەترسییەوە و کاردانەوەی گەورە دروست دەکات.**

دوای ئاهەنگەکانی نەورۆز نزیکەی ٨٠٠ کەس لە کەسایەتییە جیاوازە ئێرانییەکان ڕاگەیێنراوێکیان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بەڕێوەچوونی ئەو ئاهەنگانە دەربڕی کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە جێی "نیگەرانی"ن و هۆکاری "دابەشکاریی نەتەوەیی"ن.

ئەو ڕاگەیێنراوە لەنێو چالاکوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە و بە کەمپەینی جیاواز سەرکۆنەیان

کرد و گوتیان، ئەو ڕاگەیێنراوە "برینێکی قووڵی خستە سەر جەستەی هیوا بە پێکەوەژیانی خەڵک و داهاتوویەکی یەکسان" لە ئێراندا.

**ئارام فەتحی، ڕێکخەری یەکێک لە ڕاگەیێنراوەکان لە پەیوەندیی لەگەڵ هۆکاری هەڵوێستەکەیان بەرامبەر بەو ٨٠٠ کەسە بە ئاڤامیدیای گوت؛** "چونکە ئێمە فاشیزم وەک مەترسییەک دەبینین کە دەیان ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەتەوە بێدەسەڵاتەکانی سەرکوت کردووە، بەتایبەت کورد. ڕاگەیێنراوەکەی ئەوان ڕەنگ و بۆنی فاشیزمی پێوە دیارە".

**ئیحسان هوشمەند، یەکێک لە واژۆکەرانی ڕاگەیێنراوە ٨٠٠ کەسییەکە؛** بە ڕاگەیاندنەکانی ناوخۆی ئێرانی گوتووە، مۆڵەتدان بە ئاهەنگەکانی نەورۆز یارییەکی دامەزراوە ئەمنییەکانی ئێرانە کە پەیوەندیی بە دۆخی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە و دەیانەوێت بە دەوڵەتی تورکیا بڵێن لە کاتێکدا ئێوە پەکەکە چەک دەکەن، ئێمە لە ئێراندا دەتوانین هەزاران کورد بهێنینە سەر شەقامەکان بۆ ئاهەنگگێڕان.

**بەڵام موحسین ڕەزەوی، چالاکڤانی سیاسی لە شاری بۆکان، بە ئاڤامیدیای گوت؛** دیارە بارودۆخی ناوچە و بابەتە دەرەکییەکان کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵام بە ڕای من نەورۆزی پار و ئەمساڵ زیاتر پاشەکشێی دەسەڵات و دەسکەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادییە.

## ئاهەنگەکانی نەورۆزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئاهەنگەکانی نەورۆزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژی ٢٨ - ٢ - ٢٠٢٥، لە شاری کامێرانەوە دەستیان پێکرد و تاوەکو کۆتاییەکانی مانگی سێ بەردەوام بوون.

ئاهەنگەکانی نەورۆز بە شێوەیەکی پلان بۆ دانراو لە ڕۆژانە لە ژمارەیەک گوند و شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەڕێوەدەچوون.

لە ئاهەنگەکاندا خەڵک بە سیمبولە کوردییەکانەوە بەشدار دەبوون، جامانەیان لەمل دەکرد و کەواپانتۆڵینان لەبەر دەکرد، کە نیشانەی چالاکڤانانی مافخوازی کوردە، هەروەها سروودە نەتەوەییە کوردییەکانیان دەگوتەوە.

**بەگوتەی فەرهاد ئەمین پوور، ڕۆژنامەوان و چاودێری سیاسی؛** ئاهەنگەکانی نەورۆز لایەنێکی شوناسخوازانەیان هەیە و



سەرچاوە Serchawe

بەشێکیشی سیاسی و دەربڕینی نارەزایەتییە، بەتایبەت دوای شۆڕشی ژینا و ڕووداوەکانی دوای ئەوە.

لایەنە ناوەندخوازەکان وایان لێکدایەوە، ئەم ئاهەنگانە پرسی نەتەوە جیاوازەکان لە ئێراندا قوڵتر دەکاتەوە و دەتوانێت لە داهاتوودا "ئاسایشی نیشتمانی" و "یەکپارچەیی خاکی" ئێران بخاتە مەترسییەوە.

## ڕاگەیێنراوی ٨٠٠ کەسایەتی ئێرانی ناوەندخواز

ڕۆژی ٦ - ٤ - ٢٠٢٥، زیاتر لە ٨٠٠ کەس لەوانە مامۆستای زانکۆ، نووسەر، توێژەر، هونەرمەند، سینەماکار و چالاکوانی خوێندکار ڕاگەیێنراوێکیان لە ژێر ناوی "هۆشداری ڕۆشنبیراندا" بڵاو کردەوە و ژمارەیەکی بەرچاویشیان کوردن.

واژۆکەرانی ئەو ڕاگەیێنراوە پێیان وایە، دامەزراوە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی وڵاتی سووریا و ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مۆڵەتیان داوە ئاهەنگەکانی نەورۆز بەڕێوەبچن بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانی وڵاتدا ڕێکاری قوڵکردنەوەی پرسە نەتەوەییەکانی ئێرانیان گرتووەتەبەر.

بەشێکی زۆری ئاهەنگەکانی نەورۆز بەبێ مۆڵەتی دامەزراوە ئەمنیی و حکومییەکان و تەنیا بە هەوڵی خەڵک بەڕێوەچوون و ئەوانەشی کە مۆڵەتیان وەردەگرت، بە مەرجی زۆر قورسەوە مۆڵەتیان پێدرا. لە هەندێ شوێن دامەزاروە ئەمنییەکان بە گشتی ڕێگەیان نەدا ئاهەنگی نەورۆز بەڕێوەبچێت.

ئەو کەسایەتییە ئێرانییانە پێیان وایە، نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووەتە جێگایەک بۆ "ململانێ ساختە قەومی و عەشیرەییەکان" و "کارکردی دامودەزگا حکومییەکان لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا هەوڵێکی جێی نیگەرانی و دنەدەرانەیە و شیاوی سەرکۆنەیە."

**ئەوان ڕەخنەیان لە حکومەتی مەسعود پزیشکیان، سەرۆککۆماری ئێرانیش گرتووە و دەڵێن:** حکومەت ڕوانگەی "نەتەوەخوازانەی" بۆ گەلانی ئێران هەیە و باس لە خوێندن بە زمانی گەلانی ئێران دەکات کە ئەمەش دەبێتە هۆی "لاوازبوونی زمانی نیشتمانی و فەرمی وڵات، لە ئاکامیشدا لەبەریەک هەڵوەشانی وڵات."

ئەم ڕوانگەیە کە کۆمەڵێک کەسایەتی ناوداری ئێرانیش پشتگیرییان کردووە، هەروەها هەڵوێستەکەیان لە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنە بەناوبانگەکانی ئێرانەوە بەشێوەی بەربڵاو بڵاوبۆوە، لەلای چالاکوانانی کورد نیگەرانی دروست کردووە.



سەرچاوە Serchawe

## هەڵوێستی چالاکوانانی کورد

دوای بڵاوبوونەوەی ڕاگەیێنراوی کەسایەتییە ئێرانییەکان، چالاکوانانی کورد، سیاسی، کولتووری، نووسەر، هونەرمەند و... لانیکەم لە سێ کەمپەینی جیاوازدا وەڵامیان دایەوە و دەڵێن؛ کۆمەڵێک "بەناو ڕۆشنبیر و بژاردە ... لەگەڵ دەسەڵات کەوتوون و خوازیاری سەرکوتی زیاتری خەڵک" بوون.

لە یەکێک لە ڕاگەیێنراوەکانی چالاکانی کورددا گوتراوە، ئاهەنگەکانی نەورۆز "بەگشتی مەدەنی و جەماوەری و بەتەواوەتی خۆڕسک بوون" و "سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەر" ڕێکیخستوون.

بەگوتەی واژۆکەرانی ئەو ڕاگەیێنراوە، ئەم سیستەمە خۆبەڕێوەبەرە لە ساڵانی ڕابردووشدا زۆر چالاکیی دیکەی هەبووە، لەوانە کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزە و لافاو و...

لەو ڕاگەیێنراوەدا لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕاگەیێنراوی ٨٠٠ کەسەکەدا گوتراوە، هەم شێوازی دەربڕین و هەم ناوەڕۆکی ڕاگەیێنراوەکەش پەنای بردووەتە بەر هەمان چەکە کۆن و بێزارکەرەکەی (تۆمەتبارکردن بە) جیاوازیخوازی و (بیانووی) پاراستنی یەکپارچەیی خاک، لەکاتێکدا ئێمە چاوەڕوانییەکی دیکەمان لەو کەسانە هەبوو کە نازناوی مامۆستای زانکۆ و چالاکی کولتووری و ڕۆشنبیری و نووسەریان هەڵگرتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاڤا میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی نیسانی ٢٠٢٥

---



سەرچاوە Serchawe

## بەردەوامیی حەماسەخولقاندنی خاکیپۆشانی ڕۆژهەڵات لە نەورۆزی خاکیپۆشاندا



**کوردستان میدیا**

لە سەرجەم شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەورۆزی خاکیپۆشان بەردەوامە و زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکی کوردستان بە جلوبەرگی خاکی، هەوری و جامانەوە بە پێشوازیی نەورۆزی خاکیپۆشانەوە چوون.

لە شارەکانی؛ ورمێ، مەریوان، پیرانشار، شنۆ، سەردەشت، نەغەدە، سەقز، سەرپێڵی زەهاو، بۆکان، ئیلام، مەهاباد و دیواندەرە نەورۆزی خاکیپۆشان بە گڕ و تینێکی زۆرە لەلایەن نیشتمانپەروەران و خەڵکی تینوونی ئازادییەوە بەڕێوە چوو.
لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە شاری ورمێی مەڵبەندی عەگیدان و مێرخاسان، بە بەشداریی زیاتر لە ١٥٠ هەزار کچ و کوڕی سەوداسەری ئازادی، نەورۆزی خاکیپۆشان بەڕێوە چوو و لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەیان لە دیرۆکی ئەو دەڤەرەدا تۆمار کرد .
لەو ڕێوڕەسمە بەشکۆیەدا ستران و سروودی نەتەوەیی و حەماسی بڵاو بوویەوە.

هەروەها لە سەیرانگەی مەنجەڵی ئیلامی دێرین و سەربەرز، ڕێوڕەسمی نەورۆزی خاکیپۆشان لەنێو جۆش و خرۆشی کچانی هەوری لەبەر و جامانە لەمل و کوڕانی ئازای خاکیپۆش بەڕێوە چوو، شایی و هەڵپەڕکێی لاوان، ژنان و پیاوان

حەماسەتێکی دیکەی بەو ڕێوڕەسمە دا.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمانەدا لە ئاوایی قەڵاواری سەرپێڵی زەهاوی کرماشانی هەردەم خۆڕاگرەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاگری نەورۆزی ٢٧٢٥ی کوردی بە دەستی کوڕان و کچانی ئەو دەڤەرە دڵڕفێنەوە کرایەوە و بانگی ئازادی و سەربەستییان بە گوێی سروشت و نیشتماندا دا.

هەروەها لە شاری سەقزی شەهید ژینا و مەکۆی دێموکراتەوە لە ئاواییەکانی قەڵاکۆن و چاخلوو، هاوشێوەی شارۆچکەی ساحێو، ڕێوڕەسمی هەزاران کەسیی نەورۆزی خاکیپۆشان بەڕێوە چوو کە زایەڵەی سروودە نیشتمانی و دروشمە نەتەوەییەکانی "داگیرکەری ئێرانی، تۆ قاتڵی ژینامانی"، "ژینی ژێردەستیم ناوێ، دەوڵەتی کوردیم دەوێ" و "قاسملوو، قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە" جارێکی تر داگیرکەرانیان لە ئاستی بوێریان زەبوون کرد.

هەروەها لە شاری نەغەدەی شۆڕشگێڕان و ئاوایی قاڕنێی شەهیدەوە نەورۆزی خاکیپۆشان بەوپەڕی شکۆ و مەزنییەوە و لەنێو ئاپۆڕای خاکیپۆشان و هەوری لەبەرانەوە ئاگری نەورۆزی کوردان کرایەوە و نەورۆزی کوردەوارییان کردە دەرفەتێک بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەران و مەشخەڵی ئازادی و ڕزگارییان کردە شەوچرای ڕێگای ڕوونی ئازادی.

نەورۆزی خاکیپۆشان لە بێورانی سەردەشتی هەردەم لە سەنگەر و سیسێری خاکیپۆش و جامانە لەملەوە بەوپەڕی گڕ و تین و لەنێو زەریای نیشتماندۆستی و پێشمەرگەخۆشەوسیتییەوە بەڕێوە چوو، سەدان کوڕ و کچی تینووی ئازادی بەشداری ئەو ڕێوەسمە نەتەوەییە بوون.

هەر لە سەردەشتەوە و لە ئاوایی دۆڵەگەرمەوە ئاگری نەورۆزی خاکیپۆشان بە دەستی دایکی شەهید ئازاد ئاڵییەوە کرایەوە و خەڵکی بە ئەمەگی سەردەشت بەو شێوەیە ڕێزیان لە شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان گرت.

لە شارۆچکەی کانیسووری بانەی مەڵبەندی سەربەرزان و خەباتگێڕانەوە نەورۆزی خاکیپۆشان بە گەڕی هەڵپەڕکێ و شایی دایکانی ڕووسووری ئەو مەڵبەندە و کوڕان و کچانی ئازادیخوازەوە نەورۆزی ئەو ساڵەشیان پیرۆز کرد.

هەروەها لە گوندی سەردۆشی مەریوانی خاکیپۆشانەوە، کچانی هەوری لەبەر و کۆڕانی خاکیپۆش، بە دروشمی "بژی حیزبی دێموکرات، پێشەنگی ڕێگەی خەبات" و "قاسملوو قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە" نەورۆزی خاکیپۆشانیان بەرز ڕاگرت و سەلماندیان لە هەموو دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن هەتا هاواری ڕزگاریخوازی و شوناسی نەتەوەیی خۆیان بە گوێی



سەرچاوە
Serchawe

داگیرکەران بگەیەنن و زریکەی نەیارانی خۆیان لەنێو زەریای خاکیپۆشیدا نوقم بکەن.

هەروەها لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە کێوەڕەش، وشتەپە و حوسێن ئابادی بۆکانی چەقی خەبات و ئازایەتییەوە گڕی ئاگری گەشاوەی نەورۆزی خاکیپۆشانیان بە دروشمی "قاسملوو قاسملوو، ڕێگەت درێژەی هەیە ڕازاندەوە و گۆڕەپانی نەورۆز لەژێر پێی خاکیپۆشان و هەروری لەبەراندا دەلەرایەوە.

ئەمجارە لە ئاوایی ئەندێزێی پیرانشاری لانکەی شۆڕش و پێشمەرگەوە، لاوانی گەلخۆشەویست و پێشمەرگەدۆستی ئەندێزێ بە بەشداریی گەرم و بەتینیانەوە لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەیان لەنێو کارنامەی خەبات و نیشتمانپەروەرییاندا تۆمار کرد.
لە کۆسەکەرێز و گوێکتەپەی مەهابادی قارزییەکان و شاری خرۆشاوی دێموکراتپەروەرەوە، هاواری قاسملوو، قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە و دێموکرات دێموکرات پێشەگی ڕێگەی خەبات، بۆن و بەرامەی کۆماری کوردستانیان بە نەورۆزی خاکیپۆشان دا و کوڕانی ڕێبازی پێشەوا و کچانی ڕووسووری مەڵبەندی دێموکرات بە ئاگری نەورۆزی ئەمساڵیان گڕیان لە گیانی داگیرکەرانی کوردستان بەردا.

لە شاری دێموکراتپەروەر و پێشمەرگەدۆستی ئاوایی ئاڵیاوێی شنۆی شاری شەهیدان و پێشمەرگە بە سەمای جامانە و هەوری لەلایەن خاکیپۆشانەوە یادی نەورۆزی کوردان بەرز ڕاگیرا و دڵی داگیرکەرانیان وەلەرزە خست.

هەتا ئێستا بە دەیان ڕێوڕەسمی سەدان هەزار کەسیی نەورۆزی خاکیپۆشانی ٢٧٢٥ی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شکۆیەکی لەڕادەبەدەرەوە بەڕێوە چووە و خەڵکی تینووی ئازادی و سەربەستیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو دەیان جاری دیکە ڕێفراندۆمێکی "نا"ی دیکەیان بە گوێی ڕێژیمی دیکتاتۆری تاراندا چپاند و سەرترۆپکی نەورۆزی ئەمساڵ دروشمی بژی "حیزبی دێموکرات پێشەنگی ڕێگەی خەبات و قاسملوو قاسملوو، ڕێگەت درێژەی هەیە" بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# سپاسنامەی شورای فەرهەنگیی بۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**کوردستان میدیا**

**خەڵکی خۆشەویستی کوردستان!**
**کچان و کوڕانی نیشتمان، شۆڕەسوارانی ڕێگەی شوناس!**
**هاونیشتمانانی هێژا!**

به هیمەت و بەشداریی بێوێنەتان نەورۆزی ئەمساڵتان کردە گۆڕەپانێک بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی شوناس و وەرگرتنەوەی مافی ژیانی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی.

بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە ماکۆوە تاکوو ئیلام و ناوچە کوردنشینەکانی وەک قەزوێن و خوراسان و تاران بوو بە هێمای یەکگرتوویی، بەردەوامیی خەبات و خۆڕاگرییە لە بەرامبەر هەڵاواردن و نایەکسانی.

بەشداریی بەربڵاو و بە جۆش و خرۆشی ئێوە خەڵکی نەترس و ئازا لە مەراسیمەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا بە جل و بەرگی

کوردی و خاکییەوە تەنیا بۆ ئاهەنگێکی سادە نەبووە و نییە، بەڵکو ئەم ئامادەبوونە بەیاننامەی زیندووکردنەوەی بوون و داوای ماف و بەرەنگاربوونەوەی ئەو چەوساندنەوەیە کە لە سەر نەتەوەیی ئێمەیە.

کۆبوونەوەکانی نەورۆز بۆتە دەرفەتێک بۆ وەرگرتنەوەی ئەو فەزایانە و پێناسەکردنەوەی ناسنامەی بەکۆمەڵی کوردی ڕۆژهەڵات. ئامادە بوونی زۆرینەی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتی لاوان و ژنان لە ڕێورەسمەکاندا دەیسەلمێنێ کە ئەم نەتەوە هیچ کاتێک تا گەیشتن بە سەروەریی سیاسی ناوەستێت.

بەم بۆنە شکۆدارەوە سپاسی دەستەی بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵات لە پەیوەندی لە گەڵ گەڵاڵە دارشتن، تەداروکات، هەزینە و دیاری کردنی شوێنی گونجاو، چاوەدێری و نەزم و ئینزباتی بێ وێنەیان لە نەورۆزی ئەمساڵدا دەکەین.

**شورای فەرهەنگیی بۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

---



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیەندراوی شۆرای ڕێکخراوە مەدەنییەکانی مەریوان لەمەڕ ڕاگەیەندراوی ٨٠٠ بەناو هونەرمەند و ڕووناکبیری ئێرانی




**کوردستان میدیا**

ناوەندی فەرهەنگی ـ هونەریی ڤەژین، ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی مەریوان، ئەنجومەنی سەرزی چیا، ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ زانستیی ڕۆنان، کانوون سڵامەتیی ژین و ئەنجومەنی ئەدەبیی ڕۆجیار لە دووتوێی ڕاگەیەندراوێکدا بەرپەرچی ڕاگەیەندراوە شۆڤێنیستانەکەی ٨٠٠ بەناو ڕووناکبیر و هونەرمەندی ئێران بەنیسبەت نکۆڵی لە نەتەوەییبوونی بۆنەی نەورۆزی کوردەوارییان دایەوە.

لە بەشێکی ئەو ڕاگەیەندراوەدا نووسراوە: "نەورۆزی ئەمساڵ ئاکامی گەشە و خەملینی بیری شوناسخوازانەی نەتەوەیەکە کە چیتر نایەوێت پەراوێز بێت. بۆیە شێلگیرانە و بوێرانە، بە مەبەستی ئافراندنی کۆمەڵگایەکی واتادار ڕاڤەی بنەماکانی بوونی خۆی دەکات. کۆمەڵگایەک کە هەڵگری هەموو توخمە سەرەکییەکانی سەروەری بێت. بۆ ئەم مەبەستە ئیرادەی کۆی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕێگای بەمانادارکردنی کردارێکی ڕۆژانەی تاکی کوردەوە، نەورۆز دەکات بە بۆنەیەکی بووناسانە لە پێناو زەقکردنەوەی سنووری نێوان "خۆی" و "ئەوی تر"."

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕاگەیەندراوەدا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەی وەها بیرکردنەوەیەکی شۆڤێنیزمی و فاشیزمیدا هاتووە: "دەوڵەت-نەتەوەی ئێران بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ لەسەر بنەمای ئیتنیکی فارس بیچمی گرتووە و جۆرێکی تایبەت لە ناوەندگەرایی زمانی و ئیتنیکی سیمای ئەم دەوڵەتەیە و ئێران تەنیا وەک کراسێک کراوە بە بەری ئەم دوو شتەدا. لەم دەلاقەوە فۆرمێک لە ناوەند - پەراوێز دێتە ئاراوە کە هەرچەشنە کردەوەیەکی کۆمەڵگە پەراوێزەکان وەک "منازعات قومی" و "تجزیه طلبی" خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. لێرەدایە کە ئیرادەی بوونناسانەی کوردستان لە نەورۆزدا دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئەو ناوەندگەراییە هێژمۆنیکە و هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کە خاڵی هاوبەشیان ناسیۆناڵیزمی ئێرانییە."

بەشی کۆتایی ئەو ڕاگەیەندراوە تەرخان کراوە بەوەی کە "ئێمە وەک ناوەندی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی مەریوان باوەڕی تەواومان بە پلۆراڵیزمی نەتەوەیی، زمانی و جوغرافی هەیە، و پێمان وایە مەرجی پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی نەتەوەکان، باوەڕمەندی بە بنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سیاسی، مافی هاوڵاتیبوون، عەدالەتی ئابووری، زمانی و فەرهەنگییە. بۆ ئەم ئامانجە پێویستە لە بەر ڕۆشنایی چەمکی "ماف" ی بێ مەرج و بەرانبەری ڕەگەزی و زمانی، کار بۆ چێکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ ئێستا و داهاتوومان بکەین."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

# هەوڵی نەزۆکی ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی دژەکوردی کۆماری ئیسلامی بۆ نانەوەی دووبەرەکی لە ئیلام



**کوردستان میدیا**

لە کاتێکدا کە خەڵکی "خزڵ" و "مەلەکشایی" لە ئیلام بە یەکگرتوویی و ئاگاییەوە ڕێوڕەسمی نەورۆزی کارزانیان بەڕێوە برد؛ بەڵگە و نیشانەکان پێمان دەڵێن کە ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم هەوڵیان داوە کە بە دروستکردنی شەڕی ڕەوانی، ئەم یەکگرتووییەوە تووشی ئاستەنگ بکەن و ناتەبایی بخەنە ناوچەکەوە.

ڕێوڕەسمی نەورۆزی کارزان کە لە ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەدا بەڕێوە چوو، وڵامێکی فەرهەنگی و سیاسی بە بەیاننامەی فاشیستیی ناسراو بە "٨٠٠ واژۆ" بوو؛ بەم حاڵەوە کۆماری ئیسلامی کە ساڵانێکە لە گەشە و ئاگایی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دەترسێت، ئەمجارەش بە شێوەی هەمیشەیی خۆی واتە هەڕەشە، دووبەرەکی نانەوە و هاندانی ڕاستەوخۆ هەوڵی تێکدانی ڕێوڕەسمەکەی دا.

لە قۆناغی یەکەمدا، ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لە چالاکانی فەرهەنگیی "خزڵ" هەوڵیان دا

پێش بە بەرێوەچوونی ڕێورەسمەکە بگرن؛ بەڵام ئەم هەڕەشانە نەیانتوانی کاریگەرییان لەسەر بەرێوەبەرانی ڕێورەسمەکە هەبێ.

لە کردەوەیەکی هاواهەنگدا، ژوورە فکرییەکانی سپا بە بڵاوکردنەوەی دەنگۆ لە ناوچەی کارزان، ڕای گشتییان کردە ئامانج تاکوو بێمتمانەیی دروس بکەن و ڕێک لە ڕۆژی جێژنەکەدا، کەسێکی بەدناو و سەر بە ناوەندە ئەمنییەتییەکان کە پێشینەی فرۆشتنی ماددەی هۆشبەری بووە، لەگەڵ گرووپێک لە لاوانی مەلەکشایی دەرگیر بوو تاکوو ڕێورەسمەکە تێک بدات.

ڕێژیم نەیتوانی بە هەڕەشە و بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ناڕاست پێش بە بەرێوەچوونی ڕێورەسمەکە بگرێ، بە هاندانی هەندێ کەسی ناوشیار هەوڵی دروستکردنی بشێوبی لە نێوان دوو تایفەی "خزڵ" و "مەلەکشایی" دا. بەڵام جارێکی دیکە ئەوە خەڵک بوون کە بە وشیاری و یەکگرتوویی هەوڵەکانی ڕێژیمیان پووچەڵ کردنەوە.

شۆرای فەرهەنگیی ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک وێڕای مەحکوومکردنی ئەم هەوڵانە، داوای لە چالاکانی فەرهەنگی کرد تاکوو لەمبارەوە زانیاریی دروست بدەن و هەروەها داوای لە دوو تایفەی "خزڵ" و "مەلەکشایی" کرد کە بە ڕاگرتنی یەکیەتیی و پێشگرتن لە هەر جۆرە هاندانێک، لە بەرانبەر ڕێژیمێک بوەستنەوە کە مانەوەی خۆی لە بشێوی و ناتەباییدا دەبینێ.

ئەم شۆرایە هەروەها ڕایگەیاند: دووبەرەکی نانەوە لە نێوان تایفەکانی کورد، یارییەکە لە مەیدانی دوژمندا. ڕێژیمی فێڵبازی کۆماری ئیسلامی کە لەباری سیاسییەوە دۆخی نالەبارە بە کەڵکئاوەژووەرگرتن لە هەر دەرفەتێک بۆ لێدان لە یەکگروویی کورد هەوڵ دەدات.

ئەم شۆرایە داوای لە چالاکانی فەرهەنگی کردووە تاکوو بە ڕۆشنگەری و گەیاندنی زانیاری، پێش بە بەردەوامیی ئەم سێناریۆ ئەمنییەتییانە بگرن و داوای لە خەڵک کرد سەبارەت بە هەر چەشنە هاندان و دەنگۆیەک وشیار بن.

لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانی ڕەوایی لە ئاستی نەتەوەیی و ناوچەییدا بەرەوڕووە، یەکگرتوویی نەتەوەی کورد گەورەترین کێشەی ئەم ڕێژیمە دەبێ کە مانەوەی خۆی بە دووبەرەکیی نێووان خەڵکەوە گرێ داوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# بەڕێوەچوونی ئاهەنگی نەورۆز لە شار و ناوچەکانی کوردستان سەرەڕای ڕێگریی هێزەکانی ڕێژیم



**کوردستان میدیا**

لە درێـژەی بەڕێوەچـوونی ئـاهەنگی نەورۆز کە ئەمسـاڵ بە نەورۆزی خاکیپۆشـان نـاودێر کـراوە، خەڵکـی نیشـتمانپەروەر و بەهەڵوێستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای بەربەست و ئاستەنگەکانی هێزەکـانی ڕێژیمـی ئێران، بە شیوەیەکی پڕشکۆ ئاگری نەورۆزیان کردەوە و ئاهەنگیان گێڕا.

ڕۆژی هەینـی ٢٤ی ڕەشـەمە، لە شارۆچکەی سـاحێب و کێـوی جاقـل لە سـەقز، دەرەدرێـژی کرماشـان، گونـدی خـولەکەوش لە ناوچەی گەهـوارە سـەر بە شـاری داڵاهـۆ لە کرماشـان و شـنۆ، خەڵکـی خـاکیپۆش و جامـانە لەمل نەورۆزی خاکیپۆشـانیان بە شێوەیەکی نیشتمانی و جەماوەری بەڕێوە برد.

خاکیپۆشـانی پـڕ لەهەسـت لە کێـوی جاقـل لە سـەقز، بە دەربڕینـی دروشـمی نەتەوەیـی و حیزبـی، نەورۆزیـان وەک پەرچەکردارێک دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەکار هێنا و دڵی دوژمنیان وەلەرزە خست.

لە شارۆچکەی ساحێب ئاهەنگی نەورۆز بە شێوەیەکی بەرین و جەماوەری لەلایەن خەڵکی نیشتمانپەرەوەر و دڵسۆزەوە بەڕێوە چوو کە شکۆیەکی تایبەتیان بەو بۆنەوە بەخشی.

لەو پێوەندییەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شارەکانی کرماشان، شنۆ، بۆکان و سەقز هەوڵییان دا لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە نەورۆز ڕێگری بکەن. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە چەکی نیوەقورسی وەکوو دۆشکا، لە ڕێگای چوونەژوورەوەی گوندی "سینگان"ی شاری شنۆ بە ئامانجی ڕێگری لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز خاڵی پشکنینیان ساز کرد.

هەروەها هێزەکانی سپا و هێزە ئینتزامییەکان بە پشکنین، بڵاوەپێکردنی ئامادەبووان و جێگیربوون لە دوو گوندی "کانی سۆرک" و تەپەی "قەڵاتووک" ڕێگرییان لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە "تاچیناوێ"ی شنۆ کرد کە لە ئاکامدا تێکهەڵچوونی هێزە ئەمنییەکان و خەڵکی ناڕازییانی لێکەوتەوە و هێندێک لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم چەک کران.

لە شاری بۆکان ڕۆیشتنی هاووڵاتییان بۆ کێوی"تەرەغە"، شوێنی دیاریکراوی بەڕێوەچوونی نەورۆز، لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە قەدەغە کرا و لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەورۆز ڕێگری کرا.

لە لایەکی دیکەوە، دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی هێزەکانی ڕێژیم بەمەبەستی ڕێگری لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز، لە شاری دەرەدرێژی کرماشان جێگیر بوون کە ئەو ڕێوڕەسمە لە ئاکامدا سەرەڕای ڕێگرییەکان، بەڕێوە چوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = جوولای ٢٠٢٥ی زایینی**



سەرچاوە Serchawe




# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتوویژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**




سەرچاوە
Serchawe